چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٣٨) دوو شەممە ٢٠٠٥/٧/٢٥

د. بەرهەم ساڵح لەوەڵامی پرسیاری مەترسی سەر کوردستان چییە؟

لەوەڵامی پرسیاری تایبەتی (چاودێر)داکەلەم هەلومەرجەداگەورەترین مەترسی لەسەرکورد چییە؟ د. بەرهەم ساڵح وتی: دوو مەترسی گەورە لەم هەلومەرجەدا لەسەرگەلەکەمان دەبینم:

یەکەمیان: ئەو هەوڵانەیە کەبۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی لەعێراقدا، دەدرێتو دەویسترێت دەوڵەتەکەش لەسەر بناغەی (عروبە) دابمەزرێتەوە. ئەمەش زۆر مەترسی هەیە. لەمیاندا جگەلە هێزی سوننە، لایەنی شیعەش هەیە هەمان بیرکردنەوەی هەیە.

دووەمیان: رازی نەبوونی زۆربەی هێزە عێراقیەکانە کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان. بەداخەوە کەئەم مافەڕەوایەی گەلی کوردستان، دژایەتی ئاشکرا دەکرێتو ئەمەش ناڕەواییەکی ئاشکرایە دەرهەق بەمافێکی مێژوویی و دیموکراسی گەلەکەمان. ئەو دوو مەترسییە هەتا نزیک دەکەوینەوە لەنوسینی دەستور، زەقتر رووبەڕوومان دەبێتەوە.■

لەبەرامبەر تیرۆردا؛
یاسای بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی تیرۆر، پێویستە

یاسایەکی کوردستانی دژی تیرۆر

تیرۆریزمو تیرۆریستان، لەمێژ ساڵە جەستەو عەقڵو هۆشی مرۆڤ، لەمنداڵەوە بۆ بەساڵاچوو، تیرۆر دەکەن. تیرۆری ئەقڵو تیرۆری پەروەردەی منداڵی کوردو کچان، زۆر کاریگەرترو زیانبەخشترە لەتیرۆری جەستەی ئازادیخوازان. ئەگەر لەهەموو بوارێکی ژیاندا منداڵو تازە پێشگەیشتوو نەوەی پاشەڕۆژ بن، بۆ تیرۆریستانیش هەروایە. منداڵ نەوەی تیرۆری جەستەو هۆشن!

کاتێک لەحوجرەدا، یان لەژوورە داخراوەکانی مزگەوتو ماڵاندا، هەزاران منداڵی کچو کور، کەشو هەوایەکی ئایینیو مەزهەبیو رۆحی، سیخناخ لەترسو دەق پەرستیو رێژەی نەگۆڕی حوکمەکانی دەقیان بۆ دەخوڵقێنن و لێوان لێو گۆشیان دەکرێت بەئەندێشەکانی تاک فەلسەفەو تاک عەقیدەو تاک چارەنوس، ئیتر ئەم هەزاران منداڵە چۆن گەورە ببن بەشێوەیەکی گشتی خێری زانستو خێری ئەقڵو پێشکەوتن بۆ گەلەکەیان دەدەنەوە. چۆن چۆنیش رەگەزەکانی تیرۆرو سڕینەوەی بیروڕاو عەقیدەو فەلسەفەی ئازاد لەناخیاندا رۆناچێت.

لەم روانگەیەوە، قسەو بۆچونەکان تازە دادی هیچ لایەک نادەن. رۆژانە تیرۆر نەک کوردستان بەڵکو جیهان رادەچڵەکێنێت. چ تیرۆری جەستەو چ تیرۆری عەقڵو بیرو هۆش. بۆیە، ئیتر دەبێت رووبەڕووبونەوە لەگەڵ تیرۆر بخرێتە ئاستە پێویستە هاوچەرخەکان. ئەویش ئاستی یاسایی تەحریمکردنی تیرۆری جەستەو هۆشە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، بەهەموو لایەنەکانیانەوە، لە پێشو پاش راپەرینەوە هەڵەی گەورەیان بەرامبەر سەرچاوەکانی تیرۆرو ئەنجامدەرانی تیرۆر کردووە. ئەو خەمساردییەی بەرامبەر تیرۆریستانی ئەقڵو جەستە لەکوردستاندا پەیرەوکراوە، هەرگەلی کوردستانو کۆمەڵی وەکو کوردەواری بەرگەی گرتووە، ئەگینا دەبوو دەیان شوێنی وەکو هەڵەبجەو بیارەو خورماڵمان لێ قووت بکەنەوە. ئەوەی چوو، چوو. هەقوایە نەچووە بچێ!

کاتێتی.. پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی شارستانیو مەدەنی رۆشن بۆ چۆنیەتی بنەبڕکردنی تیرۆر داڕێژێت. ئەم یاسایە دەبێت:

سەرچاوەی ئەندێشەی تیرۆر، سەرچاوەی دارایی تیرۆر، سەرچاوەی پەیوەندی تیرۆر، سەرچاوەی پەروەردەی تیرۆر، سەرچاوەی پروپاگەندەی تیرۆر، بەیاسای دیموکراسیو مەدەنیو فەلسەفەیحوکمرانی سەردەم، قەدەغە بکات. دوای ئەمەش ئەم یاسایە، بوار بوار پەیگیری تیرۆرو تیرۆریستان بکاتو لەهەر شوێنێک پێویستە، یاساکە وەکو خۆی، بەبێ زیادەڕۆیی، وەکو یاسایەک بۆ بنەبڕکردنی تاوانی تیرۆر.. بەهەموو رەهەندەکانیەوە، جێبەجێ بکرێت. ئەگینا، هەوڵەکانی دیکە، تیرۆریان پێ بنەبڕ ناکرێت.. بەڵکو تیرۆری جەستەو هۆش، کەتنو کارەساتی چاوەڕوان نەکراوتریان پێیە!!■

ئاسایشی چەمچەماڵ ٢٥ تیرۆریست دەگرن

لەهەڵمەتێکی بوێرانەی، ئاسایشو پۆلیسی، چەمچەماڵ، دوای ئەوەی بیستو پێنج تیرۆریست، لەنێوان گوندی نەورۆزو ناوچەی قەرەحەسەن کەبەمەبەستی کاری تیرۆریستی، کۆدەبونەوە، کاتێ ئاسایشو پۆلیس، بەپێی هەواڵەکانی هەواڵگری. شوێنەکانیان دەست نیشان دەکەنو لەهەڵمەتێکدا هەر بیستو پێنجیان دەسگیر دەکەن، کە ٢٣ کەسیان کوردو دوانەکەی تریش عەرەبن.■

تیرۆرو راچڵەکینی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانو هەڵوێستی پەرلەمان

دوای ئاشکرابوونی گروپە هەرە تاوانبارەکەی (شێخ زانا) کەسەر بە پشتیوانانی ئیسلامو (القاعیدە)ن، جگەلەوەی رای گشتی کوردستان سەرسام بووە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش لەبەرامبەر تیرۆرو کانگای بەرهەم هێنانی ئەندێشەو ئەقڵیەتی تیرۆر راچڵەکیون. ئێستا هەموو هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانو لایەنە عەلمانیەکان، کاردانەوەی سیاسی ئاشکرایان هەیە.

(چاودێر) ئاگادارە کەلەناو سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا، مشتومڕێکی باش لەسەر هەڵوێستی راستو دروست بەرامبەر تیرۆرو ئەو سەرچاوانەی ئەقڵیەتی تیرۆر بەرهەم دەهێنن، تاوتوێ دەکرێت. ئەم مەسەلەیە، لەژێر فشاری رای گشتی گەلەکەمانو هێزە سیاسییەکانیو مەترسی دوبارە بونەوەی ئەوتاوانانە، پێ دەچێت گفتوگۆی لەسەرناخرێتەناو پەرلەمانو هەتا چوارچێوەی یاسایی بۆ مەترسیەکانی تیرۆر دابنرێت. لەم مەسەلەیەش، نوێنەرانی یەکێتیو پارتی، پشتیوانی دەکەن.■

لیستی ئیئتیلافی عێراق بەپرۆژەیەکی دەستوری، بنچینە دەستوریەکان هەڵدەوەشێننەوە

مانگێک کەمتری ماوە گەڵاڵەی دەستوری تەواو بکرێت. بەڵام هێشتا نەک پرۆژەکە تەواو نەبووە، بەڵکو رۆژی (٢٠٠٥/٧/١٩) لیستی ئیئتیلافی عێراقی، پرۆژەیەکی نوێی لە (٨) لاپەرەی فولسکابو دوو (فصل)و (٦٩) مادە، پێشکەش کردووە.

ناوەرۆکی پرۆژەکە، لەناونیشانەوە بۆ ناوەرۆک، نەک هەر پێچەوانەی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقو، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو هەوڵانەی لیژنەی دەستوری پێکهێنراوی پەرلەمانی عێراقە، بەڵکو بەمەبەست، لەکۆتایی رۆژانی تەواوکردنی گەڵاڵەی دەستوریەکە، لەنەجەفدا رێکخراوی (شەهید میحراب) کۆنگرەیان بەستو لەکۆنگرەکەشدا، کۆمەڵێک بنچینەو بڕیاری سیاسی شیعەگەرایان بۆ دەستورێکی (ئیسلامی - شیعە) پەسەند کردووە، کەلایەنی کەمی پرنسیپی دیموکراسیو فەلسەفە هاوچەرخەکانی حوکمرانی تیادا رەچاوکراوە.

لەم پرۆژەییەی لیستی ئیئتیلافیدا، جگەلەوەی مافی فیدراڵی لەسەر بنچینەی جوگرافیو سیاسی گەلی کوردستان خراوەتە تەمومژی مەزهەبییەوە، بەڵکو مەزهەبی شیعەو مەرجەعیەتی شیعەو ئاراستە سیاسیو مەزهەبیەکانی شیعەش لەزۆربەی (فصل - رشتە)و بەندەکانی پرۆژەکەدا، رەنگی داوەتەوە. ئەمە جگەلەوەی دەستورەکە خراوەتە چوارچێوەی تەسکی ئیسلامی - مەزهەبیەوە. لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیە پێچەوانەی هەوڵەکانی لیژنەی دەستوریو بیرورا پەسەندکراوەکانی لیژنەی پشتیوانی دەستوری پەرلەمانی کوردستانو یەکێتیو پارتییە. بۆئەوەی هەموو هاوڵاتیەکی کوردستان ئاگاداری وردو درشتی پرۆژەو جیاوازیەکان بێت، (چاودێر) بەگرنگی دەزانێت هەردوو پرۆژەکە بڵاوبکاتەوە. هەتاهەموو پەرۆشێک کەپەرۆشی مافە دەستوریەکانە، بەراوردێک لەنێوان هەردوو پرۆژەکەدا بکاتو هەڵوێستی خۆیشی وەک تاک و کۆ، دەربڕێت.

شایەنی باسە، پرۆژەکەی کوردستان تەنها ئەو بنچینە دەستوریانەیە کەبەگشتیو بەتایبەتی پەیوەندییان بەکوردستانەوە هەیە. بڕیاریشە سەرجەم، وەکو پرۆژەیەکی دەستوری عێراقو کوردستان، لەم دوو رۆژەدا پێشکەش بکرێتە لیژنەی دەستوری.■

سەرۆکی ئەنجومەنی کەرکوک داوای: (١٢٥) ملیۆن دۆلارو سجلاتی نفوسو گۆڕینی نوسینگەی هەڵبژاردن دەکات

لەنامەیەکی تایبەتیدا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، رزگار عەلی حەمەجان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی رۆژی (٧/١٥) لە (٧) داخوازی داوا دەکات، لەوانە:

- لەپێکهاتەو کارمەندانو بەرپرسانی نوسینگەی کەرکوکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، گۆڕانکاری بکرێت.
- لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) کارا بکرێت.
- وەزارەتەکانی عێراق بەئارەزوو فەرمانبەر لەکەرکوکدا دانەمەزرێنن.
- گواستنەوەی ئیدارەی مامۆستایانی خوێندنگەی کوردی لەکەرکوک لەکوردستانەوە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردەی عێراق.

هەروا.. داوا دەکات (١٢٥) ملیۆن دۆلاری بڕیار لێدراو لەبەغداد بۆ کەرکوک، چیدی دوانەخرێتو سەرف بکرێت. گەرچی زیاتر لە (٦) مانگیشی بەسەردا تێپەڕیووە.■

یەکێتیو پارتی.. لەکۆبونەوەی داخراویاندا، چ پەیمانێکیان بەیەک داوە

رۆژی (٧/١٨) دواکۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسیو لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی، سازدرا. لەکۆبونەوەکەدا دوا هەڵوێستی ئەمریکاو لایەنە سیاسیەکانی عێراقو کێشەو بێشەکانی دەستور، مادەی (٥٨)، مەترسیەکانی تیرۆرو شێوەی هەڵبژاردنی ئاینده تاوتوێکران. لەسەر کێشە دەستوریەکان نەوشیروان مستەفا لەکۆبونەوەکەدا بەناوی یەکێتیەوە گوتویەتی:

کاک مەسعود.. جەنابت سەرۆکی هەرێمیت، مەسئولیەتێکی گەورەت لەسەرشانە. نابێت دەستورێک لەعێراقدا بنوسرێتو مافەکانمان دابین نەکەین. من دڵنیاتان دەکەم کەهەموومان لەم شەڕەدا پشتانینو ئێوەش سەرکردایەتیمان بکەن. لەوەڵامدا بارزانی گوتویەتی: من ئامادەم ئەم شەڕە بکەمو سوپاستان دەکەم بۆ ئەو هەڵوێستە. چی پێویست بکات وا دەکەم.■

لیژنەی پشتیوانی دەستور لەبەغدا

دوێنێ یەکشەممە لیژنەی پشتیوانی دەستور لەگەڵ نوێنەری هەموو حزبە کوردستانیەکان لەناو پەرلەمان، گەیشتنە بەغدا بەمەبەستی پێشکەشکردنی پرۆژەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی بەغدا، وا بڕیارە لەڕۆژانی داهاتودا لەگەڵ گەیشتنی لیژنەیەکی پسپۆڕی دەستوری بیانی بۆ هاوکاری لیژنە کوردستانییەکە لەبەغدا دەسبکەن بەسەرداني لایەنەکانو باری سەرنجو پێشنیارەکانیان بدەن بەهەموو لایەک. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەشرەف قازی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەبەستی بەشداری پێکردنی سوننە لەداڕشتنی دەستووردا سەردانی د. فوئاد مەعسومی کردو ئەویش لای خۆیەوە پاش دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بەبەشداریکردنی سوننە، ئەوەی راگەیاندووە کە ئەگەر سوننە لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆیان سوربن ئەوا ئێمە ئەگەر توانیمان دەستوور لەکاتی خۆیدا تەواو بکەین ئەوا دەیخەینە بەردەم گەلی عێراق بۆ راپرسی. جێی ئاماژەیە کە ساڵح موتڵەگی سوننەگەرا، کوردی بەکوشتنی ئەو سێ کەسە سوننیەی دەستوور تاوانبار کردووە، بەڵام عەدنان جەنابی بە د. فوئادی راگەیاندبوو کە ئەمان کورد بەتاوانباری ئەم کردەوە تیرۆریستیە نازانن وئەم قسانەی ناوبراویشی بەڕای شەخسی لەقەڵەمدا. بڕیاریشە ئەمڕۆ سەعات ١٠ لیژنەی سەرکردایەتی دەستوور لەگەڵ سەفارەتی ئەمریکی کۆببنەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی داڕشتنی دەستوور.■

ئەمریکا: پارێزگای کەرکوک پارەی تەرخانکراوی بۆ سەرف ناکرێت

کێشەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر نوێنەری لایەنو تورکمانو عەرەب، هێشتا چارەسەر نەکراوەو جارێ بیروڕای جیاوازیشیان لەسەرە. ئەمریکاش لای مەبەستە کێشەکە بەشێوازێکی هاوسەنگ لەنێوان تێکرای لایەنەکاندا کۆتایی پێ بێت. لەدوا دانیشتنی نوێنەری ئەمریکاو بریتانیاش لەگەڵ یەکێتیو پارتی، جارێکی ترکێشەکە باسکراوەتەوە. نوێنەری ئەمریکا گوتویەتی:

هەتا ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێتو هەموو لایەک رازی نەبن، ناتوانین پارەی تەرخانکراو بۆ کەرکوک سەرف بکەین. لەمبارەیەوە، لەدوا کۆبونەوەی باڵای یەکێتیو پارتیدا، رێوشوێنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکە بڕیاردراوە.■

1- دەستور، لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا نانوسرێت!! ..... مەلا بەختیار

2- دیسان.. دواخستنی یەکخستنی حکومەتەکانی .... سەربەست کەریم

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)

رووداوە خوێناویەکانی رۆژهەڵات و بێدەنگی میدیاکانی باشوور

محەمەد ئیزەدی

کوردستان سەرانسەر - ل (٥)

چاودێر.. بۆ یەکەم جار لەم ژمارەیەدا هەردوو پرۆژەی لیستی ئیئتلافو لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بۆ دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراق لە لاپەڕە (٨-٩)دا بڵاودەکاتەوە

هەواڵو مەترسی

■ رفاندن و سەربڕین لە هەولێر

لەم شەوانەلەشاری هەولێردا، سێ کەس لەلایەن دەستێکی نادیارەوە دەرفێنرێن و پاش چەند رۆژێک تەرمی هەر سێکیان دوای سەربڕینیان بەشێوێنراوی لەنزیک شارۆچکەی کەلەک دەدۆزرێنەوە. لەلایەکی تر لە رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٨ دوو تەرمی تر لە شارۆچکەی (شاوێس) دەدۆزرێتەوە بەقسەی شاهێدێک لەسەر جەستەی یەکێک لە تەرمەکان نوسراوە (شێخ نەمردووە ماوە)، ئەم رووداوانە دەریدەخات کە هێشتا لە نموونەی گروپەکەی شێخ زانا دەست بەکارن و دەزگاکانی ئاسایش ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن.■

■ لەندەن و مەترسیەکانی تیرۆر

ئەو جۆرە مەترسیانە بۆ سەر وڵاتە زلهێزەکان، ئەوەندەی کاریگەری سایکۆلۆژی، ئابوری و تێکچونی باری کۆمەڵایەتی هەیە، هێندە ناتوانێت زیانی گەورەی گیانی پێ بگەیەنێت، چونکە لەهەچ ئەگەری هێرشێکی تیرۆریستی. هێندە بەئاگایانە، مامەڵە دەکەن، کەدرزی چونە ناوەیان ئاسان نابێت، بەڵام مەترسیەکانیان لەم قۆناغەدا.. گواستنەوەیەکی ترە، کەئەمیش بریتییە، لەتێکدانی باری سایکۆلۆژی هاوڵاتیان و ئینجا پەک خستنی، هۆکارەکانی هاتوچۆ. کەئەمەش، زیانێکی ئابوری گەورەی لێدەکەوێتەوە.■

■ میسرو.. درەنگ بەئاگا هاتن

میسر لەنێوەندی بازنە سیاسیو ململانێکاندا، هەمیشە چاوگەی چارەسەری کێشەکانی عەرەبیو ئەفریقی بووە، بەڵام نەرمی مامەڵەکردنو باش لێکنەدانەوەی ئیسلامی سیاسی لەم وڵاتەدا. بەڵام بێدەنگیو خەمساردی دەسەڵاتدارانی میسر. هێرشێکی تیرۆرستی گەورەی وەک شەرم ئەلشێخی لێدەکەوێتەوە. کەبوو بەهەژانێکی سیاسی گەورە بۆ سەرسەرجەم دەسەڵاتدارانی میسر، بەڵام ئەم سەرەتایی بەئاگاهاتنە، ئەگەر بەرنامەیەکی ستراتیژیو تۆکمەی نەبێت. بەدڵنیاییەوە گورزی گەورەتریان بەردەکەوێت، چونکە کنەکردنیان لەمیسر ئێجگار گەورەو فراوانە.■

ÇAWDÊR
THE OBSERVER
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (38) 25-7-2005

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
ناهید حوسێنی
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە
نوری؛ ئیبراهیم حسێن؛ لەیلا حەسەن پور

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠
نرخی: (٢٥٠) دینارە

هاوینی زەرد

خوێندنەوە:

حەمە هاشم



بەهۆی رەنگەکانەوە، قەرەباڵغیو گەرما هەست پێ دەکەین، رەنگە گەرمەکان سەرتاپای تابلۆکەیان داگیرکردووە، کوتلەو فیگەرەکانیش بەریتمێکی نەرمو هێمن، جوڵەیان دەبینرێت، ئەم تابلۆیە کاری هونەری، نیگارکێشی کورد (دلێر قەرەداخی)یە.

دلێر لەکارەکەیدا دەیەوێت ئەوکەشە گەرمەمان بۆ بگوازێتەوە کە هاوین دەیهێنێت، وەک ئەو دوورییەی کە بەهۆی رەنگو هێڵە کاڵەکانەوە بووە بەڕوانگەو لەچەقی تابلۆکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.. کە ئەمەش دەربڕی سەلیقەی هونەریو توانا ئیستاتیکیەکانی هونەرمەندە. زۆربەی هێڵە ستوونەکان، کە بوون بە (ئاوت لاین) هێڵی دەرەوەی کوتلەکان، گوزارشتن لەژیانێکی بەردەوام بەردەوامو بەرەنگار لەبەردەم کردارە سروشتیەکانی گەردوون، (گەرما) کە خۆی بێزارکارە بۆ مرۆڤ، هونەرمەند بەهۆی تەوژمی هێڵو رەنگو بۆشاییەکانەوە، ئەم هەڵوێستەی مرۆڤ بەهێزتر دەکات.

ئەم بەرهەمە هونەرییە بەهۆی رەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس ئەنجام دراوە، وەلە هەندێ شوێن جگە لە فڵچە بەکارهێنان، کەرەستەی دیکەش بۆ پڕکردنەوەو دانانی رەنگەکان کاری پێکراوە.

کە لە خزمەتی رواڵەتە جیاوازو فیگەرە سەرەکیەکاندایە، لەجۆری دەربڕینەی کە لەڕووبەڕووبونەوەی دوو ئافرەت هەست پێدەکرێت. رووبەڕووبونەوەیەک کە چەمکەکانی دژایەتیو ژیانی بەردەوامی تێدا دەخوێندرێتەوە.■

ژمارەیەکی نوێی گەلاوێژی نوێ

لەدوتوێی ١٤٠ لاپەڕەو لەبەرگێکی هونەری قەشەنگدا ژمارە (٣٧)ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) کە گۆڤارێکی ئەدەبیو روناکبیریەو بنکەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ لەشاری سلێمانی دەریدەکات، کەوتە بازاڕەوە. سەرنوسەری ئەم گۆڤارە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)و دەستەی نوسەرانەکەشی (سەلاح محەمەد، سامی هادی، محەمەد کەریم، کاوە حاجی عەزیز، محێدین مەحمود)ن. لەم ژمارەیەشدا چەندین بابەتی ئەدەبیو هونەریو روناکبیری هاتووە، ئەمە سەرەڕای لەخۆگرتنی بڕێکی زۆر لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان لەسەرجەم بوارەکانداو چەندین پارچە شیعری نوێو دیدارێکی هونەری لەگەڵ هونەرمەند (دیاری قەرەداغی)و شیعرێکی نوێی شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس) کە لەچلەی ماتەمینی (عوسمان شەیدا)ی شاعیری جوانەمەرگدا خوێنراوەتەوە.. دواتریش لەگەشتێکی روناکبیریدا کۆی هەواڵە روناکبیریەکانی ئەم ماوەیەی پاش دەرچوواندنی ژمارە ٣٦ تاکو ئێستا لەخۆ دەگرێت.■

(ڤیستا) تازەترین وێندۆزی مایکرۆسۆفت

لۆنگ هۆرن (long horren) نازناوی ئەو ویندۆزە نوێیەیە کەکۆمپانیای مایکرۆسۆفتی ئەمەریکی ئەم ساڵ ٢٠٠٥ بەرهەمی هێناوە، شایەنی باسە ماوەی نێوان ویندۆزی (XP)و (VISTA) زیاد لە پێنج ساڵ دەبێتو ئەمەش سەرکەوتنی ویندۆزی (XP) نیشان دەداتو لای کۆمپانیای ناوبراو جێگەی شانازیە. لەلێدوانێکیدا (براد گۆڵبێرگ)ی لێپرسراوی بەشی پەرەپێدانی بەرهەمەکانی مایکرۆسۆفت رایگەیاند: "ویندۆزی لۆنگ هۆرن بەوە دەناسرێت کە دەتوانێت جێگەی زۆرترین بڕی بەرنامە گرافیکیو دەنگیو ئینتەرنێتیەکانی کە وەک پرۆگرام دوای ویندۆز ناچار دەبێت دایانبەزێنێت، پێویست نەکاتو لەگەڵ دابەزاندنی ویندۆزەکەدا ئەوانیشی تێدابن"، لۆنگ هۆرن پەیمانی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی داوەتە بەرکارهێنەکانی کە بە (٩٠٪)ی بەکارهێنەرانی سیستەمە کۆمپیوتەریەکان لە جیهاندامەزەندە دەکرێت، شایەنی باسە ئەم پڕۆدەکتەی مایکرۆسۆفت لەناوەڕاستی مانگی سێپتەمبەر لەسەرانسەری دونیادا بەبڕی دوو سەد ملیۆن دلار ریکلامی فرۆشتنی بۆ دەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٠٦.■

Windows Vista
arriving 2006

ئاهووری شەشەم
شەریکی شعور

هێلکەی دوو زەردێنە

بە نیسبەت ئێرانەوە هێلکە دوو زەردێنەکەی جەعفەری ئەوەیە کە عێراقی بۆ بکات بە ئیسلامیو فیدراڵییەتەکەشی لێ بماشێتەوە. هێلکە دوو زەردێنەکەی دائیرەی مروریش بەلای سایەقی موخالیفەوە ئەوەیە کە هەم ئیجازە حیجز کراوەکەی بۆ بگەڕێنێتەوەو هەم سەیارە علوجە بێ دایکو باوکەکەشی بۆ بکات بە تەکسی. هێلکەی دوو زەردێنەی لوبنانیش بۆ ئەمریکا بە نەعلەتکردنی سوریاو سیلاحسز کردنی حیزبوڵڵایە. قۆنتەراتچی لای خۆشمان ئەو هێلکەیەی وەزارەت بە دوو زەردێنە ئەزانێت کە خراپترین بینای بە درێژترین مودەت لێ قبوڵ بفەرموێ. قەناعەتی عەرەبی سوننەش وایە کە هێلکە دوو زەردێنەکەی کورد نە باسی کەرکوکی تیایەو نە لە سەر مەسەلەی فیدراڵیزمیش خۆی سوور ئەکاتەوە. هێلکەی دووزەردێنەی وەستای لەبغیش لە تەصەوری ساحێب خانووی داماوا ئەوەیە کە هەم وەعدی مەزبوت بێتو هەم لە مەترەکارییەکەشا خاتری بگرێ. جۆرج بوشی لەمەڕخۆشمان بەو هێلکەیەی پاریس ئەڵێ دوو زەردێنە کە شەقێک لە یەکێتی ئەوروپا هەڵداتو سی چل هەزار عەسکەریش بنێرێتە فەللوجەو قائیم. کوردە حەیاتەکەش کە عەینەکێکی رەشیان کردۆتە چاوی ئەڵێت حکومەتی هەرێم نازانێ هێلکەی دوو زەردێنە بکات ئەگینا هەم کارەباکەمان مەعقول ئەبوو، عەیب نەبێ هەم ئاوەکەشمانو دانیشن بە خێر.■

ریکلام
www.futureiraq.org
لە دەستوردا یەکێتی و هیوا هەیە.
العراق
یەك نیشتیمانە، ئایندەیەکی گەش.

دەستور، لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا نانوسرێت!!

مەلا بەختیار

بریار وایە بۆ (٢٠٠٥/٨/١) گەڵاڵەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، کەبە (توافق)ی هەموو لایەنەکانی پەرلەمانی عێراق دەبێت ئامادە بکرێت، تەواو ببێت وبۆ (٨/١٥)یش پەرلەمان بیخاتە ناو پرۆسەی راپرسی. دەپرسین:

١- ئایە لیژنەی دەستوریی؛ بەشی زۆری ئەرکەکەی راپەراندووە؟

٢- ئایە شیعەگەرا، سوور نییە لەسەر داخوازییەکانی؟

٣- ئایە سوننیگەرا؛ پێ لەسەر داخوازییەکانیان داناگرن؟

٤- ئایە گەلی کوردستان؛ پاشەکشێ لەفیدراڵو کەرکوک دەکات؟

ئەو چوار پرسیارە، پرسیاری سەرەکی جەمسەرەکانی نوسینی دەستورەکەن. هەموو هەواڵەکان وادەگەیەنن کەوا لیژنەی دەستور، نەک بنچینەکانی دەستوری لەمەڕ رۆڵی ئایینو دەسەڵاتەکانو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان تەواو نەکردووە؛ بەڵکو کێشەکانیشیان ئاڵۆزاندووە. بۆئەوەی ساغیشبێتەوە کێشەکان چۆن ئاڵۆزاون، واچاکە بیروراکان لێک بدەینەوە.

لیژنەی دەستور، پێش ئەوەی سوننیگەراکانیش بێنە ناوی، لەنێوان شیعەو کورددا، مشتومڕی گەرم لەسەر فیدراڵ وکەرکوک وهێزی پێشمەرگە هەبوو. کە سوننیگەراکانیش قبوڵ کران، ئەمانیش لەروانگەیەکی دیکەوە مشتومڕە گەرمەکەیان جۆشداو ئاکام وای لێهات کە: بیرو بۆچونەکان لێک دوور کەوتنەوە. ئەمەش وای کرد، شیعەگەرا پرۆژەیەک پێشکەش بکاتو لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش، پرۆژەی تایبەتی پێشکەش بکات. سوننیگەراش لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان سورن.

لیستی ئیئتیلاف (شیعەگەرا) پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە کەتێکرا (١٠) رۆژ ماوەی کۆتایی نوسینی دەستورەکە ماوە. پرۆژەکە (کەلەم ژمارەیەی چاودێر بڵاودەکرێتەوە) سەراپا جیاوازە لەو بیروبۆچونانەی لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی عێراقدا هەیە. هەروا جیاوازیشە لەو بیروبۆچونانەی لەدوو مانگی رابردوودا لیژنەی دەستوری ساغیان کردۆتەوە. لەناوەوە بۆ ناوەرۆکی پرۆژەکە، لەگەڵ ناوو ناوەرۆکی پرۆژەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، جیاوازی زۆرو بنچینەیی تیایە. وەکو:

- پرۆژەی شیعەگەراکان.. پرۆژەیەکی سیاسیو مەزهەبیو تێکەڵ کردنی دەسەڵاتەکانو هەتا رادەیەکیش، کاریگەری ناسیۆنالیزمی عەرەبیو سەپاندنی مەرکەزیەتی یەکێتی عێراقی تیایە.

-پرۆژەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی.. پرۆژەیەکی دیموکراسی مۆدێرنی یەکالاکەرەوەی دەسەڵاتەکانە، دوورخستنەوەی ئایینو دەسەڵاتە (هێندەی توانراوە) پێداگرتنە لەسەر کوردستانیەتی هەرێمو کەرکوکی کوردستانو دیدی جیاوازە بۆ پێگەی عێراقو عەرەبی عێراق.. تاد.

- سوننیگەراش.. پرۆژەی نوسراویان هەتا ئێستا نییە، بەڵام پرۆژەی زارەکی پێشکەش کراویان، هی ئەمانیش سەراپا جیاوازە لە پرۆژەی شیعەگەراو کوردستان. لەپرۆژەی ئەماندا جگەلە مەزهەبگەراییو عەرەبچێتیو ئەندێشەی زەقی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کوردستانیەتی کەرکوک هەر ناسەلمێننو سرینەوەی ئاسەواری تەعریبیش قبوڵ ناکەن. جگەلەمانەش، ئەمانە لایەنگری پێکهێنانەوەی سوپای عێراقن لەچوارچێوەی قەبارەی رابردوویدا بەکەمێک چاکسازییەوە. لەمەش خراپتر، لایەنگری ئەوەشن بەعس بەکەمێک ریفۆرمو گۆڕینی دەموچاوی مەسئولەکانەوە، بێتەوە کایە.

- پرۆژەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی.. پرۆژەیەکی دیموکراسی مۆدێرنی یەکالاکەرەوەی دەسەڵاتەکانە، دوورخستنەوەی ئایینو دەسەڵاتە (هێندەی توانراوە) پێداگرتنە لەسەر کوردستانیەتی هەرێمو کەرکوکی کوردستانو دیدی جیاوازە بۆ پێگەی عێراقو عەرەبی عێراق

لەناو ئەو سێ کوچکەیەی پرۆژەی جیاوازی دەستوریدا، ئایە دەشێت بگەینە ئەو باوەرە کەلەم دوو هەفتەیەدا توانای گەڵاڵەکردنی دەستور، لەئارادا بێت؟ بێگومان لەباری لۆژیکەوە هەرچی چۆنێک لێک بدرێتەوە، ئەقڵ نایبرێت گەڵاڵەکە تەواو بکرێت. بەڵکو وا پێشبینی دەکرێت کەسەرەنجامی ناکۆکی بنچینەیی لەسەر بنچینەکانی دەستور، تەنگژەیەکی قوڵ رووبەرووی دەستور بێتەوە. ئەمەش هەڵبەتە وادەخوازێت نوسینی دەستور بەپێی یاسای بریار لێدراو بۆ شەش مانگ دوابخرێت. لێرەدا.. جێی خۆیەتی، وەبیر بخرێتەوە کەوا: لەبنەچەدا ناکۆکی لەنێوان کوردو شیعەو لەناو شیعەگەراکانیشدا، زۆرتر لەگەڵ رەوتی (شیعەگەرا - عروبگەرا)دا هەبوو. جیاوازیەکانیش، هەر لەدوای روخاندنی سەدامەوە لەسەر دەسەڵاتو شێوەی حوکمرانیو یاساکان دەرکەوتن. کاتێک یاسای کاتی بەرێوەبردنی عێراقیش دارێژرا، بەناکۆکیو ململانێیەکی دژوار ئەو یاسایە پەسەند کرا. بەڵکو زۆر ئەرک هەبوو لەیاساکەدا، بەشێکی دواخرا، بەشێکیشی بەنیوە چڵی چارەسەری بۆ دۆزرایەوە. بەشیشی تیادابوو سەبارەت بەلیستی کوردستانی سازشی لەسەر کرابوو. هەموو لایەکیش خۆی بۆ کاتی نوسینی دەستور ئامادە دەکرد بەڵکو بتوانێت لەجیهانبینی خۆیەوە باشتر داخوازیو پرنسیپەکانی لەدەستوری هەمیشەییدا دەستەبەر بکات.

لەکاتێکدا شیعەو کوردو هێزە دیموکراتو عەلمانیخوازەکان ئاوا ناکۆک بوون، سوننیگەرا نەک هەر دژ بەڵکو دوژمنانەش هەڵوێستی لەهەردوولا وەردەگرت. کەچی، مەخابن، لەژێر فشاری رووداوەکانداو لەبەرخاتری وڵاتانی عەرەبی، بۆئەوەی مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ هاوکێشە سیاسیەکانی ناو عێراق بکرێت، (بەتیرۆریستانیشەوە)، دەرگا بۆ سوننیگەرا خرایە سەر پشت ئەوانیش بەهەمان باوەڕو هاندەری دوژمنکارانەوە بێنە ناو پرۆسەی دەستور نوسین. سوننیگەراش کەسەرەنجامی سیاسەتی دوژمنکارانەی بینی لەباتی سزا پاداشت درایەوە، بێگومان لەخۆی رابینی فشارەکانی پێچەوانەی یاسای کاتی عێراقو بەرنامەی گەڵاڵەکردنی دەستورو فیدراڵیەتو کوردستانیەتی کەرکوک زیاتر بەکاربێنێت. ئەمجارەشیان لەچوارچێوەی یاساییدا.

هەموو لایەک.. بەئەمریکاو بریتانیاشەوە، بەرپرسیاری ئەم هەڵەیەن، بەڵکو بەرپرسیاری دواکەوتنی تەواوکردنی نوسینی دەستورن. سەرەنجامی ئەم هەڵەیەش، هەر پێش هاتێکی چاوەروان کراو، یان نەکراو، بێتەوە پێشەوە، دیارە بەشێکی بۆ ئەم هەڵەیە دەگەرێتەوە کەبەبێ لێپرسینەوەو بەبێ سنوردانان بۆ دوژمنکاریەکانی ئاشکرای سوننیگەرا، هەروا دژایەتی ئاشکرای چەند هێزێکی شیعەگەراو بەرەی تورکمانی، دانەنانی سنوری یاسایی بۆ ئەو دوژمنکاریو هەڵە زەقانە کەدەرهەق پرۆسەی دەستور دەکران، ئەنجامەکەی ئەم ئاڵۆزییە بوو کەپرۆسەکە رووبەرووی کراوەتەوە. لەم ئاڵۆزییەشدا، تیرۆریستانو پشتیوانەکانیان، باشتر لەخۆیان راپەرموون بەرنامەکانیان، هەم سیاسیانەترو هەم بەئەنجامدانی تاوانی گەورەتر، بەپاساوی جۆراوجۆری سیاسی، مەزهەبی، ئایینیو ناسیۆنالیستی، چ لەتیرۆرداو چ لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، بەرنامەکانیان باشتر ئاراستەو جێبەجێ بکەن.

لەناو ئەو سێ کوچکەیەی پرۆژەی جیاوازی دەستوریدا، ئایە دەشێت بگەینە ئەو باوەرە کەلەم دوو هەفتەیەدا توانای گەڵاڵەکردنی دەستور، لەئارادا بێت؟ بێگومان لەباری لۆژیکەوە هەرچی چۆنێک لێک بدرێتەوە، ئەقڵ نایبرێت گەڵاڵەکە تەواو بکرێت

کوردو کوردستان.. لەم کێشمەکێشانەدا، ئەگەر سەبارەت بە دەستورو عێراقو سیاسەتی (توافق) لەژێر تێکرای فشارەکان ناچاری سازش بووبێت، تەنانەت لەپرنسیپی عەلمانیەتو بەشێکی فەلسەفەی دیموکراسیش، ئەوا کاتی هاتووە لەسەر مافە نەتەوایەتیەکانی: فیدراڵیەت، دیاریکردنی جوگرافیای کوردستان، کوردستانیەتی کەرکوک و خانەقینو ژەنگارو مەندەلی... تاد هەروا لەسەر موڵکداریتی سامانی سروشتی کوردستان، کاتێتی سنوری دەستوری لێبراوی هەبێت. هەموو چەشنە پاشەکشەیەک لەسەر مافە سەرەکیەکانی گەلی کوردستان، دژو دوژمنو نەیارانمان چەشە دەکەن زیاترو زۆرتر پەلامارمان بدەن. ■

دیسان.. دواخستنی یەکخستنی حکومەتەکانی کوردستان

سەربەست کەریم

دوای چارەسەرکردنی ئاستەنگی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئومێدێکی باش هاتە ئاراکەیەکێتیو پارتی هەردوو حکومەتەکەی کوردستان، یەکبخەنەوە. ئەمەش بووە مایەی ئاسوودەییەکی سیاسی بەرچاو. وەلێ.. دوای چەندین کۆبونەوەی باڵای سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی، ئەوئاسودەییەی خەڵک دژواری تێکەوتو بیروڕای ئەوتۆ لەناو خەڵکدا هەیە کەیەکخستنی حکومەتەکان جارێ ئەنجام نادرێت. کەوابێت، جێی خۆیەتی بپرسین، ئەمەیانو لەئێستادا، دیسان دواخستنی یەکخستنی حکومەتەکان بۆچی؟پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی چووەسەر. پاشان، سەرۆکی هەرێمیش لەپەرلەماندا دەنگی درایەو دەسەڵاتەکانیشی دیاری کران. هەمووئەو ئاڵوگۆڕانە کراون، بەڵام گرنگترین لەهەموویان، کەیەکخستنی حکومەتەکانە، دواخرێ.

مەسەلەکە.. ئایە پەیوەندی بەپارتی یان یەکێتییەوە هەیە؟ یان لایەکیان نایەوێت حکومەتەکان یەک بخرێت؟ یاخود لایەنی دەرەکی هەن ئەم پوازی دوو حکومەتییە هەر دادەکوتن؟ یاوەکو هەلومەرجی بابەتی بواری یەکخستنەوە نادا؟

هەتا ئێستا، ئەوەی جێی سەرنجە، پارتی، جگەلەو رونکردنەوەیەی لەسەر بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە لە (چاودێر)دا، هیچ هەڵوێستێکی رەسمی دیکەی لەسەر پرۆژەکە دەرنەبڕیوە. یان خۆیشی پرۆژەی جیاوازی پێشکەش نەکردووە. تەنانەت لەراگەیاندنیشدا دیالۆگێکی هەمەلایەنە لەسەر چۆنیەتی یەکخستنی حکومەتەکان، یان بریارو پرۆژەکان، سازنەدراوە

ئەو پرسیارگەلە، هەر یەکێکیان لەجێی خۆیەتیو هەمووشیان هەقوایە لێک بدرێنەوە، هەتا بەرەنجامی راستەقینە دەربکەوێت. لێرەدا جێی ئەوە نییە پرسیار پرسیار شی بکرێنەوەو لەسەر هەر پرسیارێکیش رابمێنین هەتا بنجو بنەوانی لێک بدەینەوە. تەنها هێندە دەڵێین: هەموو ئەو پرسیارگەلە رووی خاوەنەکانیان دەبێتەوەو کەموزۆر بەرپرسیارن لەو پرسیارانە.

ئەمە جگەلەوەی ئەم دوو حکومەتییە هێندە درێژەی کێشاوەو لەوەش زیاتر ئەوەندە هەوڵی یەکخستنەوەیان بەبێ هودە دراوە، ئیدی خەڵک، بەتایبەتی هێزوگروپ وکەسە نزیکەکان لەسیاسەتو لەناکۆکیەکانی یەکێتیو پارتی، باش ئاگاداری وردەکاری دواخستنی یەکخستنی حکومەتەکانن. هەر جارێکیش کەهەلومەرجێک هاتبێتە پێشەوە لەچاو هەلومەرجی رابردوو نوێ بووبێت، دیسان زانراوە چ پاساوێک بۆ یەکنەخستنی حکومەتەکان کراوەتە خۆراکی رای گشتی. ئیترلەدوای رێکەوتنامەی واشنتۆنەوە، تۆنی یەکنەخستنی حکومەتەکان بەجۆرەها شێوە گۆراوەو هەتا ئێستاش چۆتەسەر. تاقە پرسیاری نوێ ئەوەیە کە ئەدی ئەمجارە پاساوی یەک نەخستن چییە؟ پاساوەکەش هی پارتییە یان یەکێتی؟

لەچاودێردا.. پرۆژەی یەکخستنی هەردوو حکومەتەکە لەژمارە (٣٥)دابڵاوکراوەتەوە. دوایئەوەش دوو کۆبونەوە کراوە بۆ قسەوباس کردن لەسەر یەکخستنی حکومەتەکان. هەتا ئێستا، ئەوەی جێی سەرنجە، پارتی، جگەلەو رونکردنەوەیەی لەسەر بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە لە (چاودێر)دا، هیچ هەڵوێستێکی رەسمی دیکەی لەسەر پرۆژەکە دەرنەبڕیوە. یان خۆیشی پرۆژەی جیاوازی پێشکەش نەکردووە. تەنانەت لەراگەیاندنیشدا دیالۆگێکی هەمەلایەنە لەسەر چۆنیەتی یەکخستنی حکومەتەکان، یان بریارو پرۆژەکان، سازنەدراوە. ئەمەش گیروگازێکی زیانبەخشە کەگرنگترین کێشە، خراوەتە بێشە، بێشەی کۆبونەوەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتی لەسەر بیروراو پرۆژەکان بهێنرێتە گۆرێ. ئەمجارەش خەریکە، ماوەیەکی درێژی تر یەکنەخستنی حکومەتەکان، بەپاساوی نوێ باو، تێپەرێت. دیسان بەبێ ئەوەی هۆیە راستەقینەکانی بڵاوبکرێتەوە. لەمەشدا، هەر خەڵک دەکەوێتەوە پەژارە. بۆ ئەوەی کەمێک لەو پەژارەیە کەم بکەینەوە، دەڵێین، ئەمجارە کێشەی یەک نەخستن، هێندەی زانراوە لەسەر:

یەکەم: ئاسایشی یەکگرتوو لەهەولێر (نەک هەموو کوردستانیش).

دووەم: ئەگەر سەرۆکی عێراق بۆ جاری دووەم بەر کورد نەکەوت، کێشە لەسەر جێگۆرکێی سەرۆکی پەرلەمانو سەرەک وەزیرانی کوردستان.

سێهەم: پشکە پارەی تەرخانکراو بۆ سلێمانیو هەولێر، دابەش بکرێتو بخرێتە بانقی هەردوو شارەکەو بەسەرپەرشتی سەرەکو جێگری سەرەک وەزیران سەرف بکرێت

ئەو کێشانە، گرێی ئاڵۆزی ئەم هەلومەرجەن. پێ ناچێت لەم نزیکانە، ئەو گرێیانە بەسانایی بکرێنەوە. بەتایبەتی لەوە دەچێت کۆتایی پێ هێنانی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقیش دوابکەوێت. ئەمەش، هێندەی دیکە خەمساردی دەخاتە پرۆسەی یەکخستنی هەردوو حکومەتەکە. ■

ئەمجارە کێشەی یەک نەخستن، هێندەی زانراوە لەسەر: یەکەم: ئاسایشی یەکگرتوو لەهەولێر (نەک هەموو کوردستانیش). دووەم: ئەگەر سەرۆکی عێراق بۆ جاری دووەم بەر کورد نەکەوت، کێشە لەسەر جێگۆرکێی سەرۆکی پەرلەمانو سەرەک وەزیرانی کوردستان. سێهەم: پشکە پارەی تەرخانکراو بۆ سلێمانیو هەولێر، دابەش بکرێتو بخرێتە بانقی هەردوو شارەکەو بەسەرپەرشتی سەرەکو جێگری سەرەک وەزیران سەرف بکرێت ئەو کێشانە، گرێی ئاڵۆزی ئەم هەلومەرجەن. پێ ناچێت لەم نزیکانە، ئەو گرێیانە بەسانایی بکرێنەوە. بەتایبەتی لەوە دەچێت کۆتایی پێ هێنانی نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقیش دوابکەوێت. ئەمەش، هێندەی دیکە خەمساردی دەخاتە پرۆسەی یەکخستنی هەردوو حکومەتەکە

کورتیلە باس

سوننە بۆ لەلیژنەی دانانی دەستوری پاشەکشە دەکات؟

لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە، سوننەی عەرەبی عێراقی خۆی بە بەشخوراو دەبینێ، راگەیاندنو لێدوانەکانی کەسایەتیو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانیشیان بەتایبەتی (هیئة علماء المسلمین) کە باڵاترین دەسەڵاتە سوننەگەراکانە، هەر هەموو دەرژێنە خانەی دژایەتیکردنی پرۆسەی سیاسی ئازادو دیموکراسی قۆناغی دوای روخانی رژێمی بەعس. بەشدارینەکردنی سوننەگەراکان لەهەڵبژاردنەکانو هەڵپەساردنی ئەندامێتیان لەلیژنەی دارشتنەوەی دەستور، خۆی بۆ خۆی ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ دردۆنگی سوننەگەراکان لەپرۆسەی سیاسی عێراق. گەرچی بیانوی ئەمان لەم هەڵوێستەیاندا تیرۆرکردنی سێ ئەندامی سوننەیە لەلیژنەی دانانی دەستوردا، بەڵام ئەمە بۆ خۆی لەراستیدا بەڵگەی لاوازە هەڵوێستی سوننەکانە. چونکە هەر ئەمان هانی کردەوە تیرۆرستیەکانیان دەدا لەژێر ناوی بەرگری داگیرکەراندا، ئەوە جگە لەوەی لایەنەکانی تر زۆر ترین قوربانیان داوە بەدەستی تیرۆر، بەڵام هێشتا هەڵوێستێکی ئاوا سلبیان نەنواندووە لەئاست پرۆسەی دارشتنەوەی دەوڵەتی عێراق.

ئەم هەڵوێستەی سوننە هیچ کات هەڵوێست نیە دژی تیرۆر، بەڵکو بەپێچەوانەوە راستەوخۆ بەئامانج گەیاندنی تیرۆریستانەو بەڵگەی لاوازی هەڵوێستی سوننەشە. ■

بەرێوەبەری پەروەردەی چۆمان، رازی نەبوو خەڵات بەسەر خوێندکارە بەخشراوەکانی سنوری قەزای چۆمان دابەش بکرێت

بریار بوو رۆژی یەک شەممە، ٢٠٠٥/٧/٢٤ لەلایەن کۆمیتەی رێکخستنی چۆمانەوە، لەمەراسیمێکی ئاهەنگ ئامێزدا، خەڵات بەسەر خوێندکارە بەخشراوەکانی سنوری کۆمیتەی رێکخستنی چۆمان دابەش بکرێت.

بەڵام بەرێوەبەری پەروەدەی چۆمان، بەبیانوی ئەوەی، کەتەنها ئەوان بۆیان هەیە خەڵاتی خوێندکاران بکەن، بۆیە رێگە بەکۆمیتەی رێکخستنی چۆمان نەدرا ئەو مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتە، جێبەجێ بکەن، لەکاتێکدا هەموو خوێندکارە بەخشراوەکان ئامادە بوون بۆ بەشداریکردن. لێرەشەوە جارێکی تر، خوێندکارە بەخشراوەکان بەنیگەرانیەوە گەرانەوە ماڵەکانی خۆیان. ■

سوریا.. لەژێر فشاری عەرەبیو نێودەوڵەتیدایە

ماوەیەکە سوریا هەوڵێکی چڕی خستۆتە گەر بۆ بروا پێکردنی وڵاتانی عەرەبو دراوسێ بەگشتیو خۆرئاوا بەتایبەتی، سەبارەت بەو هەوڵانەی کەدەیدات بۆ رێگرتن لەپەرینەوەی تیرۆریستان لەوڵاتەکەیەوە بۆ عێراق.

کەدیارترینیان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی بوو بۆ سەفارەتی وڵاتانی عەرەبو باسکردنی ئەو رێو شوێنە نوێیانەی کەسوریا گرتویەتیە بەر لەم یەک دوو مانگەی رابردوودا، هەروەها لەلایەکی ترەوە، (وەلید موعەلیم)ی جێگری وەزیری دەرەوەی ناردووە بۆ تورکیا تا بروا بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بێنێت بەوەی کەسوریا لەهەوڵی جدیدایە بۆرێگرتنو پەرینەوەی تیرۆریستان بۆ ناو خاکی عێراق.

شایەنی باسە سوریا لەم ماوەیەدا زیاتر لە ١٤٠٠ تیرۆریستی لەسەر سنور دەستگیر کردووەو لەرێی سەفارەتەکانیانەوە لەسوریا، تەسلیم بەوڵاتەکانیانی کردونەتەوەو زیاتر لە ٦٠ تیرۆریستیش لەژێر لێکۆڵینەوەدان، هەروەها بریاری داوە هەر عەرەبێک بیەوێت بچێتە خاکی عێراقەوە، بەڵێننامەی دەستی (تعاهد خطي) لەسەفارەتی وڵاتەکەی تەسلیم بەسوریا بکات کەبۆ کاری تیرۆریستی ناچێت. ■

دیوی ناوەوەی ئیسلامی سیاسی :

ئیسلامەگەرا و شەفافیەت

چۆمان عابد

لەم نوسینەدا هێندەی بکرێ، وەک مشتێک لەخەرواری پوخڵەواتو رووی ناوەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی کارکردنیاندا، لەوەی کە ئەحزابی ئیسلامی کاری لەسەر کردووە، خوێنەر ئاشنا دەکەین، هەروەک حەقیقەتی ئەو بانگەشەو لێدوانانە ئاشکرا دەکەن کە لەگەڵ واقعیدا چەندە دوورن لەیەکەوەو ئەوەی بەوتە دەیڵێن رۆژانەو سەردەمێکیش باسیان دەکرد، لەگەڵ کردەوەو بواری جێبەجێکردندا، ئاسمانو رێسمانە. دیارە تەوەرەکانی ئەم نووسینە پنت فراوانو زۆر بابەتی رۆشنبیریو رێکخراوەییو سیاسی نێوخۆیی لەخۆدەگرن، بەو ئومێدەی هەر زانیاریەکیتر هەبێ، بخرێتەروو

ئەوەی لەم جارەدا لێی دەدوێین، بابەتێکی گرنگە بەناوی (شەفافیەت)، دیارە ئیسلامیەکانی کوردستان بەگشتی زیاد لەهەر حزبو گروپێکی تری ئیسلامگەراو کەسو بەرپرسەکانیشیان لەهەر نوسەرو بەرپرسێکی تر دەمیان لەم بابەتەدا کوتاوەو لەکوێخایەتی کرندا، دەرفەتیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوەو وادەزانن شەفافیەت تەنها دەمو قەڵەم گەرمکردنە لەحزبی دەسەڵاتو حکومەتو کەسانی بەرامبەر لەهەر بیروبۆچوونو ئایدۆلۆژیایەک، بێ ئەوەی رۆژێک بەبیریاندا بێت، کە هەر ئەم شەفافیەتە چەندین پرسیاری گرنگ رووبەرووی خودی خۆیان دەکاتەوەو دەستەوئەژنۆ دەبێ لەبەردەم گومانو پرسیارە دڵتەزێنەکاندا چۆک دابدەنو چیتر موزایەدە بەسەر چەمکی شەفافیەتو هەموو چەمکەکانی ترەوە نەکەن.

ئەگەر هەرکەسێک توێژینەوەیەکی بابەتیو زانستیانەی لەسەر هێزوگروپە ئیسلامگەراکان هەبێ لەم چەند ساڵەدا، لەکوردستانو بەدواداچوونی هەبێ، زۆرباش تێدەگاو دەزانێ کەئەوەی ئەتکی شەفافیەتی کردبێ، ئەم هێزانەن، ئەوی پرسیاری لەخاچدا بێت لەبابەتە هەستیارەکان ئەم هێزانەن، کەرۆژانە بەناوی ئیسلامەوە فەتوا دەدەنو شەفافیەتو ئازادی رادەربڕینو شتەکانی دیکە بەکۆمەڵ دەفرۆشنەوە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر لەنێو هێزە ئیسلامەگراکاندا شەفافیەت تا ئەم چرکەساتەش بوونی هەبێ، بۆچی جەنابی مامۆستا سەلاحەدین هەر ئەمیندارەو مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز ئەگەر دەریش نەچێ (هەروەک لەکۆنگرەی دواییدا برادەرێکی تر دەرچوو). هەر رابەری گشتیەو خودی عەلی باپیریش هەر ئەمیرەو کەسیش تەنانەت بەدزییەوە، ناوێرێ بڵێ لەل؟!کەس جورئەتی ئەوەی نەبووەو نیە لەبەر پۆستو پلەکەی بپرسێ، ئایا ئەمە شەفافیەتە لەکۆنگرەکاندا برادەرانی سەرەوەو ئەمیرو ئەمیندارو رابەری گشتی. هەر لەجێگەی خۆیان دەبێ بمێننەوەو دەبێ خەڵکانی تریش هەر چاوەڕێ بن؟!

بەمانایەکی ترچ لەکۆنوچ لەئێستاداکەس تەنانەت لەرۆژنامەیەکی نێو ئەو حزبانە بگرە بەناوی خوازراویشەوە لەرۆژنامەیەکی دەرەوەدا نەیوێراوە پرسیار لەسەرچاوەی داهاتو دارایی ئەمیندارو رابەری گشتی ئیسلامگەراکان بکات. کەس نەیتوانیوە لێکۆڵینەوە لەو هەموو دزیوگەندەڵیو پارە خواردنەی چەندین ساڵەی نێو ئیسلامگەراکان بەگشتیو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی ئەم دواییە بکات. بەجۆرێک ئێستاش ماڵی زۆربەی مەسئولەکانی یەکبوون لەماڵە بازرگانەکانی راقیترو خۆشترەو ئەندامانو پێشمەرگەکانی خوارەوەش بێ موچەو واجبیان پێدەگیراو زۆرجار فەتواشیان بۆ دەدرا لەسەرەوەو لای برادەرانی مەسئول جیهادی حکومەت بکەنو لای برادەرانی یەکگرتووش لەناو خەڵکدا حکومەتو حزبەکان کافر بکەن.. کەچی لەئاستی گەندەڵیو کەموکورتیەکانی ناوەوەدا کەرۆکاسو لاڵ دەکرانو دەرگای پرسیارو سەرنجیان لێ دادەخستن.

(عادل باخەوان) کەئێستا لەفەرەنسایەو سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی ئیسلامو هێزە ئیسلامگەراکان قسە دەکات، یەکەمین قوربانی ئاشکرای دەستی بێ شەفافیەتی نێو بزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو بوو، بەجۆرێک مەلا عەمامە بەسەرەکان، دەرفەتیان نەدا هیچ بڵێ، وەک دەنگێکی تازە، ئەگەرچی خودی باخەوان خۆیشی ئەوەندەی بەدوای دەست خستنی پلەو پۆست بوو، لەم دەزگا بۆ ئەو دەزگاو لەنەهزەوە بۆ بزوتنەوەی ئیسلامیو لەناو بزوتنەوەشدا لەم باڵو تەکەتول بۆ ئەو باڵو تەکەتول، بەڵکو هێندە لەخەمی ئەوەدا نەبوو کە ئاراستەی فەتواکانی بزوتنەوە بەرەو ئاراستەیەکی باش بەریو لەبەر نەبوونی شەفافیەت لەکون فەیەکونێدا، بەفەرمانی عەمامە بەسەرێکو بەگەلە کۆمەیەک رەوانەی ماڵی خۆیان کرا، تا دواجار سەری خۆی هەڵگرت.

واتە عادل باخەوان وێنەیەکی حاشا هەڵنەگری بەرووی ئیسلامگەراکانی کوردستاندا کەچەندە دوورن لەشەفافیەتەوە وتەوکردەوەکانیان لەلایەکەوە دورن.

لەلایەکی ترەوە راکردنی برادەرانی پرۆژەی (ژیار) لەنێو ریزەکانی یەکگرتوودا، دیسان نمونەو بەڵگەیەکی دیکەی مەرگی رۆشنبیرو ئەو گەمەیە بوو کەیەکگرتوو بەناوی شەفافیەتەوە گەزو جاوی پێ دەکرد. برادەرانی ژیار هەر زوو پەردەیان لەسەر ئەو گەندەڵیو فیڵکردنە وەلادا کەیەکگرتوو لەکاری سیاسی خۆیاندا مومارەسەیان دەکرد. بەجۆرێک بەگوێرەی تێروانینی برادەرانی ژیار دەبوو لەناو یەکگرتوودا کەسێکی بێ پرسیارو کاراکتەرێک بیت پرسیار بەکوفرو زەندەقیەت وەربگری. تەنانەت ئەگەر لەئەمرۆ فەرمانو حیکمەتێکی ئەمیندارو برادەرانی سەرەوەو لەتەکەتولی باڵی ئەمینداردا لاتدا ئەوە لەدین لاتداوەو دەبێ داری حەدت لێ بدرێ. بەمانای سیاسیەکەی دەبێ شەفافیەت لەکوێدا ئامادەیی هەبێ، هەتا ئەوە بوو لەکارێکی مەردانەدا کۆتو زنجیری یەکگرتوو، گەمە سیاسیو بازرگانیە ئاینیەکانیان تێکشکاندو ئازادبوون.

ئەمانە نیشانەکانی نەبوونی شەفافیەت بوون لەنێو هێزە ئیسلامگەراکاندا، ئەگەر لەسەردەمی ئێستاشدا بپرسین، نموونە زۆرە بەشێوەیەک کەس تائێستا ناپرسێو نازانێ بڕی ئەو پارەیەی جەنابی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەماوەی ئەندامبونی لە (ئەنجومەنی فەرمانڕەوای) عێراقدا چەند بوو؟

چی لێهات؟ بۆچی خەرج کرا؟ ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆیانو ئاسایی بانگەواز خەرج کرا ئەی بۆچی لەرۆژنامەکەی خۆیان ئاشکرا نەکرا؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر.

ئەم بێ شەفافیەتو ناعەدالەتیو نەبوونی ئازادی رادەربڕینە گەیشتۆتە لوتکەو ترۆپکە بەجۆرێکە ئەندامی یەکگرتوو هەیە دوانزە ساڵی رەبەقە هەر ئەندامی ئوسرەیەو لەشوێنی کاری رێکخراوەیی خۆیدا گێژ دەخوات بێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێ بپرسێ من بۆ (١٢ تا ١٥) ساڵە پلە حزبیەکەم وەکو خۆیەتی؟ چونکە بپرسێ دەری دەکەنو دەبێ دەست بگرێ بەکڵاوە شرەکەی خۆیەوەو باسی پاشقول لێگرتنی برادەرانی سەروتر نەبیات.

ئەگەر لەنێو هێزە ئیسلامگەراکان شەفافیەت ئامادەیە، ئەوا بۆچی رۆژانە چەندین کەس رێزەکانیان جێ دەهێڵنو دواتر دەیانخەنە ژێر پرسیارەوە.

ئەم بێ شەفافیەتەی هێزە ئیسلامگەراکان هەر لەیەکگرتووەوەیە تادەگاتە بزوتنەوەو کۆمەڵ کەئەندامەکانیان ئیجبار بکرێن لەژێر گوێڕایەڵیکی توندا کەنەتوانن هیچ جۆرە پرسیارێک بورووژێنن، بەبیانوی سەرهەڵدانی ئاژاوەو فیتنە.

لەناو برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامیداو لەکاری رێکخراوەییدا دونیایەک پوخڵەواتو خەڵکی بازرگانو موزایەدەچی تێدایە، کەبۆ مەرامو بەرژەوەندییە تاکە کەسیەکانی خۆی کاردەکات کەچی تاقە یەک کەس لەناو ئەو حزبە ئیسلامگەرایەدا جورئەتی پرسیارکردنو گومان کردنێکی نیە، بەجۆرێک ئەوەندە داخراوە ئەم حزبە کە دەفرەتێک نیە بۆ ئازادی رادەربڕینو شەفافیەت، تەنانەت کەسێکیان نابینی ئازادانە بەبێ کۆنترۆڵی حزب هیچ بڵێو بنوسێو چ لەسەر حزبیو گەندەڵیەکانی چ لەسەر بابەتەکانی تر.

تائێستا ئەوەندەی کتێبو بەرهەمەکانی میری کۆمەڵ چاپ دەکرێو تەرویج بەنوسینو دیدارو چاوپێکەوتنەکانی دەدرێ لەرۆژنامەگەری کۆمەڵدا، ئەوەندە بایەخ بە بەرهەمو بیرورای هیچ کەسێکی تری ناوکۆمەڵ نادرێ.

بەشێوەیەک بەشێکی هەرە زۆری بوودجەی کۆمەڵ بۆ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێبو بەرهەمەکانی میری کۆمەڵە، تۆ بڵێی ئەم حزبە کەسێکی تری تێدا نەبێ جگە لەمیری کۆمەڵ؟

دواجار گرنگە وردەکاری ئەم نائامادەیی شەفافیەتە لەوتەوکردەوەو هەڵسوکەوتی هێزە ئیسلامگەراکاندا ئاشکرا بکەین، بەشێوەیەک لەرووە کردارییەکەیدا شتێک نیە لەلای ئەم هێزانە پێی بوترێ بیرورای تاکە کەس، ئازادی تاکە کەس، شەفافیەتی پرسیار، چاودێریکردن لەسەرداموەزگاکانی حزب. تاد. بەڵکو دەبێ هەموو بێ پرسیارکردن، بێگومان کردن، بێ توێژینەوە، وەکو دەروێشو مورید گوێڕایەڵی جەنابی ئەمیندارو رابەرو میر بێت. بۆیە ئەم هێزە ئیسلامگەرایانە نەک شەفافیەتیان دابین نەکردووە بەڵکو دادگایەکی حزبیشیان هەیە بۆ فەسڵکردنو تەجمیدکردن و دەرکردنی ئەوانەی بەجورئەتەوە پرسیار لەگەندەڵیو کەموکورتیەکی ناو حزبو بەرپرسەکان دەکەن، ئیتر لەکوێدا مافی ئەوەیان هەیە بەرامبەرو هێزەکانی دیکە تاوانبار بکەن بەبیانووی نەبوونی شەفافیەتو داخرانی حزبی و رێکخراوەیی. ■

گۆڕانی کۆمەڵی ئیسلامی لەدیدی ئەمیرەکەیەوە

(وەهمی واقیع بینی)

خونچە یونس

بەشی دووەمو کۆتایی

لەژمارە (١٨٠)ی رۆژنامەی کۆمەڵدا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنێکدا بەناوی (زیندان، ئەشکەنجە، سەرگوزشتەی پێشمەرگەیەک) لەئەڵقەی یەکەمدا باسی گرفتی نێوان خۆیانو گروپگەلی (تەوحید، جوند، ئەنصار) دەکاتو خۆیان بە "قوربانی" هەڵەکانی ئەم گروپانە دەداتە قەڵەم، چاوگەی هەڵەی ئەم گروپانەش دەباتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم/کەمی شارەزاییان لەشەرعو ئاین.

دووەم/کەمی شارەزاییان لەواقعو فقهی واقع (واتە توشبونیان بە بەدبینی واقیع).

لەراستیدا مەرجی زانیاری تەواو لەسەر شەرعو ئاینو هەروەها فیهی واقع دومەرجی گرنگی فقهی ئیسلامین بۆ کەسێکی فتواچیو فتوادەر کە لەسەر کێشەیەک دەبێ فتوا بدات، بۆ خۆی بابەتی فەتوا مۆدێلی عەقڵێکی لاهوتی ئیسلامیە کە پێی وایە دەشێ لەنێو خودی ئاینەوە کێشەکان ببینرێنو چارەسەر بکرێن، ئەم مۆدیلە لەلاهوت هی سەردەمو کۆمەڵێکە کەهێشتا خاوەنی ترادسیۆنو کلتورێکی تەقلیدی دەست لێنەدراوە کەهەمیشە مەیلی پەلکێشکردنی هەموو کێشەکانی ژیانی هەیە لەدەرەوەی ئاین بۆ نێو ئاینو لەوێشەوە بەخەیاڵی هەڵێنجانی حوکمێک لەسەر ئەو کێشەیە کە لەدواجاردا ئەو حوکمە مادام لەنێو دەریای بێبنی شەرعەوە بەدەستی فەتوادەر هەڵگۆزراوە ئەگەر راستەوخۆ حوکمی خوا نەبێت ئەوا لانی کەم لەژێر سێبەری حوکمی خوادا دراوە، بۆیە ئەم بڕیارە لەخۆیدا (یان راستر ئەم فتوایە) سروشتێکی پیرۆزی دەبێت وەک ئەوەی چاوگەکەی پیرۆزە، مێژووی کێبەرکێ ئاینیو مەزهەبەکان لەسەر حوکمی خوا لەمێژودا ئەوەمان فێردەکات کەئەم فرێزە (حوکمی خوا) لەخەیاڵ پڵاوی و وەهمێک زیاتر هیچی تر نیەو نەبوە.

"واقعبینی" و "حیکمەت" دوو وشەن کەرەنگە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو کەس زیاتر بەکاری بهێنن، هەر خودی ئیسلامیەکانیش لەنێو خۆیاندا یەکتری بەم دوو وشەیە زۆر تۆمەتبار دەکەن، ئەی ئەوە نیە خاوەنی کتێبی (پێشمەرگەی موسڵمان) گروپەکانی تری پێ تۆمەتبار دەکات، یەکگرتوی ئیسلامی ئەمڕۆو ئیخوانی جارانیش عەلی باپیریان بەکەم واقعبین دەدایە قەڵەم، کاتێ نیمچە کتێبێکی لەسەر پەرلەمانی کوردستان نوسیو ئەم پەرلەمانەی بەناشەرعی دایە قەڵەم. تۆبڵێی ئەوهەموو تەرکیزکردنەی ئیسلامیەکان لەسەر (حیکمەتو واقعبینی یان فقهی واقیع) هەستکردن بەخۆبەکەمزانینو نەقس نەبێ بەرامبەر ئەم دوو چەمکە؟ من ئەوە دەزانم کە لەنێو ئیسلامیەکاندا هەیانەلەوی تریان زیاتر واقعبینترو حەکیمترە، بادوو نمونە بهێنینەوە بەپشت بەستن بەو چاوپێکەوتنەی کە رۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە (٢٣١) دا لەگەڵ بەرێز مامۆستا عەلی باپیر وەتماندا سازی کردووە:

یەکەم: زمانو واقع:

تەقلیدترین مفردە لەنێو ئیسلامیەکاندا بریتیە لەبەکارهێنانی مفردەکانی وەک (دوژمنی خوا، پیاوی خودا، دینی خوا، گەڕانەوەی خەلافەت، کافر، ختەی سەهۆنیەتی عالەمی، چەکو تفەنگ، جیهاد، دەعوە، موجاهید، وقاری ئیسلام، عزەتی ئیسلام، وەلا، بەرا، سەلیبیەت هتد..) و گەرمترین موناقەشەی کۆنیش: چی حەڵاڵو چی حەرامە؟ حەدیسی زەعیفو سەحیح، ئەمڕۆ جیهاد چیدەگەیەنێ؟ باشترین تیۆریش لەلایان بریتی بوو لەتیۆری موئامەرە لەئیسلامو موسڵمانان لەلایەن سەهیۆنیەتو سەلیبیەت کوفری عالەمیەوە.

لەچاوپێکەوتنەکەی (٢٠٠٥/٧/٦)ی نێو هاوڵاتی زمانی دوانی خاوەنی کتێبی (رێگای صالح بونو بەرەو خواچون) لەئاستی وشە بەکارهێنانداندا ئەم سروشتەی بەسەردا زاڵە کافر (شەش جار)، تفەنگ یان چەک (سیازدە جار) جەنگ لەرێگەی خوادا، دژ جەنگان، جیهاد (سێ جار)، شەرکردن، شەر، شەر فرۆشتنی، دینی خوا، دەستدرێژی (سێ جار)، وقاری ئیسلامی، پێشکەوتوترین جۆری چەک، دەستدرێژی بۆ سەر موسڵمانان) بەکارهێنانی ئەم موفرەدانە وەک هۆکارێک بۆ جیهادو یەکالاکردنەوەی کێشەکان، دزێوترین جۆری چارەسەرو پاشماوەی زەینی ستەمکاریو کۆنترین رێگەچارەیەکە کەمرۆڤایەتی لەمرۆدا بەردەوام لەهەوڵی خۆدورخستنەوەیە لەم عەقڵە، عێراقی پاش نەمانی بەعس، عێراقی یەکلاکردنەوەی ئەم زمانەیە لەبەرامبەر زمانی دیالۆگ ولەیەکترگەیشتن، تێگەیشتنو واقعبینی پاش رژێمی "سەدام حسێن" بریتی نیە لە (هەر کاتێک بارودۆخ گۆڕا پێویستی کرد دەستی بدەیتەوە چەک، دەستی دەدەیتەوە) بریتی نیە لەمیلیشیاچێتیو کەڵەگایی هێزە یاخیەکانی گەورەتر لەیاساو دەستور، بریتی نیە لەقارەمانەکانی شەڕی ناوخۆو دابڕانی شارەکانی کوردستان لەیەکتری، بەڵکو واقعبینی بریتیە لەعێراقێک وکوردستانێک کەکێشەکان دەشێ بەئاقاری گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتنو دەسەڵاتی یاسا بێت، واقعبینی بریتیە لەچونی دنیا بەرەو دیموکراسیو کرانەوە، نەک هەتا ئێستەش دیموکراتیەت بە (جوانی ناو ناشیرینەکان) بزانیت. فقهی واقیع ئەوە نیە کەوا بزانیت دنیا لەکەمینو موئامەرەدایە بۆ لەناوبردنی جەستەو رۆحی تۆ، بەڵکو ئێستا دنیا کێبەرکێو هەوڵی دەسەڵات دەدات لەنێو یاسایەکی دیارو بەبێ ئەوەی موئامەرەی رۆحو جەستەی یەکتری بکەنو هێزی دۆڕاو لەدنیای دیموکراتیدا پاش ئەوەی دان بەدڕاوی خۆیدا دەنێ، پیرۆزبایش لەنەیارەکەی دەکات کەسەرکەوتوە. نەفەسی شەڕو خوێن نەفەسێکی لاوازو نەفەسی ئەو هێزانەن کە لەعێراقو کوردستاندا بە (تیرۆرست) ناودەبرێن، دەبوو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پاش ئەو دەنگە باشەی کەهێنایان لەسایەی یەکێک لەبەرهەمەکانی دیموکراسیدا کەهەڵبژاردنە تێبگەیشتایە کەئەم رێگەیە زمانی سەردەمو سەرکەوتنە نەک بەپێچەوانەی شەپۆلی دنیاوە هەنگاو دەنێ بەمەجبوری دەبێت ئەوە بڵێین: ئەرێ خۆی بۆ بەدەردی گروپەکانی جیهادو تەوحیدو ئەنسار دەچێتو واقیع بین نابێت.

ئەوەی بەوردی سەرنجی مێژووی کۆمەڵی ئیسلامی (بەمێژووی بزووتنەوەی جارانو یەکبونیشەوە) بدات بەقەد ئەم هەڵبژاردنانە سەرکەوتنی سیاسی بەدەست نەهێناوە، تۆبڵێی تائەو رادەیە ناواقع بین بن خۆشیان هەست بەم راستیە نەکەن؟

زمانی ئەم چاوپێکەوتنە پێمان دەڵێ کە هەتا ئێستەش ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بەکۆنترین زمانو مفرەدەی ئیسلامی دەدوێتو هەتا ئێستەش زمانی سەرەتای هەشتاکانو ئەمڕۆ بەیەک چاو سەیر دەکات.

دووەم: ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی هەر لەو چاوپێکەوتنەدا باسی ئەوە دەکات کەلەگەڵ یەکگرتوی ئیسلامیدا بەنیازی -یەکگرتن- لەئاستی سەرکردایەتیدا دانیشتوون، دەکرێ پێش ئەوەی بچینە سەرخەونی یەکگرتنی ئەم دو حزبە پێویستە هەندێ جیاوازی ئەم دوانە بزانین:

یەکگرتوی ئیسلامی حزبێکە کەپێکهاتوە لە (سیاسەتو ئایدۆلۆژیا) کۆمەڵی ئیسلامی حزبێکە خاوەنی (ئایدۆلۆژیاو سیاسەت)ە، واتە یەکگرتوی ئیسلامی خاوەنی: سیاسەتو واقعبینیەکە کە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵدا لەواقع باش تێدەگاتو دەرکی گۆڕانکاریەکان دەکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە بەردەوام بەرگە کۆنەکانی خۆی فرێدەداتو بەرگی نوی لەبەر دەکات (ئەمە لەئاستی دەرەوەی خۆیو پەیوەندی لەگەڵ حزبو خودی ئەمریکیەکانیشدا)، ئەم حزبە کاتێ سیاسەت دەکات ئایدۆلۆژیای خۆی پەراوێز دەکات جاری وا هەیە تا ئاستی بیرچونەوە، ئەمە وایلێکردووە لەئاستی پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ شیعەیەکدا خۆی بگونجێنێ بەناوی (هەستی ئیسلامی) و لەگەڵ سونە بەناوی (سونەگەرایی) و لەگەڵ کورد بناوی (نەتەوەپەروەری) و لەگەڵ ئەمریکیەکان بەناوی (هاوژیانیو دیموکراتی) خۆ ئەگەرلەگەڵ هێزێکی وەک کۆمەڵ دابنیشێت بێگومان زۆر لای ئاساییە کەباسی جیهادو برای ئایینیو هاومەبەستی بکات لەکاری ئیسلامیدا، هەتا رادەی موجامەلەی یەکگرتنەوەش.

بەڵام لەئاستی ناوخۆدا ئەم حزبە لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی خاوەن رەگو ریشەیەکی سەلەفی کاردەکات، هەمان ئەدەبیاتی کۆنی نێوئیسلامیەکانو هەمان مفرەدات بەکاردەهێنێتو ئەسڵ لەکاری خۆیدا، بانگەواز دەداتە قەڵەم نەک سیاسەتو کورسی دەسەڵات.

یەکگرتوی ئیسلامی لەسیاسەتکردنیدا حزبێکی تارادەیەکی باش کراوەیە بەبەراورد لەگەڵ ئیسلامیەکانی ترداو ئەمەش وایکردوە لەرۆکارو دەرەوەی خۆیدا سیاسەت ئایدۆلۆژیا پەلکێش بکات بۆ ناو خۆی، خۆ ئەگەر پشکی باشی بدرێتێ لەکورسیو دەسەڵاتدا ئەوا بەرادەیەک خۆی دەگۆڕێت کەوەک پارێزەرو ئازیزی دەسەڵات خۆی دەربخات (بەنمونە کاتێک لەمەجلسی حوکمدا هەستی بەتێربون دەکرد نەک غوبن، راگەیاندنی بەرادەیەک لەخزمەتی دەستکەوتەکانی ئەم مەجلیسەدا بو کەنمونەی لەنێو راگەیاندنەکانی تردا کەم بو)ز کەواتە یەکگرتوی ئیسلامی یارییەکی باش دەکات لەسەر دوو پەت (پەتێکی دەرەکی و پەتێکی ناوخۆ) وگەمەی ئەولە ئەو دوپەتە سحری نەوەیەتی، ناکرێت هیچ یەک لەم دوپەتەو هونەری یاری لەسەر ئەم دوپەتە لەدەست بدات، ئەگەر پەتی دەرەکی لەدەست بدات ئەوا بێگومان لەزەتو چێژی دەسەڵات لەدەست دەدات، بەڵام ئەگەر پەتی ناوخۆ لەدەست بدات ئەوا جەماوەرو ئایدۆلۆژیەکەی خۆی لەدەستی دەدات کەدواجاریش پەتی دەرەوەش لەدەست دەدات، ئەمەش بۆ ئەو گەیشتنە بەمەرگ.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بنەمای (ئایدۆلۆژیا -سیاسەت) هەتا ئێستەش دامەزراوەو حزێکە ئایدۆلۆژیا بەرێوەی دەبات، ئایدۆلۆژیایەکی (سەلەفی.. حەرەکی) ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سەلەفی یەکێک لەگرفتە کوژەرەکانی بۆ شوێنکەوتوانی بەدبینیە بەرامبەر واقیع، ئەم بیروبۆچونە لەو رووەوە تەواو بەدبەختە کە کەوتوەتە رۆژگارێکەوە رۆژگاری حیکایەتە کورتەکانی پێدەوترێت، ئەم رۆژگارە حیکایەتەکانی کورتو گۆڕاون، بەڵام حیکایەتی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵی ئیسلامی دوورودرێژن (چونکە خاوەنی ئیسلامێکی گشتگیری - سەرتاپاگیری بەئایدۆلۆژی کراوەو دەیەوێت لەسەر هەموو شت بدوێت)، رۆژگاری حیکایەتە کورتەکان وەک چۆن کاڵا وەک مۆدێل دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە حیکایەتەکانیش دەگۆڕێتو دەیانکات بەمۆدێل، ئالێرەوە بەردەوام ئایدۆلۆژیا کورتەکان پێیان شەرم نیە دەستکاری کرۆمۆسۆمو جیناتە پێکهاتەکانی خۆیان بکەن، بۆیە بەردەوام توانای خوێندنەوەی واقعی گۆڕاویان هەیە، بەڵام ئایدۆلۆژیاو حیکایەتە درێژو گەورەکان - وەک ئیسلامی ئایدۆلۆژی کەئیسلامی سیاسی نوێنەری واقیعیەتی - هەرگیز رازی نابێت دەستکاری بونیادی قوڵو عەقیدەی پێکهاتنی بکرێت، ئیتر لێرەوە چاوگەی بەدبینی واقیعی بۆ دروست دەبێت.

ئەگەر کۆمەڵی ئیسلامی خاوەنی ئەم دیدەبێ، یەکگرتوی ئیسلامیش خاوەنی هەمان حیکایەتی گەورەیە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکگرتوی ئیسلامی بەهاوکێشەی (سیاسەت -ئایدۆلۆژیا) کاردەکات بۆیە دەتوانێت لەئاستی واقعدا ئەو بونیادە ئایدۆلۆژیە قوڵانەی کەهەیەتی بیانخەوێنێت بۆ کاتی خۆی ئەگەر کاتی هات. بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی چونکە بەهاوکێشی (ئایدۆلۆژیا -سیاسەت) کاردەکات حزبێکی (جیهادی - حەرەکیە) بۆیە ناتوانێت بەو ئاسانیەی یەکگرتوی ئیسلامی چاو لەبونیادە قوڵەکانی ئایدۆلۆژیاکەی بخەوێنێ، ئالێرەوەیە کۆمەڵی ئیسلامیو هەمووگروپە جیهادیەکانی تر توشی بەدبینی دەبن بەرامبەر واقع.

کۆمەڵی ئیسلامی بەسروشتی درەخستنی ئایدۆلۆژیای بەروی دەرەوەدا زۆربەی جار دۆستو دوژمن بەهەمان ئایدۆلۆژیا دەگرێتو دەپێوێتو بەرووی ناوەوەی خۆشیا دۆستو دوژمنەکانی خۆی بۆ ئەندامەکانی هەر بەهەمان ئایدۆلۆژیا بەسەر (کوفرو ئیمان) دا دابەش دەکات. بەڵام یەکگرتوی ئیسلامی بەرووی دەرەوەی خۆیدا ئەوەی شەپۆلی گشتی شەری لەگەڵ دەکاتو، بەدوژمنی دەزانێو بەتیرۆرستی ناو دەبات، ئەوا ئەمیش بەهەمان ئاراستەی شەپۆلی گشتی چارۆکەی کەشتیەکەی خۆی بادەدات، بەڵام بەروی ناوەوەی خۆی و لای ئەندامەکانی بەزۆری کات دوژمنەکانی خۆی بەئایدۆلۆژیا دەپێوێت و دیاریدەکات.

یەکگرتوی ئیسلامی کاتێ لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا دادەنیشێت لەبەرئەوەی قودرەی گۆڕانی کاژەکانی خۆیی هەیە بۆ موجامەلە باسی یەکگرتن لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی دەکات، کەچی کۆمەڵی ئیسلامی ئەم موجامەلەیە بەحەقیقەت تێدەگات نەک شتی تر، یەکگرتوی ئیسلامی لەبەرئەوەی خۆی باش لەموجامەلەکردنەکەی خۆی تێگەیشتووە بۆیە هەرگیز ئەم موجامەلەیە ناخاتە دەرەوەی خۆی نە لەراگەیاندنەکانیدا نە بەناوی ئەمیندارەکەیەوە کەچی کۆمەڵی ئیسلامی لەزاری ئەمیرەکەیەوە وەک خەونو شێوە حەقیقەتێک ئەم بابەتە لەچاوپێکەوتنێکدا دەورووژێنێت (ئەمەیە جیاوازی ئایدۆلۆژیەکی موحەنەک و ئایدۆلۆژیەکی جیهادی - حەرەکی لەسیاسەتکردندا).

حزبی ئیسلامی گەورەترین پەتایەک کەبەدەستیەوە دەناڵێنێت بریتیە لەسەلەفیەت، ئەو گروپەی کەبتوانێت هەنگاوێک لەسەلەفیەت دوربکەوێتەوە، ئەوە بێگمان هەنگاوێک لواقعبینی نزیک دەبێتەوە، ئەوەی بەرێز، ئەمیری کۆمەڵیش ئەوەندە باسی فیقهی واقعی دەکات، ئەوە من زیاتر سوردەبم کە لەهەستکردن بەناواقعیەتی خۆیانەوە چاوگەی گرتوە، بەمەرجگرتنی واقعبینیەتیشی لەفەتوادا ئەوە داهێنانێک نیە کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بەرهەمی هێنابێت، بەڵکو ئەوە فەقیهە داهێنەرەکانی سەردەمی زێرینی ئیسلام پەییان پێبردووە نەک ئەم بەرێزە دایهێنابێت، ئەگەر ئەوەشم نەزانیایە کە لەمێژووەوە چەمکی فیقهی واقیعی وەرگرتوە، ئەوا بێگومان دەبوم کەهەر هی خۆی نیەو لەنەبوەوە نەیهێناوەتە بون، چونکە عەقڵی سەلەفی هەرگیز توانای داهێنانی نیەو بەردەوام مێژوو بەشێواوی دوبارە دەکاتەوە. ■

فیدرالیزم عێراق لە شەڕی ناوخۆ دەپارێزێت

نوسینی/ داڤید فیلیپس

و. لە ئینگلیزییەوە/ عەزیز ڕەئووف

ئەو توندو تیژی و تەقاندنەوەیەی کە شەقامەکانی عیراقی گرتۆتەوە ئەو وڵاتەی بە قۆناغێکی ترسناکدا بردووە. ئەمەش بووەتە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی کێشەی ناوخۆ لە نێوان شیعەکان و سوننەکاندا. بەڵام ئەوەی کەمێک ئومێد بداتە بەر کۆمەڵانی خەڵکی عیراق نوسینەوەی دەستوری وڵاتەکەیانە کە چەند هەفتەیەکی ماوە بۆ ڕەشنوس کردنی.

زۆرێک لە عیراقییەکان لە سەر ئەوە ڕازین کە ستراکچەری دەسەڵاتی عێراق فیدرالی بێت، بە جۆرێک دیموکراتی و یەکێتی خاکی وڵاتەکە پارێزراو بێت.

فیدرالیزم بۆ عێراق سەرەتایەکە بۆ ڕێکەوتنێکی سیاسی لە نێوان گروپ و هێزەکاندا بە جۆرێک کە هەریەک ئەوی دی قبوڵ بکات.

فیدرالیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان بریتییە لە دیاریکردنی مافی سەرجەم کەمایەتییەکان لە

چوارچێوەی وڵاتێکی یەکگرتوودا. باشترین نمونەش کوردستانی عیراقە کە ماوەی ١٤ ساڵە توانیویانە مومارەسەی سیاسەت بکەن و سەرجەم کەمایەتییەکانی وەک تورکمان و کلدۆ ئاشوری و .. هتد لە سایەی دەسەڵاتی کوردەکاندا بتوانن بە یەکسانی بژین. فیدرالیزم دەتوانێ گرەنتی بدات بە کەمایەتییەکان و مافی تاک بپارێزێت و سەرجەم ئەو ململانێ ئاینییانە بکوژێت کە ئێستا عێراق بەخۆوەی دەبینێت.

ڕۆڵی ئاین لە عێراقدا دیارترین ململانێ لەخۆ دەگرێت بە جۆرێک کە بە ئاشکرا ئەم ڕۆڵە بە شەقامەکانی عیراقەوە دیارە. بەڵام کوردەکان لە باکوری عیراق لە ژێر کاریگەری خۆرئاوادان و دژ بە سەپاندنی ئاینی ئیسلامن لە حکومەتی عیراقدا.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە شیعەکان لە باشور کەوتونەتە دیالۆگ لەسەر ئەوەی کە لە باشور دەسەڵاتێکی فیدراڵی بچەسپێنن بۆ ئەوەی دور بن لە توند و تیژی و کارە خۆکوژییەکانی سوننەمەزهەب. گەر ئەمە بۆ شیعەکان مایەی قبوڵکردن بێت ئەوا بۆ کوردەکان هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. کوردەکان وەکو زمان و سیاسەت و تەقالیدی کۆمەڵایەتیش لە عەرەبەکان جیاوازن. بۆیە پێکهاتەی دانیشتوانی عیراق جیاوازە بەوپێیەی عیراق وڵاتێکی فرە ڕەهەند و فرە کەلتور و زمانە. ئەمەش وای کردووە کە عیراق نەتوانێ لە سایەی یەک ئاین و یەک ئایدۆلۆژیادا مومارەسەی سیاسەت بکات.

بۆیە گەر بمانەوێت عیراقێکی بێ کێشە و دور لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت دابمەزرێندرێت دەبێت عیراق دەوڵەتێکی فیدرالی بێت. بۆ ئەوەی عیراق شەڕی ناوخۆ بەخۆوە نەبینێت دەبێت کۆمیتەی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عیراق هەوڵ بدات بەو ماوەکەمەی کە بەدەستیەوەیەتی چەمکی فیدرالی لە دەستورەکەدا بچەسپێنێت، چونکە تەنها بە سیستەمی فیدرالی عیراق لە دەسەڵاتی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت قوتاری دەبێت. ئەمەش مافی سەرجەم کەمایەتییەکان دەستەبەر دەکات کە بە درێژایی دەسەڵاتە یەک لەدوایەکەکانی عیراق مافیان پێشێل کرابوو.■

بن لادن هەڕەشە دەکات

ئاری ئەحمەد

سایتی (AFP) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (بن لادن هەڕەشە دەکات). لەو بابەتەدا هاتووە کە ئوسامە بن لادنی بەرپرسی گروپی ئەلقاعیدە هەڕەشە لەبەریتانیاو ئەمریکا دەکات گەر لەعێراق و ئەفغانستان هێزەکانیان نەکشێنەوە ئەوا ئەو وڵاتە بەبۆمباو تەقاندنەوە زیانباران دەکات.

گەر لەو هەواڵە وردبینەوە دەگەینە ئەو راستیەی کەدوای ئەو هەموو ئۆپەراسیۆن و هێزە سەربازییەی ئەمریکاو بەریتانیا لەعێراق و ئەفغانستان کەچی ئەم گروپە هێشتا لەسەر پێی خۆی وەستاوەو بەردەوامە لەچالاکیەکانی هەم دژ بەخەڵکی مەدەنی لەعێراق و هەم دژ بەسەربازەکانی ئەو دوو وڵاتە.

بەڵام ئەم جارەیان گروپی ئەلقاعیدە چالاکیەکانی خۆی گواستۆتەوە بۆ ناو دڵی ئەوروپا. ئەوەبوو رۆژی ٥ی ئەم مانگە لەشاری لەندەن چەندین تەقینەوەیان ئەنجامداو لەئاکامدا زیاتر لە (٥٠) کەس بوونە قوربانی. رۆژە ٢٠ی ئەم مانگەش جارێکی تر زنجیرەیەک تەقینەوە شاری لەندەنی گرتەوە. بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کەدوای ئەم هەموو نەهامەتی و کوشتن و دەستگیرکردنە گروپەکەی بن لادن بۆ ساتێکیش بیریان نەکردەوەو وازیان لەکاری توندو تیژی نەهێناوە. ئەم کردەوانەی بن لادن هاوکاتە لەگەڵ دەستگیرکردنی گروپێکی توندڕەوی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق بەناوی (گروپی شێخ زانا) کەچەندین خەڵکی بێتاوانیان لەشاری هەولێر سەربڕیوە.

ئەو هەڕەشانەی بن لادن لەکاتێکدایە کەعێراق لەبەردەم ڕەشنوس کردنی دەستوری هەمیشەیی وڵاتدایە، کەئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ بنیادنانەوەی عێراق و گەڕانەوەی سیادەو سەروەری بۆگەلانی عێراق.■

ئەوروپا لە قۆناغێکی نوێدا

سەروتاری Washington Post

لێکدانەوە: ئاوێر بەختیار

تەقینەوەکانی ئەم دواییەی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بێ شک ئەوروپای بردە قۆناغێکی ترەوە. گەر پێشتر تیرۆر تەنها وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبێتەوە ئەوا ئێستا زۆر بە ڕاشکاوی ناوچەرگەی ئەوروپای گرتۆتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وردی و کارامەیی تیرۆرستانی ئەلقائیدە کە دەتوانن وا بەسانایی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن.

لێرەوە بۆ تۆنی بلێری سەروک وەزیران ڕوون بۆوە کە تیرۆرستان دەتوانن لە ناوچەرگەی وڵاتەکەیدا چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن.

وەک چۆن ١١ی سێپتەمبەر توانی کاریگەری لەسەر کۆی کۆمەڵگەی جیهان جێبهێڵێت و جیهانی پێش خۆی و دوای خۆی لەیەک جودا بکاتەوە، بە هەمان مانا زنجیرە تەقینەوەکانی ئەم مانگەی لەندەن توانی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پێش ڕودانی و دوای ڕوودانیدا دروست بکات.

بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی دەبێت ئەوە بزانین کە ئەوروپا لە پێش تەقینەوەکان ناچێت. ئەمەش بە ئاشکرا بە ڕوخساری خەڵکی ئەو وڵاتە و سەرجەم ئەوروپییەکانەوە دیارە چونکە دەزانن تیرۆر سەنگەری گواستۆتەوە بۆ ناوچەرگەی وڵاتەکانیان لە ئەوروپا.

ئەم سەرگوتارەی (واشنتۆن پۆست) دەربرینی هەست و نەستی رای گشتی رۆژئاوایە. کەوا بێت: رۆژئاوا دەبێت راچڵەکێت و بەقوڵی بیر لەدوو مەسەلە بکاتەوە:

یەکەمیان: ئەو هەڵانەی لەسەدەی رابردوودا بەرامبەر گەلان و دەوڵەتان کردویانە کەبۆتە مایەی درێژەکێشانی تەمەنی دیکتاتۆرەکان و هەژارخستنی خەڵک و پێشێلکاری مافی گەلان. سەرەنجام، ژینگەی رۆحیان بەهێزکردووە.

دووەمیشیان: سور بن لەسەر ئەوەی لەم سەردەمەدا، نەک ئەو هەڵانەی رابردوو دوبارە نەکەنەوە، بەڵکو نەک بەراستیان بێت شەپۆلەکانی دیموکراسی لەهەزارەی سێهەمدا رۆژهەڵاتیش بگرێتەوە، جگەلەمانە، دەڵێین: رۆژئاوا دەبێت بەهەموو توانایەک خەبات بکات سەرچاوەکانی قوڵپدانی تیرۆریزم ووشک بکاتەوە. ئەم سەرچاوانەش، لەتەواوی حیزبە سیاسیەکانی ئیسلامگەراکانەوە قوڵپ دەدات، هەتا دەگاتە تەواوی بنکەو رەگەزەکانی ئیسلامی و مەزهەبگەرایی. بەتایبەتی لەفەلسەفەی خوێندن و خوێندنی ئایینیدا.

رۆژئاوا.. بۆئەوەی بتوانێت ستراتیژێکی نوێ بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبونەوەی ئیسلامگەرایی و تیرۆر بدۆزێتەوە، دەبێت بەردەوام بنەمای پێشکەوتن، ئەقڵانیەت، مەدەنیەت و دیموکراسی، پتەوو پەرە پێبدات. رووبەڕووبونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستیدا، پێویستی بەبنەما شارستانیەکانی رووبەڕووبونەوەکەیە. ئەمەش، دەڵێینەوە: بەبێ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکانی کۆن و خوڵقاندنی ژینگەیەکی دیموکراسی نوێ، کەمرۆڤ ببەستێتەوە بەسەردەم و ژیانی نوێ، مەحاڵە.■

فڕۆکەخانەیەکی نوێ لەکوردستان

دانا حەمید

ئاژانسی (Reuters) لە ٢٠ی ئەم مانگەدا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (باکوری عێراق و فڕۆکەخانەیەکی نوێ). لەو بابەتەدا هاتووە کە لەکوردستانی عێراق بەئامادەبوونی سەرۆک کۆماری عێراق، فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی کرایەوە.

فڕۆکە لەکوردستان تا پێش پرۆسەی ئازادی عێراقیش رەمزی کوشتن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بوو. کوردەکان ئازارو نەهامەتیەکی زۆریان بەدەست فڕۆکەوە چەشتووە، چونکە گەلی کورد زیاتر فڕۆکەیان وەک جۆرێک لەبەکارهێنانی زەبرو زەنگ و میلیشیا دژ بەگەلەکەیان بینیوە. بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و کرانەوەی ئەو وڵاتە بەرووی دنیادا کوردستانیش چووە قۆناغێکی ترەوە. ئەوەبوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کرایەوەو بووە سەرەتایەک بۆ کارئاسانکردنی سەفەری کۆچبەرانی کوردستان بۆ دەرەوە.

کردنەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانیش جارێکی ترئەو راستیەی سەلماندەوە کەگەلی کورد خوازیاری ئاشتی و ئاوەدانی وڵاتەکەیانن. کردنەوەی ئەم فڕۆکەخانەیە لەسلێمانی سەرەتایەکی گرنگە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانترین شێوە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکەن بەبێئەوەی پەنا بۆ دەوڵەتە دراوسێکان بەرن بۆ مەبەستی سەفەرکردن.

هەربۆیە کردنەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانی و فڕینی فڕۆکە بەسەر ئەو شارەدا ئەو ترس و دڵە راوکێیەی خەڵکی کوردستان دەڕەوێنێتەوە کەپێشتر بەهۆی فڕۆکە جەنگیەکانی سەدام حسێنەوە چەشتبوویان.



فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی فڕۆکەخانەیەکی جیهانییەو دانیشتوان و خەڵکی کوردستان دەتوانن بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات پەنا بۆ ئەم فڕۆکەخانەیەی خۆیان ببەن کەئەمەش سەفەر زۆر ئاسان دەکاتەوەو مەسرەفێکی کەمیشی تێدە چێت.■

ئەمریکا.. بازاری کراوەی چەکی تیرۆریستان

سۆران عەبدوڵڵا

کەناڵی (C.B.S) ناسراوی ئەمریکی لەیەکێک لەراپۆرتەکانیدا لەم هەفتەیەدا، (٦٠ خولەک) بەرنامەکانی تایبەت کرد بەئاشکرا کردنی چۆنیەتی پڕچەک بوونی گروپە تیرۆریستیەکان، چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەی ئەمریکادا، پڕچەکبوون بەتازەترین چەکی کوشندەو کۆکوژ بۆ نمونە (کالیبەر ٥٠) کەیەکێکە لەمەترسیدارترین چەکی مام ناوەندی لەدنیای تەکنەلۆژیای سەربازی ئەمرۆدا، لەرێگەی بازارەکانی ئەمریکاوە زیاد لەسەدان ژمارەی گەیشتۆتە دەست ئەم گروپە توندڕەوانەی، وەک خۆیان دەڵێن: (بەڵێی ئەم چەکە هەر بۆئەوان دروستکراوە). ئەمەش لەبەرئەوەی لەیەک کاتدا چەکی دژە مرۆڤ و دژە تانک و دژە فڕۆکەشە. هەروەها چەکی (M16)

کەسەربازە ئەمریکیەکان لەعێراق سوودی لێوەردەگرن، زۆر بەئاسانی و هێندەی قورسی کرینی پاکەتێکی شیری دەوێت لەکۆگا چەکفرۆشەکانی ئەمریکادا.

جێگەی باسە لەم راپۆرتەدا باس لەوە کرا، کەچۆن شۆڕشەکانی کۆسۆڤۆو ئازادیخوازەکانی ئەلبانی لەکاتی شەڕەکانیاندا سودیان لەچەکە قاچاخفرۆشراوەکانی ئەمریکا کردووە، ئاوهاش هەریەک لەجەنگاوەران و تیرۆریستانی وڵاتانی ئەفغان و عێراق و دەوروبەر تەنانەت بەفەلەستین و جەزائیریشەوە دەتوانن سوود لەم چەکە کۆکوژانەی ئەمریکا وەربگرن.■

یاخیبوان لەژێر کاریگەری مەلاکانی عێراقدان

کامەران عەلی

رۆژنامەی (الوطن)ی سعودی رۆژی ٢٠ی ئەم مانگە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (یاخیبوان لەژێر کاریگەری مەلاکانی عێراقدان). لەو بابەتەدا هاتووە کەیاخیبوان لەدەرەوەی عێراق لەژێرکاریگەری وتاری مەلاکانی عێراقدان کەلەسایتە عەرەبیەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە. گەر بەووردی خوێندنەوەمان بۆ کۆمەڵی عێراق هەبێت لەماوەی ئەو دوو ساڵەی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەگەینە ئەو راستیەی کە مەلاکانی عێراق رۆڵی زۆر خراپیان هەبووە لەبوونی کاری تیرۆریستی لەعێراقدا. ئەمەش وایکردووە زۆرێک لەلاوانی وڵاتانی عەرەبی روو لەعێراق بکەن بەمەبەستی (بەناو جیهاد) کردن دژ بەهێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لەعێراقدا.

مەلاکانی عێراق بەگشتی و مەلاکانی سوننە مەزهەب لەناوەڕاستی عێراق بەتایبەتی رۆژانی هەینی زۆر بەحەماس و توندڕەوییەوە وتار دەدەن و ئەمریکا لەعێراق بەکافرو ئیستیعمارو داگیرکەر ناوزەند دەکەن کەئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لاوانی توندڕەو لەعێراق و دەرەوەی عێراق دژ بەهێزەکانی ئەمریکاو تەنانەت هاوڵاتیان جیهاد بکەن.

لێرەوە پێویستە بپرسین رژێمی دیکتاتۆری بەغداد بەوپەڕی توندڕەوی و زاڵمانەوە رەفتاری لەگەڵ گەلەکەیدا دەکرد بۆچی مەلاکان نەهاتن لەمینبەری مزگەوتەکانەوە جیهاد دژ بەتیرۆر رابگەیەنن؟

بۆ ئەوەی عێراق لەو قەیرانە گەورەیەی بواری ئاسایش و ئارامی رزگاری بێت، دەبێت لەدەسەڵات و توانای مەلاکان کەم بکرێتەوە

سەیرە مەلاکان ئەم هەموو توندوتیژی و کاری خۆ تەقاندنەوەیە لەعێراق نەک هەر پرۆتستۆ ناکەن، بەڵکو هانی لاوان دەدەن بۆ جیهاد.

لێرەوە دەپرسم سەیرە حکومەتی عێراق و وەزارەتی کاروباری ئایینی لەم دیاردەیە بێدەنگن و سنورێک بۆ ئەو مەلا توندڕەوانە دانانێن کەبونەتە ئاگری بن کا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕو ئاشوب و نائارامی لەعێراقدا.

مەلایەک لەکاتی وتاردا

بۆ ئەوەی عێراق لەو قەیرانە گەورەیەی بواری ئاسایش و ئارامی رزگاری بێت، دەبێت لەدەسەڵات و توانای مەلاکان کەم بکرێتەوە.

ئەگەرنا ئەوا عێراق هەمیشە لەو بوارە نائاساییەدا دەمێنێتەوەو ئەو وڵاتە دەبێتە لانکەی تیرۆریستان.■

فەیلەسوف و ئایەتوڵا

ڤیسلی یانگ

و.بۆ کوردی: پێشرەو حسێن

لەساڵی ١٩٧٨، میشیل فۆکۆ وەکو رۆژنامەنوسێکی سادە بەمەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر شۆڕش بەرەو ئێران رۆشت. راپۆرتەکانی فۆکۆ تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر وەهمە روناکبیریەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە. میشیل فۆکۆی فەیلەسوفی فەرەنسی بەو قسانەی پێشوازی لەشەپۆلێکی پەرەسەندوو دەکرد کەفەرمانرەوای موستەبیدو لایەنگری نوێگەرایی ئێران (محەمەد رەزا شای پەهلەوی) لەژانویەی ١٩٧٩دا لەسەر دەسەڵات لابردو لەباتی ئەو یەکێک لەنالیبراڵترین رژێمەکان، بەواتای دەوڵەتی شیعەی بەرابەرایەتی (ئایەتوڵا) خومەینی هێنایە سەر کورسی دەسەڵات، رەنگە ئەمە یەکەمین شۆڕشی گەورەی دژە سیستەمە جیهانیەکان بێت، کەئەو شۆڕشە مۆدێرنترین یاخی بوون و لەهەمان کاتدا ناماقوڵترینیانە. فۆکۆ لەسەر کورسیەکەی لە پاریسەوە نەگەیشتبووە مینبەر.

ئەو لەپاییزی ١٩٧٨داو لەکاتێکدا کەحکومەتی شا بەرەو دارمان هەنگاوی دەنا وەکو پەیامنێرێکی تازەکار دووجار بەرەو ئێران سەفەری کرد بۆئەوەی وەکو خۆی دەڵێت وەکو رۆژنامەنوسێکی سادەو تازەکار چاودێریی سەرهەڵدانی ئەو روداوانە بێت کە خەریک بوو روویان دەدا، فۆکۆ لە وتووێژێکیدا لەتەک رۆژنامەنوسێکی ئێرانی مەبەستی سەفەرەکەی بۆ ئێران بەم جۆرە روون دەکاتەوە (ئێمە دەبێت لێرە لەشوێنی لەدایک بوونی ئەندێشەکاندا ئامادە بین، نەوەکو تەقینەوەی بەرەو دەرەوەی هێزی ئەو ئەندێشانە لەکتێبەکاندا روون بکەینەوە، دەبێت لێرە

میشیل فۆکۆ

ئەو روداوانە ببینین کە ئەو هێزانە نەمر دەکەن و، ئەو بەرهەڵستییە ببینین کەسەبارەت بەئەندێشەکان سەریهەڵداوە ئەگەر ئەو بەرهەڵستییە دژایەتی یان لایەنگری ئەو ئەندێشانە بێت).

لەکاتێکدا کەزۆربەی لیبراڵ و چەپگەراکان لایەنگیریی ئەو شۆڕشە پۆپۆلستیە بوون کە هاوڵاتیە بێ چەکەکانی روبەڕوی پڕ چەکترین سوپاکان دەکردەوە، بەڵام هیچکام لەو روداوانە بەهەمان هەستەوە پشتگیریی ئەو بانگەشتانەی فۆکۆ نەبوون کەلەراپۆرتەکانیدا باسی لەپەرەسەندنی هێزی ئیسلامی رادیکاڵ دەکرد.

فۆکۆ دەنوسێت: ئەم بزووتنەوەیە وەکو سەرهەڵدانێکی ئیسلامی دەتوانێت گڕ لەسەرجەم ناوچەکە بەربدات و حکومەتە ناپایەدارەکان هەڵوەشێنێتەوەو ببێتە هۆی بارگرژی نانەوە لەنێو پایەدارترین و بەهێزترینی حکومەتەکانیش. ئیسلام، کەناکرێت تەنها وەکو ئاینێک تەماشای بکەین، بەڵکو شێوەیەکی تەواو و بەکەماڵ گەیشتووی ژیانەو پەیرەوی کردنە لەمێژوو و شارستانیەتێکی دیاریکراو، دەرفەتێکی باشی لەبەردەستدایە کەبەهۆی ئامادەبوونی سەدان هەزار موسڵمانەوە ببێتە بەرمیلێک باروتی گەورە، فۆکۆ لەو ماوەیەدا حەوت راپۆرتی بۆ لاپەرەی یەکەمی گرنگترین رۆژنامەی ئیتاڵیا (گۆرڤێرد ێلاسێرا) نوسی و دواجار هەندێک وتاری بۆ رۆژنامە زمان فەرەنسیەکان نوسی، بەڵام تاپێش بڵاوبونەوەی کتێبەکەی (کوین ئەندێرسۆن) و (ژانێت ئاڤاریی) لە مانگی رابردوودا - (فۆکۆو شۆڕشی ئێران - بڵاوکراوەی شیکاگۆ) کە یەکەمین وەرگێرانی تەواوەتی نوسینەکانی فۆکۆیە دەربارەی ئێران بەزمانی ئینگلیزی، تەنها هەندێک لێکۆڵەرەوەی ئینگلیزی هەبوون کەسەرجەم نوسینەکانی فۆکۆیان دەخستە ژێر لێکۆڵینەوەو ئاشنایەتی تەواوەتییان لەتەک شۆڕشی ئێراندا هەبوو.

گەرانەوەکانی میشیل فۆکۆ لەئێران بەپێی وتەکانی جیمز میلەر، [ئەو کەسەی کەلەساڵی ١٩٩٣دا کتێبێکی بەناونیشانی (ئارەزووی کارەستاباری میشیل فۆکۆ) نوسیبوو کەژیاننامەی میشیل فۆکۆ بوو، یەکێک لەگێرانەوە باشە ئینگلیزیەکانی ئەو روداوەیە]، هەڵەیەکی تراژیدی و هاوکات هەڵەیەکی کۆمیدی بوو کەپڕ بەباڵای ئەو نەریتە دوورو درێژەی ئەو روناکبیرە بێ ئاگاو ناشارەزا فەرەنسیانەیە کەدەربارەی شۆڕشە دوورەکان نوسیویانە.

لەراستیدا، رەنگە گەرانەوەکانی فۆکۆ بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەلتەرناتیڤەی کەدەبوو ببێتە تاکە جێنشینی لیبراڵ دیموکراسی بەهۆی روداوەکانی تری دونیای ئیسلام بەلێیکدانەوەیەکی بەپەلەو گەڕانێکی بێ کەڵک لەقەڵەم بدرێت لەبەرئەوەی لەئێستادا گەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەو نەریتە ئیسلامیانەی کەبکرێت بەهاوتای لیبراڵ دیموکراسی دابنرێن کارێکی سەر سورهێنەرە. بەڵام لەسەردەمێکدا کەجارێکی تر باس لەبەشداریی ئایین دەکرێت لەنێو دەسەڵاتداو، لیبراڵە رۆژئاواییەکانیش بەسەر دووکەرتی یەکەم: دژە ئیمپریالیزم، دووەم: لایەنگرانی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتان، دابەش بوون. هەربۆیە ئەو تێکەڵە سەرسورهێنەرەی فۆکۆ لەنەزانی و ناشارەزایی دەربارەی ئیسلامگەراکان دەبێتە پەندێک بۆ داهاتووی ئێمە.

ئەوکاتەی فۆکۆ بەرەو تاران رۆیشت، گرنگترین بیرمەندی فەرەنسی بوو کە ناوبانگەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەو رەخنەیەی ئاڕاستەی مۆدێرنێتەی کردبوو، کەبریتی بوو لەشرۆڤەکردنی وردی دامەزراوەکانی مۆدێرنێتەو رەنگدانەوەی دانایی مرۆڤ بوو سەبارەت بەدرک کردنی زیندان و دێوانەیی و رەگەزایەتی. فۆکۆ لەبەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (سلوک و سزا) باس لەوە دەکات کەلیبراڵ دیموکراسی لەڕاستیدا بریتییە لە (کۆمەڵێکی خاوەن سلوک) کەسزادانەکانی کەمتر توندوتیژی جەستەییەو ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەریی زیاتری سزاکان و لەدژەگێڕانەوەکەیدا دەربارەی فەلسەفەی رۆشنگەری باس لەوە دەکات کە ئەو دامەزراوە مۆدێرنانەی کەلەو باوەڕەدابین بۆ رزگارکردنی ئێمە دروست بوون، لەڕاستیدا بەشێوەیەکی ساختەکارانە ئێمەیان بەرەو کۆیلایەتی پەلکێش کردووە.

لەپاییزی ساڵی ١٩٧٨دا، زۆرجار رێپێوانەکان و تۆڵەسەندنەوەو کوشتاری بێ رەحمانەی پۆلیسی ئێران، شاوگەلی ئێرانی رووبەڕووی یەکتر دەکردەوە. هەڵسانەوەی گەلی ئێران لەبەرەیەکی فراوانی کۆمەنیست و، قوتابیانی چەپگەراو لەنەتەوەپەرستە سکۆلارەکان و سۆسیالیست و ئیسلامگەراکان پێکهاتبوو. بەڵام لەکۆتاییەکانی ١٩٧٨دا، ئیسلامگەراکان کەلەلایەن (ئایەتوڵا) خومەینیەوە لەشاری پاریسەوە (کەماوەیەک بوو وەکو شاری مەنفانشینەکانی ئێران تەماشا دەکرا) رابەرایەتی دەکران. بوونە بەشی سەرەکی و بەشی دەسەڵاتداری ئەو بەرەیە، لەژانویەی ساڵی ١٩٧٩دا شا دەستبەرداری پاشایەتی بوو، لە فوریەی ١٩٧٩دا، (ئایەتوڵا) خومەینی لەمیانەی خۆشحاڵی لەرادەبەدەری خەڵکیدا گەرایەوە ئێران.

بەپێی وتەکانی ئاندێرسۆن و ئاڤاریی: لەنێو چاودێرە ئەوروپیەکاندا، فۆکۆ تاکە کەس بوو کەپاڵپشتی بەلایەنی ئیسلامگەرای شۆڕشی ئێران دەکرد. لەڕاستیدا فۆکۆ بەم کارەی گاڵتەی بەو چەپگەرا سکۆلارانە دەکرد کەپێیان وابوو دەتوانن ئیسلامگەراکان وەکو چەکێک بۆ بەدەستهێنانی مەرامەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بەباوەڕی فۆکۆ ئەوە ئیسلامگەراکان بوون کە "بەتەواوەتی ئیرادەو ویستی گشتی و یەکگرتووی گەل"ی ئێرانیان لەخۆ گرتبوو.

بەپێی نوسینەکانی ئاندێرسۆن و ئافاریی: شۆڕشی ئێران وەڵامێکی گونجاوی نیگەرانیەکانی فۆکۆی نەدایەوە کەدەکرا وەکو یاخیبونێکی خۆهەڵقولاو روبەڕوبونەوەی هێزی ئۆرگانیزەکراو، وەکو لێکدانەوەی سنورەکانی ئەقڵانیەت لەقەڵەم بدرێت لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە سڵیان لەمەرگیش نەدەکردەوە. شۆڕشی ئێران بەپێی تێزە تازەکانی فۆکۆ دەبووە خاوەنی "ناوەڕۆکێکی مەعنەویی سیاسی" (کەمەبەست گەڕانەوەی ئاین بوو بۆ نێو سیاسەت و، ئەوەش دیاردەیەکی گومانلێکراو بوو لەفەرەنسای سکۆلاردا) کە سەرهەڵدانی لەو سەردەمەدا هێشتا لەژێر کاریگەریی جەنگی ساردا خۆی حەشار دابوو. ئەو نیگەرانیە زەینیانە لەلایەکەوە فۆکۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئاینی سیاسی نیگەرانتر دەکردو، لەلایەکی تریشەوە دەبوە هۆی بەکەم گرتن و پشتگوێ خستنی مەترسەیکانی ئەو شۆڕشە ئاینیە، فۆکۆ لەوتارەکەیدا، ئیسلامگەراکان بە ساڤانارۆلاو ئانابابتیزەکان و لاینگرە شەڕانیەکانی بزوتنەوەی پاک ئاینی کارامۆڵ بەراورد دەکات. کە مەبەستی ئەو لەو بەراوردکاریانە، ئاشکراکردنی زیاتری ئیسلامگەراکان بوو.

فۆکۆ لەمیانەی یەکەم سەردانیدا بۆ ئێران و لەچوارچێوەی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەسێپتامبەری ساڵی ١٩٧٨دا زۆر بەروونی باسی بێ ئومێدی خۆی دەکات لەبەرامبەر سەرجەم ئایدۆلۆژیە ئەوروپیەکان و ئارەزووی بینینی "ئەندێشیەکی تری سیاسی دەکات کە بەهۆی شۆڕشی ئێرانەوە دێتە ئاراوە. بەباوەڕی فۆکۆ "سەرمایەداری پیشەسازی" دەکرێت وەکو: توندوتیژترین و وەحشیترین و خوێناویترین و ناڕاستگۆترین کۆمەڵی سەرکوتکەرانە تەماشا بکرێت. داڕمانی کۆمۆنیزم کەفۆکۆش زۆر باوەڕی پێی نەبوو، بۆتە هۆی ئەوەی "لەڕووی دیدگای ئەندێشەی سیاسەیەوە هێشتا لەخاڵی سفردا بین".

هەروەها لەدرێژەی ئەمەدا دەڵێت: هەر روناکبیرێکی رۆژئاوایی کە کەمێک راستگۆیی تێدا بەدی بکرێت ناتوانێت خۆی لەو شتانەی سەبارەت بەئێران دەوترێت گێل بکات.

لەلای ئەندێرسۆن کە لێکۆڵەرەوەی زانستی سیاسیە لە (Purdue university) ئارەزووی بێ پەروای فۆکۆ لەمەڕ پاڵپشتی کردنی ئیسلامگەراکان، پێچەوانەی روخساری راستەقینەی بیروباوەڕەکانی فۆکۆیە. ئەندێرسۆن لەمیانەی تازەترین چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیدا لەو بارەیەوە دەڵێت:

فۆکۆ بیرمەندێکی خۆڕاگرو هێمنە کەخۆی لەڕۆمانتیکیەتی شۆڕش دەپارێزێت، ئەو رۆمانتیکیەی دەستی بەسەر ئەو رۆشنگەرانەدا گرتبوو کەچاویان لەکارەساتەکانی ستالین و ماو دەپۆشی.

بەڵام ئەگەر فۆکۆ بەتەواوەتی دەستبەرداری دیدگا رەخنەیەکانی بێت سەبارەت بەوەی لەئێران بینیویەتی ئەوکات دەکرێت وەکو فەیلەسوفێکی گەورەی خاوەن دیدگای جیاواز تەماشا بکرێت، بەڵام ئەو لەچوارچێوەی دیدارەکانیدا بۆئێران هەمووکات تەنها یەکیەتی وشەی دەبینی.

نوسەرانی ئەوکتێبە، زۆر بەوردی ئەوکوێرە رێگەو رێگە جیاوازانەی کەفۆکۆیان بەرەو دیدگا تایبەتیەکانی پەلکێش کردبوو، خستەبەر لێکۆڵینەوە، بۆ نمونە فۆکۆ بەبێ هیچ دیدگایەکی رەخنەیی خوێندنەوە باوەڕەکانی ئیسلامی لەلایەن عەلی شەریعەتییەوە (کۆمەڵناسێکی ئێرانی دانیشتوی فەرەنسا) قبوڵ دەکرد، شەریعەتی ئەو کەسە بو ئایدۆلۆژیەکی شەڕانیانەی ئیسلامی بڵاودەکردەوە کەلەمیانەی ئەو ئایدۆلۆژیەدا، شەهیدبوون وەک تاکە رێگەی حەقیقی رزگاربوون پێناسە دەکات، هەروەها شەریعەتی باسی لەئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامی دەکرد کەپەرینەوەی بەنێو هۆکارە رۆژئاواییەکاندا دەبوە هۆی وێناکردنی ئایدۆلۆژیایەکی نایاب و تەواوەتی. شەریعەتی لایەنگریی لەبەرداشێکی ئەفسانەگەرایانە دەکرد لەمەزهەبی شیعەو لەو باوەڕەدا بوو کەشیعە مەزهەبێکی مێژووییە بۆ بەرهەڵستکاریی، ئەمەش لەکاتێکدا کەلەڕاستیدا ئەو مەزهەبە لەلایەن دەسەڵاتێکی موستەبیدەوە لەسەدەی ١٧ی میلادییەوە بەسەر ئێراندا سەپێنراوو، لەباتی بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتە موستەبیدەکان ببوە هاوکاریان:

هەروەها فۆکۆ تا ساڵی ١٩٧٩ کەدواهەمین وتاری بێ ئومێدانەی خۆی لەلۆمۆند بڵاوکردەوە، هیچ ئاماژەیەکی بەمافی ئافرەتان نەکرد لەچوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا. ئەمەش لەکاتێکدا بوو ژنێکی ئێرانی کەبۆ پاریس نەفی کرابوو لەژێر ناوێکی خوازراودا (ئاتوساج) نامەیەکی بۆ رۆژنامەی (نۆڤێل ئۆبزرڤاتۆر) نوسی و لەبەر ئەو پاڵپشتیە ناڕەخنەگرانەیەی کەفۆکۆ لەو چارەسەری دەکرد کەلەخودی گرفتەکە خراپتر بوو، رەخنەی زۆر توندی ئاڕاستەی فۆکۆ کرد. بەڵام فۆکۆ بەبێ هیچ مەرجێک، بانگەشەکانی ئەو ژنە ئێرانیەی لەژێر ناوی رق وکینەی دژە ئیسلامیەکدا جێ کردەوەو هیچ بایەخێکی پێ نەدا.



خومەینی

دواجار فۆکۆ لەبەرامبەر شۆڕشی ئێران دوچاری نائومێدی بوو. یەکەمجار لەنووسینەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە "مەبەست لەحکومەتی ئیسلامی، ئەو سیستەمە سیاسیە نیە کەرۆحانیەکان رۆڵی چاودێر یان دەسەڵاتداری تێدا بەرجەستە دەکەن" یان دەیووت: "ئێمە شایەتی دروستبونی حکومەتی (ئایەتوڵا) خومەینی نابین" هەر مانگێک پاش ئەو قسەیە، دەنگدەرە ئێرانیەکان بەشێوەیەکی زۆر دابڕاوانە دەنگیان بەکۆماری ئیسلامی ئێران بەخشی بەسەرۆکایەتی (ئایەتوڵا) خومەینی، و سەرکوتکردنی ژنان و نەیارە سیاسی و کەمینە ئاینیەکان (کە دەکرا تایبەتمەندیی حکومەتێکی لەوجۆرە بێت) دەستی پێکرد. لەپاییزی ساڵی ١٩٧٨دا، فۆکۆ ستایشی بێ متمانەیی شۆڕشی ئێرانی کرد، سەبارەت بەپەیڕەویکردنی زیادەڕۆییانەی یاسا. بەڵام لەبەهاری ١٩٧٩ دا، (بازرگان) نامەیەکی کراوەی بۆ سەرەک وەزیرانی ئێران نووسی و داوای کرد کەرێز لەمافە یاساییەکانی تاوانباران (سزا دراوەکان) بگرێت.

فۆکۆ کە لەساڵی ١٩٨٤ دا کۆچی دوایی کرد، لەو گفتوگۆیانەدا بەشداریی نەکرد کەسەبارەت بەهەڵەکانی سازدەکرا، ئەمەش لەکاتێک دا بوو کە دیالۆگێکی توند لەفەرەنسا سەبارەت بەئەندێشەکانی فۆکۆ لەمەڕ ئێران سەری هەڵدابوو، تاکە وەڵامی فۆکۆ بۆ ئەو قسەو باسانە ئەو وتارە بوو کە لەساڵی ١٩٧٩ دا لەژێر ناونیشانی (ئایا شۆڕش بێ سودە؟) بڵاوی کردەوەو لەوێدا دانی بەوەدا ناوە کەشۆڕشی ئێران بەلاڕێدا رۆشتووە، بەڵام بنەڕەتەکانی شۆڕش بێ کەموکوڕین، هەر لەئەنجامی ئەوەشدا، ئاڤاریی و ئەندێرس لەو باوەڕەدان کەساردو سڕیی فۆکۆ سەبارەت بەپیاچونەوەی بیروڕاکانی و ئینکاریەکانی لەبەرامبەر فەلسەفەی رۆشنگەریی، ئەو ئاماژانە بوون کەدەریانەخست فۆکۆ وەکو ئەو مرۆڤەیە کەئەزموون سزای دەدات.

بەڵام راستیەکی ئەوەیە کەهەرچەندە ئیسلامگەرایی توندڕەوانە خاوەنی روخسارگەلی زۆر جیاوازە، بەڵام لەهەموو وێنەکانیدا دژە فیمینیستەو هەژمونگەرایەو لەهیچ شوێن و کاتێکدا باوەڕی بەخوێندنەوەی جیاوازی ئایینی ئیسلام نیە

لەنێو بیرمەندە رۆژئاواییەکاندا نەریتێکی کۆن هەیە کەدەچنە دەرەوە بۆئەوەی ستایشی شۆڕشە دورە دەستەکان بکەن و لەنێو ئەو شۆڕشانەدا بەدوای راستی و دروستی ئومێدە روناکبیرەکانی خۆیاندا بگەڕێن و بیاندۆزنەوە، بەڵام گاڵتەجاڕیی پێشوازیی کردنی فۆکۆ لەشۆڕشی ئێران ئەوەبوو روناکبیرەکانی پێشوو کەسرودی سەرکەوتنیان بۆ دەسەڵاتە موستەبیدەکان دەخوێند دەیانویست لەنێو کۆمەڵێک بیروباوەڕی وەکو - مارکسیزم و هیومانیزم و دانایی گەرایی - بەشداریی بکەن، کەفۆکۆ وەکو گرنگترین چالاکی خۆی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدان، بەڵام لەوکاتانەدا لەباتی ئەوەی لەدیدگایەکی رەخنەگرانەوە تەماشای شۆڕشی ئێران بکات، تەنها گوێی لەو دەنگە دەگرت کەبەدەنگی راستەقنیەی شۆڕشی گەلی پەراوێزخراوی دەزانی و هەر لەبەر ئەمەش وەکو وتەبێژێکی ئەوانی لێهاتبوو، و دەرئەنجامی ئەمەش بووە هۆی دروستبونی تایبەتمەندیەک کەهیچ جیاوازی لەتەک پێش خۆیدا نەبوو.

ئەندێرسۆن دەڵێت: بیروڕا گۆڕینەوە دەربارەی ئەم نوسراوە ٢٥ ساڵانەیە کاتێک بایەخی خۆی دەبێت کەهەندێک لەچەپگەراکان لەباتی رووبەڕووبونەوەی بزوتنەوە ئیسلام گەرا توندڕەوەکان کەسەرجەم بنەماو ئایدیاکانیان لەژێر پێ دەنێن، هێزێکی زیاتر بۆ رەخنەگرتن لەو حکومەتە بەکاربهێنن کەبەحکومەتێکی سوک و ناشایستەی دەزانن.

ئەندێرسۆن دەڵێت: ئەمە بەو مانایە نیە کەئیسلامگەرایی توندڕەوانە لەلایەن پێشکەوتووخوازو لیبراڵە رۆژئاواییەکانەوە پەسەند کرابێت، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە کەئەو لایەنانە وەکو پێویست دەکات بەشێوەیەکی رەخنەگرانە روبەڕوی ئیسلامگەرایی نابنەوە.

هەروەها ئەو دەمەی هەندێک لەو کەسانەی کەئەهلی گفتوگۆکردنن چەند ئەندێشەیەکی سادەو ساکار لەمەڕ (فاشیزمی ئیسلامی) پێشکەش دەکەن، رەنگە لەبەر سادەیی ئەندێشەکانیان بیروڕاکانیان بەهەند وەرنەگیرێت، بەڵام راستیەکی ئەوەیە کەهەرچەندە ئیسلامگەرایی توندڕەوانە خاوەنی روخسارگەلی زۆر جیاوازە، بەڵام لەهەموو وێنەکانیدا دژە فیمینیستەو هەژمونگەرایەو لەهیچ شوێن و کاتێکدا باوەڕی بەخوێندنەوەی جیاوازی ئایینی ئیسلام نیە، رەنگە ئەم بزوتنەوە نەریتگەراو کۆنەخوازانەیە دژی دەوڵەتێکی موحافیزکار بێت - بەڵام ئەو ناکۆکیە نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکاریەک لەنێو ئەو بزوتنەوانەدا، لێرەدا قسەکردن دەربارەی فۆکۆ بە گرنگی و بایەخێکی تایبەتی دەدەینە هەموو ئەو شتانە.

بەڵام ئەو لێکۆڵەرەوانەی تر لێکۆڵینەوەیان دەربارەی فۆکۆ ئەنجام داوە، لەئاڕاستەبوونی فۆکۆ بەرەو مەعنەویەتی سیاسی، بەهایەکی هەمیشەیی دەبینەوە، جیمرنێرنارد کەقەشەیەکی یەسوعیەو لەکۆلیژی بۆستۆن وانەی فەلسەفە دەڵێتەوەو چەند کتێبێکی دەربارەی فۆکۆو خوداناسی نووسیوە، لەو باوەڕەدایە کەپێشوازیی کردنی فۆکۆ لە (مەعنەویەت) سەرچاوەیەکە بۆ چۆنیەتی ئاوێتەکردنی ئایین و سیاسەت. هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: گفتوگۆو بەرکەوتنی نێوان ئاینەکان، هێزێکی گەورە بۆ هەڵچونی گەل فەراهەم دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی گەل تەنها بیر لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی نەکاتەوە، فۆکۆش ئەو توانایییەی هەبوو کەئەو بابەتەو هەروەها ئەو سکۆلاریزمە هەمەگیرەی ژیانی روناکبیری فەرەنسی ببینێت، ئەو توانایییەی کەجێگەی سەرنج بوو باش یان خراپ، مەعنەویەتی سیاسی ئەو شتەیە کە لەگەڵماندایە و فۆکۆ ئەو کەسە بوو کەیارمەتی داین تاوەکو تێڕوانینەکانمان سەبارەت بە مەعنەویەتی سیاسی چڕتر بکەینەوە.■

ئیسلام، کەناکرێت تەنها وەکو ئاینێک تەماشای بکەین، بەڵکو شێوەیەکی تەواو و بەکەماڵ گەیشتووی ژیانەو پەیرەوی کردنە لەمێژوو و شارستانیەتێکی دیاریکراو، دەرفەتێکی باشی لەبەردەستدایە کەبەهۆی ئامادەبوونی سەدان هەزار موسڵمانەوە ببێتە بەرمیلێک باروتی گەورە

لە باکوورەوە

دیسان بۆسە: چوار کوژراو...

ZAMAN ONLINE

لە نێوان هەکاری _ چکۆرجادا مینێکی لەدور کۆنترۆڵکراو بەکامیوینێکی سەربازیدا تەقیەوە.

لەنزیکی گوندی "چغلی" چکۆرجا، PKK تەقەمەنی چ- چواریان چاندبوو کە لەئەنجامدا بە کامیۆنیکی سەربازیدا تەقیەوەو بووە هۆی کوژرانی ٢ ئەفسەرو ٢ سەربازو هەروەها چوار سەربازی دیکەش بریندار بوون. ئەم کامیۆنە هی فەرماندەیی جەندەرمەی گوندی "کۆپریلوو"ە و بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی سەربازی بەرەو گوندی "چغلی" بەڕێکەوتبوو. لەم تەقینەوەدا ئەفسەران خولقی بەیدیلی، تونا کاراو سەربازان ئەرکەوت یەڵمازو بولەنت کیانچ گیانیان لەدەستدا.■

ئەردۆغان: وڵاتێکی ئەوروپی بەئاشکرا یارمەتی ماڵی دەداتە pkk

Radikal

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کاتێک لەمەغولستان گەڕایەوە، لەیەکەم کۆبوونەوەی چاپەمەنی خۆیدا وڵاتێکی ئەسکەندەناڤیای تاوانبار کرد کە یارمەتی دارایی بەداتە pkk. ئەردۆغان ئاماژەی بەناوی ئەم وڵاتە نەکرد، بەڵام گوتی: لەئاییندەدا ئێمە سکاڵای خۆمان پێشکەش بەبەرپرسیارانی ئەم وڵاتە دەکەین و داوای ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەیان لێدەکەین، ئێمە هەڵوێستێکی وامان پێ تەحەمول ناکرێ و بەدوای ئەم بابەتەدا دەچین.

هەر چەند ئەردۆغان ئاماژەی بەناوی ئەم وڵاتە نەکرد بەڵام پێدەچێ مەبەستی نەرویج بێت کە مانگی پێشوو ئەردۆغان سەردانی ئەم وڵاتەی کرد. دامو دەزگاکانی pkk کەڵکیان لەیاسای نەرمی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا وەرگرتووە.■

ئەوروپا بەرامبەر بەکوشتنی "حیکمەت فیدان" بێدەنگە

Radikal

فاتمە پەهلەڤان، پارلەمانتاری پارتی سوسیالیستی بەلژیکا ڕایگەیاند: "میدیای ئەوروپی بەرامبەر بەکوشتنی حیکمەت فیدان بێدەنگن و هیچ هەڵوێستێکیان دەر نەبڕیوە... ڕەنگە مافی خۆشیان بێ چۆنیان دەوێ وا هەڵسوڕێن". پەهلەڤان لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: "میدیای ئەوروپا کاتێک باسی کورد هەیە یەکسەر حکومەتی تورک ڕەخنە دەکەن، بەڵام کاتێک pkk کوردێک دەکوژێ بێدەنگن".

"حیکمەت فیدان" جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی دیموکراسی گەلە DEHAP.دوای دابڕان لەو پارتە چووە ناوریزی نەیارانی pkk وەو هەڵمەتێکی ڕەخنەیی دەستپێکرد. ڕۆژی ٦ی ئەم مانگە تەرمەکەی لەدیاربەکر دۆزرایەوە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن: "pkk فیدانی کوشتووە، چونکە ئەندامی پارتی وڵاتپارێزی دیموکرات pwd بووە".■

هەوڵدانی ئەندامێکی بەرزی PKK بۆ پەنابردنە بەر ئێران

بازتاب

دە رۆژلەمەوبەر لە لایەن "جەمیل بایق" و "دوران کالکان"وە گەڵاڵەی کوشتنی "موراد قەرەیلان" بەڕێوەبرا کە لە ئەنجامدا چوارحیمایەی قەرەیلان دەکوژرێن.

پەیامنێری "بازتاب" ڕایگەیاند: موراد قەرەیلان فەرماندەی پایەبەرزی هێزەکانی پاراستنی گەل HPG داوای پەنابەرێتی لە کۆماری ئیسلامی کردوە. بە گوێرەی ئەم هەواڵانە موراد قەرەیلانی فەرماندەی هێزی پاراستنی گەل گوتوویەتی: "ئەگەر ئەم داوایە قبوڵکرا، ئەواخۆی دەداتە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیەوە.

مانگی رابردو موراد قەرەیلان لە گەڵ ٢٥٠ کەس لە هێزەکانی لە ناوخۆیی تورکیادا کەوتە گەمارۆی سوپای تورکیاوە. ئەمانە بە سوپای تورکیان گوت: ئامەدەین بە هەزار کەسەوە چەکەکانمان دانێین و خۆیمان بەدەستەوە بدەین وکۆتایی بە خوێن ڕشتن بێنین، بەڵام سوپای تورکیا ئەم خواستەیانی قبوڵ نەکردوە و ڕێگەی دەربازبوونی بۆکردونەتەوە.■

پرسی کورد، pkk و یەکێتی ئەوروپا

محەمەد ئاڵتان

و/چاودێر

GAZETEM.NET

محەمەد ئاڵتان – نوسەرو ڕۆژنامەنووسی تورک

کوژرانی جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەل DEHAP واتە حیکمەت فیدان و پاشان ڕووداوی ناوچەی "چەشمە"و دواتر ناوچەی "قوش ئاداسی" جارێکیتر پرسی کوردو pkkو پرۆسەی یەکێتی ئەوروپای خستەوە ڕۆژەڤ...

یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەندامێتی تورکیا هێڵی دانا. ئەگەر دەتەوێ سروشتی تاکەکان و ڕێکخستنەکان و ئامانجەکانیان بناسی سەیری پەیوەندیان لەگەڵ ئەوروپا بکە. چونکە پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێک گۆڕانکاری وای هێنایەکایەوە کە حکومەتی ناچار کرد(هەر چەند تەنها لەسەر کاغەزیش بووبێ) دان بەدیموکراتیزە کردنی تورکیادا بنێ...

ئەوانەی باسی "گۆڕان و وەرگۆڕان" دەکەن چۆنچۆنی سەیری ئەم قۆناغە دەکەن، هەروەها چۆن ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا لێکدەدەنەوە، ئەمانە ڕووی ڕاستەقینەی گشت لایەک دەردەخات...

نکۆلیکەران داخ لە دڵن لەپرۆسەی بەئەندامبوونی یەکێتی ئەوروپاو دژایەتی دەکەن. ئەوانە بەدوای "سیاسەتی خۆیان" و بەختی خۆیانەوەن... ئەوانە لایەنگری ""سیاسەتی گۆڕانین" و لەهەوڵی ئەوەدان کە خۆیان لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بگونجێنن و پێداویستیەکانی جێبەجێ بکەن. جیاوازی سیاسی تورکیا "ئەمەیە".

ئەو ڕۆحەی لەسەردەمی سیستەمی تاقە پارتی تورکیاوە تا ئەمرۆ ماوەتەوە پرسەکانی زیادتر کردووە. بۆ نمونە پرسی کورد یەکێک لەم کێشانەیە...

هەرچی بێ، دیموکراتیزە کردنی پەیوەندی "تاک - دەوڵەت" دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی "هاوڵاتیانمان و لەگەڵ ئەمەدا بەرە - بەرە کێشەکان کەمدەبنەوە. پرسی کوردیش ئاوای لێهات. خۆ گونجان لەگەڵ ستاندرادە جیهانیەکاندا هیوای هەرێمەکەمانی زیاد کردو لەڕووی سیاسیشەوە پێکەوە ژیانی هینایە ئاراوە...

دیارە چارەسەر بوونی بەرە - بەرەی پرسەکان نەچووە دڵی pkkو سیاسەتکارانی دەوروبەری....

هاوڵاتیە کوردەکانیشمان وەکو هاونیشتمانیانی ترمان، نەک دەردەکانیان بەڵکو پێشە ڕۆژی سیاسی خۆیان خستە جێی دەردەکانیان...

سیاسەتمەدارانی کورد کە چەمکی "شەخس پەرەستی"یان پەرەپێداوە، لەباتی ئەوەی دینامیکی پرۆسەی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەهێز بکەن و ماف و ئازادیە سەرەتاییەکان پتەو بکەن و داوای جێبەجێکردنی ئەم پێوانانە بکەن و لەبەرانبەر کۆسپەرەوەکاندا بوەستنەوە و ململانێیەکی حقوقی بەڕێوە بەرن، خۆیان لەپرۆسەی بەئەندامبوونی یەکێتی ئەوروپا دوور خستەوە..

خۆ دوور ڕاگرتن لەپرۆسەی ئەندامبوونی یەکێتی ئەوروپا تەنها بژارەی سیاسەتمەدارانی کورد نیە بەڵکو ئامانجی هەندێک باڵی دەوڵەتی تورکیاشە...

دوبەدوبەدەست لەناودەستی یەک کوسپیان نایەوەو کەشی تیرۆریان بەهێزکرد...

ئایا چەمکی پەیرەو کردنی فەرمانی کەسێک کە حوکمی ئەبەدی هەیەو لە زیندانی سەربازی خەوێنراوە، سیاسەتێکی ئاقڵانەیە؟ ئەمە دورپیانەیەکە لەبەردەم پرسی کوردا...

ئاگامان لێیە کە هاووڵاتیانی بەرەگەز کوردمان پشتیوانی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا دەکەن... بۆنمونە هاووڵاتیانی بەرەچەڵەک کوردمان لەشاری وان لەسەدا ٩٥یان خوازیاری پرۆسەی یەکێتی ئەوروپان..

بەڵام دیارە ئەمە لەگەڵ خواستی سیاستمەداران و لایەنگرانی pkkدا پێکدا دەدەن.

ئەوانەی تا ئەمرۆ دەم لە "دیموکراتیزە کردن" لێدەدەن، لەوەتی ئەم قۆناغە دەستپێکردوە هێڵی خۆیان گۆڕیوە.. ئەو ڕێکخستنەی هێشتا نازانرێ چەندی گەلی کورد تەمسیل دەکات و لەچارەسەری دیکە دەگەڕێ، دەستی بەتیرۆر کردنی مرۆڤە بێگوناهەکان کردووە...

دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا، دیارە بەگوێرەی پێویست کارتی pkk بەکار دەهێنن... بەنزیک بوونەوەی مانگی ئۆکتۆبەر تیرۆر ڕوولەزیاد بوون دەکات.

هەمووومان ئەمە دەبینین.. دیارە حکومەتیش ئەمە دەبینێ.. ئەو دەم ئەمە کاتی بەدەستەوە گرتنی ئینسیاتیڤە.. بۆ ئەوانەی بەدوای بەژەوەندی تاکەوەن کۆسپنانەوەی پرسی کوردو ئەوروپاو جێبەجێکردنی کریتەرو ستاندارەکانی ژیان بۆیان گرنگە.

خوێنرشتن لەپێناوی هەندێ کەس و بەئامراز بوون بۆ دەسەڵاتداران و کۆسپنانەوە لەبەردەم چارەسەر کردنی یەکێک لەگرنگترین پرسەکانی تورکیا خەریکە پەرە دەسێنێ..

جا لەخواریی نەماندەگوت "دیموکراتیزە کردن کلیلی هەمووکێشەکانە" ئەوەتا وردە - وردە دەمامکی ساختەکاران لادەچێ..■

ئەگەری ئەوە هەیە ڕوداوەکە لەوەش گەورەتربێتەوە

گوندوز ئاکتان

و: سەردار سەلیمی

Radikal

گوندوز ئاکتان – نوسەرو ڕۆژنامەنووسی تورک

پێشکەوتن و ڕووداوەکانی دوای ١١ی ئەیلول بووە هۆی گەشەکردنی شەپۆلێکی دژایەتی کردنی ئەمریکا لە دونیای ئیسلامدا. جەماوەری موسڵمان لە پشتی ئەلقاعیدەوە بە دوای دەستێکی ئەمریکاییدا کەوتونەتە جموجوڵ و بڕوایان بەوە هێناوە کە ئەمریکا هەڵگری ئامانجی ڕوخاندنی دنیای ئیسلامە. هەرچەندی ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت، نەرێگا لە تیرۆریزم دەگیرێت، نە دنیای ئیسلامی دیموکراتیزە دەبێت.

لە دوای ڕوداوی "تەزکەرە" (ڕێگەپێنەدانی تورکیا بە سەربازە ئەمریکاییەکان بۆ بەکارهێنانی خاکی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆیشتنە ناو خاکی عێراق) بەملاوە، هێشتا پەیوەندیەکانی تورکیا - ئەمریکا لە ناوسارد و سڕی دایەز ئەمریکا بەڕێگای مافی تورکمانەکانی باکووری عێراق و بابەتەکانی وەکو کەرکوک وpkk دەستی بە سزادانی تورکیاکرد. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی تورکیا و ئەو پەیمانانەی کە دابووی چاوی لە جێگر بوونیpkk لە چیای قەندیل گرت. تەنانەت هەوڵی بێ چەککردنی ئەو ڕێکخستنەشی نەدا کە خۆشی وەکو تیرۆریست ناوی لێدەبات.

ئەمرۆ نیوەی pkk دەربازی خاکی تورکیا بونەتەوەو دەستیان بە چالاکی تیرۆریستانەی! خۆیان کردۆتەوە. لە ڕێگا ئاسنینەکاندا تەقەمەنی دادەنێن، بە کاری تەقاندنەوە لە ڕۆژئاوای وڵاتدا هەوڵی زەربە لێدان لە توریزم (گەشتیاری) دەدەن. گروپێک سیاسەتمەداری چەپی تێکەڵاو بە نەتەوە گەرایی ئەتنیکی و فاشیست و نهیلیست (یانێ لەدەرەوەی زەرەرو زیان گەیاندن بە خۆو کەسانیتر هیچ هەدەفێکیتریان نیە)، بە فەرمانی ئۆجەلان فیدراڵیزم دەپارێزن و ئامانجی یەکگرتنەوەیان هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە فیدراتیڤە کوردیەی باکووری عێراق و پاشان پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخوی کوردی هەیە.

تورکیاش لە بەر ئەشقی یەکێتی ئەوروپا بارودۆخی نائاسایی ڕاناگەیەنێت. Pkk لەوەش دڵنیایە کە ئەمریکا pkk دەپارێزێت، هەربۆیە دەیەوێت تورکیا و ئەمریکا لە باکووری عێراقدا ڕووبەڕووی یەک بکاتەوە.

لە تورکیادا بەرپرسیاری کوژرانی هەرتاکە کەسێک بەدەستی pkk دەخرێتە ئەستۆی ئەمریکا و پەیوەندیەکانمان بە شێوەیەک خراپ دەکات کە دوبارە چاک نەکرێتەوە.

Pkk لە یەکێتی ئەوروپاشدا کار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوام دەکات، بە سەدان کۆمەڵەو ئۆرگانی ڕاگەیاندنی و لایەنگری ئەوروپایی، تیرۆری pkk لە تورکیادا دەوروژێنن و یارمەتی ماددی بۆدەنێرن و پشتیوانی سیاسی لێدەکەن. ئەگەر یارمەتی هەندێک لەو وڵاتانە نەبێت کە دژایەتی بە ئەندامبوونمان لە یەکێتی ئەوروپا دەکەن سیاسەتمەدارێکی کورد ناتوانێ هەمووشتێک بڵێت.

ڕاگەیاندنی ئەوروپا کە بە هەزارانجار چالاکیەکانی مەدرید وەکو چالاکی تیرۆریستی ناودەبات، pkk وەک ڕیکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەد ناکات و چالاکیەکانی بە چالاکی تیرۆریستی نازانێ، بە گوێرەی ئەوان ناوی pkk پارتی کرێکارانی کوردستانە و تیرۆریستەکانیش "میلیتانن" و چالاکییە تیرۆریستیەکانیشیان "هێرشی باڵی سەربازیە".

وادیار دەبێت کە ڕۆژئاوا فەرق و جیاوازی دەخاتە نێوان تیرۆریستەکانەوە. ئەو چالاکی و توند و تیژیانەی کە "قەڵغانی" نەتەوە گەرایی ئێتنیکیان هەبێت وەکوو چالاکی تیرۆریستی لە قەڵەمنادرێت تەنانەت ئەگەرکەسی سیڤیل و مەدەنیش بکوژن.

باشە ئەگەر ئەوروپا لە بەر ئەو هۆیە pkk بە هەق دەردەخات، ئایا لە بەر کێشەی فەلەستین و داگیر کردنی عێراقیش کە هەردوکیان هۆی ڕاستنن، دەکرێت ئەلقاعیدەش بە هەق دەربخرێت؟

لە ڕاستیدا کاتێ کە مایرز و بەرپرسیارانیتر دەڵێن موخاتەبی ئێوەیە، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە مافی موداخلە کردنمان لەو تیرۆریزمەدا هەیە کەوا لە عێراقەوە دژی ئێمە سەر هەڵدەدات.

لە باری یاساییەوە ئێراق لایەنی ئێمە نیە لە کێشەی تیرۆریزمی pkk دا، بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر ئەمە ڕێگریش نەبێت و نەیەوێت ڕێگری لێبکات، ئەوا تورکیا خاوەنی مافی ئەنجامدانی شتی پێویستە.

ئەگەرئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆریزمدا هاوکاری تورکیای دەوێت، ئەوا پێویستە بەدڵنەرمیەوە نزیکی بابەتی بێکاریگەرکردن یاخود ئاستەنگ نانەوە لە بەرامبەر pkk دابێتەوە.■

کورد لەڕوانگەی نوسەرانی تورکەوە..

بەلای تیرۆر

ب. گازەتەجی

و/چاودێر

ZAMAN ONLINE

گوندوز ئاکتان – نوسەرو ڕۆژنامەنووسی تورک

هۆی هەندێک زوڵم ناپرسێ. ماهیەت و جەوهەری لەوێنەی هەمان ساتیدا دیارە. وەک ڕەشاییەک دیارە بە ناوچاوانی مرۆڤایەتیەوە. گرنگ نیە! ئەوەی چالاکیەکی وادەکات ئایا بۆ کردەوەکەی ئامانجێکی پیرۆزی دینی، مرۆیی و شەرعی پێویستە؟ ئەم چالاکیانە بابەتی میتۆدی نین، سەلماندنی ماهیەتن. "من ئەمەم"! ئەمەش هەڵا هەڵایەکی بێکۆتاییە. بە تایبەت چالاکی "بۆمبای گیاندار" لە لایەک وەکووهەم شێوەکانی دیکە تیرۆری مرۆڤایەتی دەکاتە نیشانە: لەولاش پەلاماردانی بناغەی هەست و ڕۆح و ئومێد بەهاکانی مرۆڤە و تێکوپێکدانیانە. سەرکەوتنی ئەم چالاکیانە چین کەبەشدارەکانی پشتەوەیان شانازی پێوەبکەن! ئەو لایەنە خائینەی(!) چالاکی وا ئەنجامدەدات و بەهای مادی و مەعنەوی هەپرون هەپرون دەکات بێلایەن نیە. کوێرەوریەکی وا کە چرای هەموو هەوڵ و ئاواتەکان دەکوژێنێتەوە بەرپرسیلریتی دەخاتە ئەستۆی هەموولایەکمان.

هەندی چالاکی سەداسەد ماهیەت و ناوەرۆکیان هەیە، سەیری ئەوە ناکرێ کێ و بۆچی فلان کردەوەی ئەنجامداوە. ئەوەی پەرانتێز دەکاتەوە بۆتیرۆر، دەرد دەپێچێتەوە بەسەریدا. ئەگەر ئێمە ئەمرۆ دوابەدوای ڕوخانی کۆمۆنیزم، هێشتا بە دەس ئەم جۆرە کێشانەوە دەناڵێنین، هەمووی لە سۆنگەی تیرۆرەوەیە. تیرۆر دەرفەتە پەرچە کرداریە شەرعی و ڕاستەقینەی و جدیەکانی خۆی تێکدا. ئەگەر ئەمرۆ کاردانەوەیەکی تیر دژبە تیرۆر لە ئارادانیە، ئەوا لە هەمووبوارێکدا هەر جۆرە کاردانەوەیەک، مانا، ماهیەتو هاوسەنگی و شانسی خۆی لە دەسدەدات. تەخریباتی تیرۆر هاوتەریبە لە گەڵ نەمانی کاردانەوەی دژبە تیرۆردا و پێکەوە بەرێوە دەچن. ئەو نادڵسۆزی و لادانەی بینیومانە وەکوو یەکەمین ئەنجامی تیرۆر دێتە مەیدانەوە "خودوشیاری لێپرسراوانە" تێکدەداو وەکوو" خانەی شێر پەنجە" شیرازەی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەگەر نەمانتوانیوە ڕیشەی هیچ پرسێک بناسین و چارەسەری بۆ وەدۆزین لە بەر ئەوەی باسمانکرد نەماندۆزیتەوە بیست ساڵ واتە لە ١٩٦٠ وە تاوەکوو ١٩٨٠ بە تیرۆری چەپەوە خەریک بووین. بیست ساڵیش هەر لە ١٩٨٥ وە تاکوو ٢٠٠٥ بە تیرۆری نەتەوەییەوە خەریکین. ئەمانە درۆزنین: خاوەنی ڕەگ وریشەن. سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیمان تێکچووە. میزاجمان گۆڕاوەو بوونە مرۆڤی بێموقەید، بێ سەبر، بێ هێز، ناهاوسەنگ، نابەرپرسیار، سەرلێشێواو، ناوشیار و نا ئومێدز دیسان نالێم "وەرگۆڕاوین".

یەکێک لەئەفسەرە کوژراوەکانی سوپای تورکیا

ئەگەرتیرۆر نەبوایە ئەوائەمرۆ تورکیا لە پێشەوەی یۆنانەوە دەبوو. نە بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و کەوتینە حاڵەتی لالانەوە و پارانەوە و ئەگەر تیرۆر نەبوایە شیرازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵنەدەوەشایەوە... کاتێک وێنای دەکەم دەڵەرزم: ئەگەرتیرۆر نەبوایە ئەم دنیایە دنیایەکی تر دەبوو. من تەنانەت بیر لە منداڵەکانیشم ناکەمەوە، خەمی نەوەکانمە ئێمە دنیایەکی چۆنیان بۆ بە جێ دەهێڵین؟■

..پاشماوەی پرۆژەی پێشنیازکراوی لیستی ئیئتیلاف (شیعەگەرا) بۆ لیژنەی داڕشتنی دەستوری عێراقی

...... بەزۆرینەی رەهاو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران دەرئەبڕێت.

ە-راستاندن لەسەر راگەیاندنی حاڵەتی کتوپڕو نائاسایی ئەمیش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

و-لابردنی سەرۆک کۆمارو سەندنەوەی متمانەو باوەڕ لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لەوەزیرانیش بەکۆمەڵ و تاک و جیا جیا بەزۆرینەی دوولەسەر سێ.

ز-لێپرسینەوە لەسەرەک کۆمارو جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرەکان و هەر لێپرسراوێکی تری خوار پلەی ئەوان لەهەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و قەزایی، و لێکۆڵینەوە لەسەریان و داواکردنی زانیاری لێیان بەئامادەبوونی خۆیان لەبەردەمیا ئەمیش لەسەر داواکردنی سێیەکی ئەندامەکانی.

م/٢١: کۆمەڵەی نیشتیمانی، ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی عێراقی و سەرۆکی ئەندامانی مەجلیسی ئاسایشی نیشتیمانی دەرئەبڕێت، ئەمیش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

م/٢٢: کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆی هەیە چاو بەو قەرزانە یا ئەو پرۆژانەدا بخشێنێتەوە کە حکومەتی عێراقی ئارەزووی بەستنیان دەکات و لەئەنجامیانا بڕێک لەغەزنەی دەوڵەتیان بۆ سەرف دەکرێت.

م/٢٣: کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆی هەیە متمانەو باوەڕ لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی کۆی ژمارەی ئەندامەکانی بسەنێتەوە، ئەویش لەسەر داواکردنی:

١-داواکردنی پێنج یەکی (٥/١) ئەندامانی کۆمەڵە.

٢-یا لەسەر داواکردنی سەرۆکی کۆمار بۆئەوەی متمانەی لێبسێنرێتەوە، لەبەر چەند هۆیەکی جەوهەریی بەهانەدار.

٣-یا ریسواکردنی لەلایەن دادگای باڵاوە.

ب-

١-لەکاتی سەندنەوەی متمانەو باوەڕ لەوەزارەت، وەزارەت خۆی کارەکان بەڕێوە دەبات تا پێکهێنانی وەزارەتی نوێ لەماوەیەکدا ئەوپەڕی تەنها مانگێکە.

٢-لەکاتی دەسکشانەوەی سەرەک وەزیران لەکارەکەی، جێگری سەرەک وەزیران کارەکان بەڕێوە دەبات تا دامەزراندن و پێکهێنانی وەزارەتی نوێ لەماوەیەکدا ئەوپەڕەکەی تەنها مانگێکە.

م/٢٤: کۆمەڵەی نیشتمانی بۆی هەیە متمانە لەوەزیرەکان بەتاک و کۆمەڵ بسێنێتەوە ئەویش بەزۆرینەی ڕەهای دەنگ لەو حاڵەتە پێویستانەدا کەلەنەبوونی لێهاتویی و دەسپاکی دەکەونەوە.

م/٢٥:

أ-کۆمەڵەی نیشتمانی راستاندن لەسەر راگەیاندنی شەڕو حاڵەتی کتوپڕ بەزۆرینەی یەک لەسەر سێ دەدات ئەمیش لەسەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی کۆماردا.

ب-ماوەی حاڵەتی کتوپڕ بەیەک مانگ دیاری دەکرێت و قابیلی درێژکردنەوەیەو لەهەموو جارێکدا تەسدیق دەکرێت.

ج-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپشک دەکرێت بە بەخشینی دەسەڵاتی پێویست پێی، کە وای لێدەکات بتوانێت ئیشوکاری وڵات ببات بەڕێوە لەماوەی راگەیاندنی حاڵەتی کتوپڕو شەڕا، ئەم دەسەڵاتانەیشی بەپێی یاسایەک ڕێکدەخرێن.

لەحاڵەتی بوونی ئەنجومەنی هەرێم و پارێزگاکان، موسادەقە لەسەر بڕیاری ڕاگەیاندنی شەڕو حاڵەتی کتوپڕ لەلایەن، کۆمەڵەی نیشتمانییەوە دەبێت، کە کۆمەڵەی نیشتمانی و هەرێمەکان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ لەخۆ دەگرێت.

ماف و ئامێزگرتنی دیپلۆماسی (حصانە)

م/٢٦:

أ-ئەندامی کۆمەڵەی نیشتیمانی مافی ئامێزگرتنی دیپلۆماسی دەبێت لەسەر ئەو بیروڕایانەی کە کاتی بەستنی دانیشتنەکان دەریانەبڕێت و لەسەر ئەمانە ڕوبەڕوی دادگا ناکرێتەوە. نابێت کاتی بەستنی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بگیرێت تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە بەتاوانێک تۆمەتبار کرابێت ئەویش بەڕەزامەندی باقی ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی حەسانە لێی بەزۆرینەی رەها یاخود ئەگەربەئاشکرا بەتاوانەوە گیرا.

ب-ئەندام سوود لەو ماف و ئیمتیازانە دەبینێت کەپەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی نیشتیمانی بەپێی یاسای مورەکەب دیارییان دەکات.

م/٢٧:

أ-چاوخشاندن بەو لادان و شتە پێچەوانانەی کەپەیوەستن بەدروستی مەرجی وەرگرتنی ئەندامێتی، تایبەتە بەئەنجومەن.

ب-ئەندامێتی بەپوچکراوە ناژمێردرێت تەنها بەبڕیارێک نەبێت لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی و بەزۆرینەی سێیەکی ئەندامەکانییەوە دەرچوبێت.

ج-دەکرێ تانە لەبڕیاری کۆمەڵەی نیشتیمانی بدرێت ئەویش بەپوچەڵکردنی ئەندامێتی لەبەردەم دادگای ئیتیحادی باڵادا.

ب-یاسایەکی ئیتیحادی دەرئەکرێت ئەو ئیجرائاتانە دیاری دەکات کەپێویستە لەم بارەیەوە پەیڕەو بکرێن.

ە-قبوڵکردنی داواکاری دەستکێشانەوەی ئەندامانی کۆمەڵە، تایبەتە بەکۆمەڵەی نیشتمانی.

م/٢٨: کۆمەڵەی نیشتیمانی لەکاتی بوونی بەهانەی جەوهەریدا بەڕەزامەندیی سێیەکی ئەندامەکانی خۆی هەڵئەوەشێنێتەوە ئەمیش لەسەر داواکارییەک لەلایەن سێیەکی ئەندامەکانییەوە بەرز دەکرێتەوە یا لەسەر داواکاری ئەنجومەنی وەزیران و بەڕەزامەندی سەرەک کۆمار دەبێت.

کاتێک کۆمەڵەی نیشتیمانی خۆی هەڵوەشاندەوە، ئەنجومەنی وەزیران داوای هەڵبژاردنێکی گشتی لەوڵاتدا دەکات لەماوەیەکدا ئەوپەڕی سێ مانگە.

فەسڵی دووەم
دەسەڵاتی جێبەجێکردن

م/١: دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەرەک کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت.

م/٢:

أ-کۆمەڵەی نیشتیمانی سەرۆکی کۆمارو جێگرەکەی بەزۆرینەی ڕەهای دەنگ هەڵدەبژێرێت.

ب-ماوەی ولایەتی سەرەک کۆمارو جێگرەکەی بەپێنج ساڵ و بۆ تاکە خولێک دیاری دەکرێت.

م/٣:

أ-سەرەک کۆمار بۆی هەیە داوانامەی دەستکشانەوەی خۆی لەکار بەنووسین پێشکەش بەکۆمەڵەی نیشتیمانی بکات کە لەماوەیەکدا لەپانزە ڕۆژ لەمێژووی پێشکەشکردنی داوانامەکە تێپەڕ ناکات لێی دەکۆڵرێتەوە و بەیەکلایی بڕیاری لەسەر دەدرێت.

ب-لەکاتێکدا پلەو پایەی سەرەک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک بە بەتاڵی مایەوە ئەوە جێگرەکەی بەشێوەیەکی کاتی ئەرکەکانی دەگرێتەوە ئەستۆی خۆی و کارەکانی بەڕێدەکات و لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانیشە سەرۆکێکی تازە لەماوەیەکدا مانگێک لەو مێژووەوە تێنەپەڕێنێت هەڵبژێرێت.

م/٤: سەرەک کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

أ-دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ب-سەرکردایەتی باڵای هێزی چەکدار ئەویش تەنها بۆ مەبەستی تەشریفی و بۆنەی ئاهەنگ گێڕان.

ج-ئیمزاکردنی لەسەر پەیماننامەو ڕاستاندنیان (تصدیق) پاش ئیزنی کۆمەڵەی نیشتیمانی.

د-بانگکردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆ کۆبونەوەو بەستن لەماوەیەکدا لەپازدە ڕۆژ تێنەپەڕێت لەمێژووی دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە.

ە-ڕاستاندنی ئەو یاسایانەی کەکۆمەڵەی نیشتمانی دەریان دەکات و بۆی هەیە هەڵیانبوەشێنێتەوە هەر یاسایەک بکات کە لێوە دەرئەچێت لەماوەیەکدا لەیازدە ڕۆژ تێنەپەڕێت لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنییەوە، بەو مەرجەی یاسای ناوبراو بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی بڕیارەکەیشی ئەمجارە کۆتاییی پێهاتووە لەحاڵەتی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەری بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ، لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەویش لەمێژوی گەڕانەوەکەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی.

و-بەخشینی نیشانەو میدالیاو لەقەبی تەشریفی ئەویش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ج-دەرکردنی مەراسیمی تایبەت بەدامەزراندنی سەرۆکی ئەرکانی سوپاو سەرۆکی دەزگای موخابەرات و باڵیۆزو سەرۆکی دادگای ئیتیحادی و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای قەزاو گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت لەسەر ڕاسپاردەی سەرەک وەزیران.

م/٥:

أ-لەماوەی تێپەڕبونی یازدە ڕۆژبەسەربەستنی یەکەم خولی کۆمەڵەی نیشتیمانیدا، سەرەک کۆمار لەکیتلەی نیابی و لەزۆرترین ژمارە ناو لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنێ.

ئەگەر سەرۆکی پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەناونانی ئەندامەکانی وەزارەتەکەیدا سەرنەکەوت ئەوە لەوکاتەدا سەرەک کۆمار ناو لەپاڵێوراوێکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی وەزیران ئەنێ.

ب-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مانگێک لەمێژوی ناولێنانی خۆی ناوی ئەندامانی وەزارەتەکانی خۆی ئەهێنێ.

ج-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوی ئەندامانی حکومەتەکەی و بەرنامەی وەزاری دەخاتە پێش چاوی کۆمەڵەی نیشتیمانی، کاتێک بەزۆرینەی ڕەهای دەنگ ڕەزامەندی لەسەر وەزارەت و بەرنامەی وەزاری درا، ئەوە بەمتمانە وەرگری کۆمەڵەی نیشتیمانی دائەنرێت.

د-بۆ وەرگرتنی پلەو جێگای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یا جێگاو پایەی وەزیر هەمان مەرج پێویستە کەتایبەتە بەئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی.

م/٦: لێپرسراوێتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان سروشتێکی هاریکاریانەی هەیەو وەزارەت ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

أ-ئامادەکردنی موازەنەی گشتی و نەخشەی گەشەپێدان.

ب-دەرکردنی پەیڕەو و زانیاری بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاساکان.

ج-پێشنیازکردنی پرۆژەی یاساو پێشکەشکردنی بەکۆمەڵەی نیشتیمانی.

د-ڕاسپاردە بەمەبەستی دامەزراندنی باڵیۆزو وەکیلی وەزارەتەکان و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت، لەوانە سەرۆکی ئەرکانی سوپاو ئەندامانی دەستەی ئەرکانی سوپاو سەرۆکەکانی دەزگاکانی ئاسایش پاش ڕەزامەندی کۆمەڵەی نیشتیمانی.

ە-پێکهێنانی دەزگاکانی ئاسایش ڕێکدەخات و ئەرک و دەسەڵاتیان بەیاسایەک دیاریدەکات.

م/٧: سەرەک وەزیران خۆی فەرماندەی گشتی دەسبەکاری هێزی چەکدارەو وەزارەت بەڕێوە دەبات و سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی دەکات و لەمەحافیلی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتی عێراق دەکات و مافی ئەوەی هەیە وەزیرەکان لابدات ئەمیش پاش ڕەزامەندی کۆمەڵەی نیشتیمانی و بەزۆرینەی ڕەهای دەنگ.

م/٨:

دەزگاکانی ئاسایش پەیوەندییان بەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت و لەمەسەلەی ئاسایشدا ڕەشنوس دەخەنە بەردەستی و دەکەونە ژێر چاودێری دەسەڵاتی یاسادانانەوە و بەپێی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ کاردەکەن.

م/٩: بانقی سەرەکی عێراق و دەستەی چاودێری دارایی و دەستەی ئەوقاف دەستەگەلێکی سەربەخۆن پەیوەندییان بەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت و کارەکانیان بەیاسایەک ڕێکدەخرێت.

پێشنیازی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی و دانانی ئالیەتی کارکردنی.■

لەپەیامنێرانمانەوە

بێ سەروشوێن بوونی دوو گەنج لە هەولێر

پ. هەولێر:

ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە گەنجێک بەناوی زەردەشت سلێمان محەمەد کە تەمەنی ١٧ ساڵانەو فەرمانبەرە لە هەولێر لە ماڵ دەردەچێت و ناگەڕێتەوە، ناوبراو لەو کاتەوە بێ سەروشوێنەو کەس وکاری و دەزگاکانی ئاسایشیش هیچ لەبارەی ناوبراوەوە نازانن. هەر لەشاری هەولێر ڕێکەوتی ٧/١٦ گەنجێکی تربەناوی بەڵێن حەکیم مەولود کە تەمەنی ١٥ ساڵانەو خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندیەو دانیشتووی شارەدێی قەتەوییە، لەماڵ دەردەچێت وتاکوو ئێستا نەگەڕاوەتەوەو بێ سەروشوێنە.■

لەسەر پارە، سێ گوللەیان نا بەسەریەوە

ڕۆژی ٧/٢٢ هاوڵاتی (حەمەی شەمە) دانیشتوی گۆپاڵە، پاش ئەوەی کەهەندێک پارەو ئاڵتونی بۆ دەنێرن (حەواڵە)، دێتە سلێمانی بۆوەرگرتنی، لەکاتی گەڕانەوەیدا، ناوبراو دەکوژرێت و پارەکەی لێ دەدزن، بەڵام ئاڵتونەکە بەجێ دەهێڵن، تەرمەکەشی لەخوارووی گۆپاڵەوە فرێ دەدرێت و شوێنەواری سێ فیشەک بەسەریەوە دیارە، تائێستاش بکوژانی نەدۆزراونەتەوە.■

لە بنەسڵاوە لە دوو یاریدا شەڕو تەقە دەکرێت

پ. هەولێر:

پێش چەند ڕۆژێک لەمەو بەر لە دوو یاری جیاجیادا کە یاری یەکەم لە نێوان تیپی حەمرین و تۆبزاوە بووە، لە ئەنجامی کۆتایی یاریەکەدا تیپی تۆبزاوا سەر دەکەوێت و، چەند چەکدارێک لە هاندەرانی هەمان تیپ بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە تەقەی خۆشی دەکەن، هەروەها تیپی ئەستێرە لەیاریەکی دۆستانەی نێوخۆیاندا بەهۆی کێشەیەکی لاوەکیەوە شەڕ ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی میلی تفەنگ لەیەکتری. جێی باسە لەو ماوە درێژەی شەڕو ئاژاوەکاندا هیچ دەزگایەکی پۆلیس و ئاسایش نەگیشتووەتەوە شوێنی ڕووداوەکە.■

بەڕێوەبەری (خۆیەتی و ئەمنی) نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵان لادەبرێن

پ. هەولێر

لە نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵان لە شاری هەولێر هەر دوو بەرپرسی خۆیەتیو ئەمنی نەخۆشخانەکە بەناوەکانی (ئەیوب و کوردۆ) لەسەر کار لادران، شایەنی گوتنە ئەم دووانە هەردووکیان کادیرێکی حزبی بوون و، بەڵام لەبەر خراپ ئاراستەکردنی کاروباری نەخۆشخانەکەو سەرپێچی لەکارەکانیان لەرووی پاک وخاوێنیەوە، لە کارەکانیان لادران وکەسێکی دیکە بەناوی (خوناو) لە شوێنی ئەوان دانرا، هەروەها لە کاردانەوەی لادانی ئەم دوو کەسە، میهاد ناوێک کە بەرپرسی کارگوزارییە لە نەخۆشخانەکە دەستی لەکار کێشایەوە.■

ئاویان نیە، دەبێت پارەی ئاویش بدەن

پ. هەولێر

کۆمەڵێک ماڵی هاووڵاتیان لە گەڕەکی (گوڵان)ی سەر شەقامی (١٠٠م)، تا ئێستا تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەیان نییەو بە تانکەر ڕۆژانە ئاو دەکڕن، کەچی مانگانە پسوولەی ئاویان بۆ دەچێت.■

ئۆتومبیلێکی زێڕەڤانی تەقە لە دوو هاووڵاتی دەکات

پ. هەولێر:

شەوی سێشەممە ٢٠٠٥/٧/١٢ لە نزیک شەقامی شەست مەتری و لەسەر جادەی هەڵەبجە شەهید، لەبەردەم باخچەی پەپوولەکان، لاندکرۆزێکی زێرەڤانی تەقە لە ئوتومبیلێکی جۆری BMW ڕەنگی ڕەش دەکات کە دووکەسی تیا بووە، دوای تەقەکردن و ڕاگرتنیان، دەکەونە لێدانیان و سەرو گوێلاکیان دەشکێنن و هەروەها ئەو هاووڵاتیانەی کە لەنزیک ڕووداوەکە دەبن بەر لێدان دەکەون.

شایەنی ووتنە بە بیانووی ئەوەی کە ئەم دوو کەسەی ناو ئۆتۆمبێلەBMWکە تیرۆرستن و گرتوویانن. بڵاوەشیان بە خەڵکەکەی دیکە کردووە. هەروەها شایەنی باسە یەکێک لەزێرەڤانەکان لەشۆفێرێکی ژنیان داوە لەسەر ئەوەی پرسیاری گرتنی ئەو کەسانەی لێ کردوون. بە گوتەی ئەو خەڵکانەی کە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون، زێرەڤانی لە شوفێرێکی (ژن) یشیان داوە، کە پرسیاری لێیان کردووە بۆ ئەوانە دەگرن ولێیان دەدەن.■

سێ چەکدار لە کاسبکارێک دەدەن

پ. هەولێر

ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٨ کاسبکارێک بەناوی (هەڵمەت بەهادین) ماڵی لەگەڕەکی شەهیدانی سەر ڕێگای مەخموورە و لە کارگەی دروست کردنی کاشی کاردەکات، لە کاتێکدا کە بەر لەبانگی بەیانی بەرەو شوێنی کارکردنی دەڕوات، سێ چەکدار ڕێگای پێدەگرن و لێیدەدەن تا زۆربەی ئەندامانی لەشی دەشکێنن و دواتریش وویستویانە بیکوژن، بەڵام ڕۆژهەڵدێت بەسەریاندا و دنیا ڕووناک دەبێتەوە، بۆیە لێیدەگەڕێن و جێیدەهێڵن.■

ژیانی هاووڵاتیەک بە (٨) دەفتەر دۆلار

پ. سۆران

ڕۆژی چوارشەممە٢٠٠٥/٧/٢٠ دوو هاولایتی خەڵکی گوندی باڵەکیانی قەزای سۆران بەناوەکانی (ستار محمد همزە و میرخان قاسم احمد) لەسەر ڕێگای بەعقوبە-بەغداد دەکەونە دەست تیرۆرستان، دواتر میرخان ئازاد دەکرێت، بەو مەرجەی کە بۆ ماوەی یەک هەفتە (٨) دەفتەر دۆلاری ئەمریکی ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ستاریش ئازاد بکرێت ئەگینا دەکوژرێت.شایەنی باسە ئەم دوو هاولایتیە بەمەبەستی بازرگانی سەردانی بەغدایان کردوە.■

لەناوچەی شارەزوور هاووڵاتیەک دەکوژرێت

پ. سەیدصادق

٢٠ ی ئەم مانگە هاوڵاتییەکی گوندی زەنگی سەری ناوچەی شارەزوور کە بەمەبەستی قاچاخی کردن چەندین سەر وڵاخ بۆ سنوری ئێران دەبات لەڕێگەدا دەکەوێتە مەفرەزەی پۆلیسی گومرگەوە و ناوەستێت لەئەنجامی ئەمەدا پۆلیسەکان تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. کەسوکاری کوژراوەکەش دوو پۆلیس بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەگرن و دواتر ئازادیان دەکەن.■

بۆ یەکەم جار لەسەیدصادق سەنتەرێکی ئینتەرنێت دەکرێتەوە

پ. سەیدصادق

بەرواری ٢٠٠٥/٧/٢١ بۆ یەکەم جار پاش چاوەڕوانییەکی زۆر لە سەیدصادق سەنتەرێکی ئینتەرنێت کرایەوە، شایەنی باسە سەنتەرەکە لەلایەن هاوڵاتیەکی کوردی تورکیاوە کراوەتەوە، هەرچەندە پێش دوو ساڵ لەمەوبەر لەڕێگەی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی شارەزوورەوە ڕێکخراوێکی ئەمەریکی هێڵی ئینتەرنێتی هێنایە سەیدصادق بەڵام تاوەکو ئێستا لەژوری بەڕێوەبەری ناحیەدا دانراوە و کاری پێناکرێت لەگەڵ ئەوەشدا پارەی دوو ساڵی هێڵەکە لەسەرەتاوە دراوە.■

دەربەندیخان ئەو ناوچەیەی زۆرترین ڕۆژنامەی تێدا دەفرۆشرێت

پ. دەربەندیخان

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن هەندێک لەسەرنووسەرو دەزگاو بەشە داراییەکانی ڕۆژنامەکان و نووسەرو پەیامنێرەکان و شارەزایانی بواری ڕۆژنامەگەری باس لەوە دەکەن کە لەشارۆچکەی دەربەندیخان ڕۆژنامەکانیان زۆر بەباشی دەفرۆشرێت، وە هەریەک لەحیزب و ڕێکخراو دەزگاکانیش ئەوەیان ڕاگەیاند کە کەسانێکی زۆر ئامادەباشی ئەوەن کەدێنە لایان بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە. جگە لەوەش کەسانێکی زۆری ئەم ناوچەیە سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەنووسین.■

گەنجانی سۆران بەرەو هەندەران

پ. سۆران

لەکۆتایی مانگی حوزەیرانەوە ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی سۆران و دەوروبەری بەرەو هەندەران بەڕێکەوتوون، کە ژمارەیان زیاتر لە ٦٠ گەنج دەبێت، هۆکارەکەشی بەپێی بۆچوونی گەنجان خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ بەدینەهاتنی هیواو ئاواتەکانیان و ڕەش بینیان بەرامبەر بە دوارۆژ.■

دۆزینەوەی چەندین کتێبی ئاینیی لەسۆران

پ. سۆران

ڕۆژی دوو شەممە ٢٠٠٥/٧/١٨ سێ گوشی پڕ لە قورئان و تفسیر و پەرتووکی ئایینی لەسەرگۆڕستانی کەورین لە قەزای سۆران فرێدران، دواتر لەلایەن ئاسایشی سۆران کۆکرانەوە، گومان دەکرێ لەلایەن کەسانێکەوە فرێدرابن کە گومانی ئیسلامی بونیان لێ دەکری و ڕەنگە لەکاتی پشکنین گومانی زیاتریان بکەوێتە سەر، لەوانەشە وەک کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر بە دژایەتی کردنی ئاینی ئیسلام دوای ئاشکرابوونی گروپەکەی شێخ زانا.■

لەتازە خورماتوو دوو کورد بریندار دەکرێن

پ. داقوق

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لەتازە خورماتوو سەیارەیەکی نەناسراو خۆی دەکێشێ بەسەیارەی (فاروق حاجی فارس)، دوای دەنگە دەنگ و هەڕەشە لێکردن (فاروق) پەنا دەباتە بەر تەکیەی (شێخ محەمەدی کەسنەزان) کەسێ پاسەوانی لێیە دوانیان عەرەبن و پاسەوانێکیان کورد دەبێت، دواتر کەسوکاری سەیارە نەناسراوەکەو پۆلیسی تازە خورماتوو دەچن لە (فاروق) و پاسەوانە کوردەکە دەدەن و لەئەنجام دا بریندار دەکرێن. دوو ڕۆژ لەنەخۆشخانە دەکەون، شایانی باسە یەکێ لەوانیش بەدەستی فاروق برندار دەبێ، دواتر پۆلیسی داقوق پێی دەزانێ کە ئەو خەڵکانەو هەندێ لەو پۆلیسانەی تازە خورماتوو سەر بەباندێکی دزن، دەچن بۆ گرتنی بریندارەکە کە لەنەخۆشخانە کەوتووە ئەویش هەڵدێت و تائێستا دەستگیر نەکراوە.■

دیدی رۆژئاواییەکان لەبەرامبەر ئێرانی دوای ئەحمەدی نەژاد

کامیار حسامی

بێگومان سەدەی بیستویەک ئەگەر چی بەڕای زۆربەی جیهانبینەکان دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی شوناس بەمانای شوناسێکی چوارچێوەداری میتۆدیو تیۆریەوە، بەڵام لەهەمان کاتداو بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی سەردەمی ئێستای پێدا تێپەڕدەبێت، دەبێتە سەدەی کرانەوەو وەک یەکبونی چەمکەکانی دیموکراسیو کومەڵی مەدەنیو حکومەتی نادینی (عەلمانیەت)، بەجۆرێک سەرجەم ئەو دەرهاویشتانەی کە لەئەنجامی کارایی ئەم چەمکانەوە بەدیار دەکەون، دەبنە پێوەرگەلێکی گونجاو بۆ لەسەنگدانی کۆمەڵگا مرۆییەکان لەسەرتاسەری دونیادا. هەر بۆیە سانا نیە لەسەردەمێکدا کە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەرەکان تێیدا گشتیو ئاشکرا بونەتەوە، دەوڵەت یاخود حکومەتێک لەحکومەتەکانی دونیا هێڵی (x) ڕاستو چەپ بەسەر پرۆژەی یاخود قۆناغی جیهانگیری لەسەر دەستی گەورە هێزەکانی دونیا بهێنێتو بیەوێت لەخشتەیان بەرێت. ڕەنگە ئەفغانستانو عێراق زەقترین نمونەکانی سەرکێشی کردن بوبێتن لەگەڵ ئەو ڕەوتە جیهانگیرییەی کە دەخوازێت جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بخاتە حەوشەی خۆیەوە بەئارەزوی خۆی دیوار هەڵچنیو دیوار دروست بکات. هەربۆیە کوماری ئیسلامی دەبێتە سەرنجراکێشترین پنت لەدیدی دونیای ڕۆژئاواوەوە بۆ بەردەوام بوونی بیانووەکانیان لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی، وەستانو تێرامان لەم کۆمارە هەندێجار توشی شۆکت دەکاتو واهەست ناکەیت لەمەرامو نیازی ڕاستەقینەی باڵادەستانی ئەم جۆرە فەرمانڕەوایەتیانە بگەیت. لێرەوە بەگرنگی دەزانین چەند تێڕوانینێکی نێودەوڵەتی نوێ بەپلەی کاردانەوە لەبەرامبەر هاتنە سەرکاری گەورە توندڕەوەی ئێران (ئەحمەدی نەژاد) وەک سەرەک کۆماری وڵات، هەرچەندە بەبڕوای زۆربەی چاودێرانە لەم قۆناغە بەدواوە تاکی ئێرانیش بەشدارە لەو چارەنوسەی بەسەریدا دێت، دیارە دوای هەڵبژادنی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرەک کۆمار بۆ خۆیان. لێرەوە دوا گۆڕانکاریو کاروکاردانەوەی چەند دیدێکی ڕۆژئاوایی لەهەرەمی دەسەڵاتی سیاسی ئەورووپادا دەخەینە روو، کە دوا بەدوای هەڵبژادنە سەرۆکایەتیەکانی ئێران لەچەندین کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسیو کۆڕو کۆنفرانسی نێونەتەوەییدا لەبەرامبەر کۆمارو فیکری ئایەتوڵلاکاندا باسی لێوەکراوە، کە دەشێت بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی داڕوخانی سیاسیو دیپلۆماسیو کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامی بکەن لەبەرامبەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

پاش هاتنەسەر کاری سیحرئامێزی گەورە توندڕەوی ئێران بۆ سەر کورسی سەرکۆماری، ئەوەت لاڕون دەبێتەوە کە تا چەندە میلەتی ئێران ئاگایان لەئایندەو ئێستای خۆیان هەیە لە نێو ڕەوتی ژیانی مەدەنیو کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا؟ لانی کەم بیست میلیۆن دەنگدەر هاتنی ئەحمەدی نژادیان ئیمزاو پەنجەمۆر کرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمی لەو جۆرە دین دەوڵەتیانە لایەنگرێکی زۆری لەئێراندا هەیە، هەر ئەمەش ئەگەری مانەوەو بەردەوامی بەخشیوە بەو سیستمی فەرمانڕەواییە.

لە کاتێکدا خودی (احمدی نژاد) بەپیاو کوژ و توندڕەوی فەندەمنتاڵیستی نێو کاندیداتۆرەکان بوو ناودەبرێتو تاوانبار دەکرێت، کەچی زۆرینەی دەنگی هێناوە بۆ سەرۆک کۆمار، ئەمە وامان لێدەکات لەئاست هاتنی ئەم کەسە چاوەڕوان نەکراوە وەقفەیەک بکەین وڕای نێو دەوڵەتی لە بەرچاوبگرین:

-ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردو ١٣/٧/٢٠٠٥ لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا (کۆنگرەی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەهەڵبژاردنەکانی ئێرانو سەرئەنجامەکانی لەسەر قەیرانی ئەتۆمیو پشتیوانیکردنی ئێران لە تیرۆر) بەڕێوە چوو، کە سەرۆکی پێشوی دەزگای ئاسایشی فەرەنسی (ئیڤ بونە) سەرۆکایەتی دەکردو ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتارانی ئەورووپای یەکگرتووی تێدا ئامادەبوون، لەکۆنگرەکەدا باس لەوەکرا کە تاچەندە ئەو هەڵبژاردنانەی ئێران نادروستو گاڵتە جاڕی بووە دەوڵەتی دینی چەند هەوڵی داوە قورسایی و سەنتەری خۆی لەنێو حکومەتو میللەتدا بهێڵێتەوە! ئەحمەدی نەژادی پاسدار دەستی بەچەندین تاوانی جۆراوجۆر سورە، هەر بۆیە هەڵبژێردراوە، بۆ پەرکێشی نواندنی زیاترلە بەرامبەر ئەمریکاو ئەورووپا بەگشتی.

-بە هەمان شێوە سێ شەممە ٧/١٤ لەڕۆمای ئیتاڵیا کۆنگرەیەک بەڕێوەچوو لەژێر ناوی (ئێرانو دەسەڵاتی تەندرەویو هەڵوێستی حکومەتی ئیتاڵیا لەبەرامبەریدا) بەسترا، سەرنجی زیاتر خرایە سەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی (ئەحمەدی نەژاد)و بوونی ئەو بەسەروک کۆمار، دیارە بەڕای ئەوان هاتنی کەسێکی خوێن ڕژو بکوژی وەک ئەحمەدی نەژاد، بۆچوونو روانینی چەسپاو کۆنکرێتی فەرمانڕەوایانی دینیی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت، لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی هەوڵی ڕیفۆرمخوازیو دەرهاوێشتە تێگەشتنەکانی، وەک چۆن دەبێتە سومبولی ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دانوستانێک لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەورووپاو ئەمریکادا.

-لەلایەکی ترەوەو دەربارەی هەمان تەوەرە لەکۆنفرانسێکی تایبەت بەهەڵوێستەی نوێی ئەمەریکا بەرامبەر بەئێرانی دوای هەڵبژاردن (پەیمانگای لێکۆڵینەوە نێونەتەوەیەکان لەئەمریکا) ڕایگەیاند: هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، گڵۆپی سەوزە بۆ دەست بەکاربونەوەو پەرەسەندنی کارەتیرۆریستیەکان لەسەرانسەری دونیادا.

-هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەی (کلنداشتات ئانسایگەر) ڕایگەیاند: سەرۆکە نوێکەی ئێران تاوانبارە بەتیرۆرو ڕەشەکوژی لەبەرامبەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، ئەمە جگە لەفایلی دە ساڵ لەمەوبەری (CIA)ە لیوان لێوە لەبەڵگەنامەی ئەشکەنجەدانی گیراوە ئەمریکیەکانی قونوسلگەری ئەمەریکا لەتاران.

-ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی (واشنتون تایمز) بڵاوی کردەوە: لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد تاکو ئێستا (٢٠٠٥/٧/١٤) دەیان کەس لەئێران لەسەر بیروبۆچونی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن بونیان لەسێدارە دراون، کە ئەمەش لەسەدا سەد ناکۆکە لەگەڵ پرنسیپەکانی سەردەمی کرانەوەو ئازادیو جیهانگیری. ئەمە سەرباری بوونی بەڵگەنامەیەکی زۆر بەدەست کوردەکانی ڕۆژهەتی کوردستان، دەربارەی تاوانبار بوونی سەرۆک کۆمار لەتیرۆرکردنی زۆر لەسیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە بەتایبەت گەورە سیاسەتمەداری کورد (د. قاسملو) ئەوانیش لەجموجوڵی جدیدان بۆ پێشکەشکردنی سکاڵای ڕەسمی بەهەریەک لەنتەوە یەکگرتووەکانو یەکێتی ئەورووپا.

هەموو ئەمانە واتە شکستی ڕیفۆرمخوازانو پاشەکشەی هەوڵی ڕیفۆرمخوازیو دانوستانی دوور لەتوندوتیژی، چونکە (هەریەک لەئێرانی ئیسلامیو ڕۆژئاواییەکان پەیی بەوە دەبەن، کە هاتنی ئەحمەدی نەژاد قەیرانو گۆڕانکاریەکی تاڵخ دەخولقێنێت لەپەیوەندی ئێران بە جیهانەوە).

لە ڕاستیدا ئەمە شەڕێکە، دەسپێکەکەی میلەتی ئێران لێی بەرپرسەو کۆتاییە خراپەکانیشی ئایەتوڵلاکان.■

soranmail@yahoo.com

روداوە خوێناویەکانی رۆژهەڵات و بێدەنگی میدیاکانی باشوور

محەمەد ئیزەدی

میدیاو ڕاگەیاندن ئەو مەجالەیە کەلەهەموو سەردەمێکدا بۆ دەرخستنی ڕاستیەکانو زانیاریەکان لەڕوداوەکان، بەنێگەتیڤو پۆزەتیڤەوە گرینگیەتی دیاری خوی لەنێوان جەماوەردا بووەو هوکارێک بووە بۆگەیاندنی دەنگەکانو ڕاستیەکان بەدەرەوە بەمەبەستی هەڵوێستگرتنی موخاتەب یان خۆ تەیارکردن بەئیرادەیەکی پێویست بۆ هەڵبژاردنی ڕێگاکانی خۆئامادەکردنو هۆشیاری بەنیسبەت ئەو شتەی کە بڵاو دەکرێتەوەو دەخرێتە بەردید.

جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت گەنجان بەشانازییەوە لەسەر هاوخەمیو هاوسۆزی پەیوەندیدار بەکێشەکانو مەسەلەکانی باشوری کوردستانەوە دەکەونە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیەوە

وەک ئاگادارین شەڕو پێکدادانو ئاگری هێزەکانی ئاسایشو ئینتزامی ئێران لەدو هەفتەی ڕابردودا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەتایبەت شاری مەهابادی گرتەوە. ئەم ڕوداوانە لەکاتێکدا دەستی پێکرد کە وەک نەریتی نیشتمانپەروەرانەو وڵاتپارێزانەی لاوانو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای هەموو گوشارو بەربەستەکانی دەسەڵاتدارانو خوێنمژان، بۆ پیرۆزکردنی سەرکەوتنەکانی گەلی کورد یان تاوانبارکردنو ماتەمین گرتنی ڕوداوە تاڵەکانی گەلی کورد (جا لەهەرجێگایەکی کوردستاندا بێت) ڕژانە سەر شەقامەکانو هەر وەک پێشتر بووە هۆی ڕوبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی ئێرانو لەئەنجامدا کوژرانی کەسانی شۆڕشگێڕو فەلاقەو لێدانو گرتنی ژمارەیەکی زۆری لێکەوتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە بەپێی زانیاریەکان لەناو جەماوەری ڕۆژهەڵاتدا گلەییو گازندەییەکی زۆر لەڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان (تەنها بەشی ڕزگارکراوی نیشتمان) کە هەموو هیواو پشتیوانو ئاسۆی دواڕۆژی سەرجەم کوردستانەو ماڵ بە ماڵی کوردانی ڕۆژهەڵات بەبەردەوامی لەڕێگای تەلەفزیۆنی "کوردسات" و"کوردستان tv"ەوە ئاگاداری ڕەوشی باشوری کوردستاننو ئەوکەناڵانە بە ماڵی خۆیان دەزاننو پێشهاتو سەرکەوتنەکان لەڕێگای ئەو دوکەناڵەوە دەکەنە ڕۆژەڤو بابەتی باس لێوەکردنو هەڵوێست گرتن لەسەریانو بەهەمو شێوازێک خۆیان ڕێک دەخەنو بەشادیەکان شادنو بەناخۆشیەکان بەپەژارەنو پرسە دەگێڕن.

سەلماندنی ئەم ڕاستیەش لەیادکردنەوەی هەرساڵەی قوربانیانی دەستە ڕەشەکان وەک کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفالو یەکی شوباتو خێلی حەمەو... و یان شادی کردن بۆئیمزای فیدراڵی باشووری کوردستانو سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانو هەڵبژاردنی سەرکردەکانی گەلی کوردستان بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆسەرۆک کۆماریی عێراقو بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو هەروەها باسو خواسی بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵات کە بەزۆری مانشێتی سەرەکیان لەسەر ئەم دیوە، دیارو ئاشکرایە کە کوردی ئەو بەشەی کوردستان خۆیان بەجیاواز لەباشوری مەزن نەزانیوە. دیارە ئەمانەش وەک ئاماژەی پێدرا هەموکات ڕوبەڕووی توندوتیژی دەسەڵاتداران بونەتەوەو ساڵانە لەبۆنەکاندا پتر لەسەدان کەس لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەونە زیندانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە. دیارە ئەمانە وەک ئەرکێکی نیشتمانیو مرۆڤدۆستی دەکرێن، بەبێ هەر چەشنە چاوەڕوانیەک. بەڵام مافی خۆیانە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەبن لانیکەم لەمیدیا تاقانەکانی گەلی کورد (کوردساتو کوردستان (tv) یەوە باسی نەهامەتیەکان یان چالاکیەکانیان بکرێت هەر بۆیەش ڕەخنەی ئەم دواییانەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆسەر میدیاکانو تەلەفزیونەکان کە دەتوانن ڕۆڵێکی بەهێزیان لەگەیاندنی دەنگی کوردی پارچەکانی تردا هەبێت. ئەمانەش زیاتر لەم دواییانەدا زەق بوویەوە کە سەبارەت بەکوردانی پەنابەری ڕۆژهەڵاتی لەتورکیا کە لەڕەوشێکی یەکجار خراپو ناڵەباردا دەژینو دەیان کەسیان پتر لە چل ڕۆژ مانیان لەخواردن گرتو هەروەها ڕوداوەکانی ئەم دواییانەی شاری مەهابادو ئاڵوزییەکان کە تەشەنەی کردبووە شارەکانی تری وەک سنەو بۆکان و مەریوان و... سەرنجی زۆربەی زۆری میدیا جیهانیەکانو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانو تەنانەت سەرنجی میدیاکانی ناوخۆی سەر بە دەسەڵاتی ئێرانیشیان ڕاکێشا وەک کردەوەیەکی دڕندانەی ڕژێم، نەک ناڕەزایی دەربڕینێکی حکومی یان جەماوەری لەباشووری کوردستانەوە بەدواوە نەبوو بەڵکوو وەک پێویست لە لایەن میدیاکانیشەوە باسی لێوە نەکراو هەڵوێستێکی جیدی لەسەر نەگیرا.

ئەمە لە کاتێکدایە کە جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت گەنجان بەشانازییەوە لەسەر هاوخەمیو هاوسۆزی پەیوەندیدار بەکێشەکانو مەسەلەکانی باشوری کوردستانەوە دەکەونە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، دڵنیاشم لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبنو نەک هەر هیچ چاوەڕوانیەکیان نیە پێزانینیشیان هەیە سەبارەت بەپێشوازی لێکردنی داموو دەزگاکانو زانکوکانی باشوری کوردستان لەپەنابەرانی کوردی پارچەکانیتر کە رویان لەم بەشە ڕزگار کراوەی وڵات کردوە چ لەهەولێری پایتەختو چ لە سلێمانی شاری هەڵمەت وقوربانی...■

کچانی زەیتوون یان کچانی مەرگ و نەمان

ڕەفعەت محەمەد (مورادی)

زەیتوون ئەو درەختە جوانو سەرسەوزەیە کە بەگوڵێکی سپییەوە هەزار ساڵ دەژیتو لەباتی وەی شیرەکەی ببێتە ژاراو، ڕۆنی لێدەبێتەوە کە سەرەڕای چێژ لێوەرگرتن بۆ خواردن لەبواری پزشیکیدا بۆ دەرمانی گورچیلەو چەندین نەخۆشیتر سوودی لێوەر دەگیرێت. کە وابوو شایانی ئەوەیە وەک هێمای ژیانەوەو خێرو بەرەکەتو تەمەندرێژی ببێتە هەوێنی شێعرو هەڵبەستو عەشقو خۆشەویستی. ئەوەتا لەزۆربەی دیوانە شێعرەکانداو لەزۆر بواری کۆمەڵایەتیو مرۆڤدۆستیدا زەیتوون دەربڕی ئەو هەمووبەهاو جوانیانەیە کەتێیدا بەدیەدەکرێت. ئێمەی کورد هەر کاتێک ناوی زەیتوون دەبیستین سەربازانی زەیتوونی کۆریامان دێتەوە بیر ئەوکوڕو کچانەی کە بەوەرگرتنی تایبەتمەندیەکانی زەیتوون بوونەتە هێمای خۆشەویستیو بوژانەوەو سەوزاییو بەچەپکە گوڵی سپی سۆزو ژیانو هیوا دەبەخشن بەهەژارانو چەوسێنەرانی ئەم گەلە. کەچی بەداخەوە زەیتوون لەئێرانی ئیسلامیدا بووەتە هێمای نەمانو ناهۆمێدیو لەباتی عەشقو خۆشەویستی ژاراوی مەرگ دەکاتە دیاری بۆ مرۆڤ!؟ لەو وڵاتەدا ژینو ژیانو گوڵو گیاو عەشقو ئەوین بەجۆرێکیتر پێناسە کراون، ئەگینا کچانی ئەو وڵاتە چۆن بەناوی زەیتوونەوە مەرگو نەمانیان وەک خەڵاتو دیاری بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵدەبژارد؟ هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لەو کچانەیە کە بەئایدیۆلۆژیایی کۆماری ئیسلامی دەستەمۆکراون، نەک ئەو کچە خەباتگێڕانەی کە بۆ عەشقو خۆشەویستیو ئازادی وەک شەم گیانی خۆیان دەکەنە فیدای ڕووناکیو بەختەوەری. کچانی زەیتوون ئەو کچانەن کە لەداوێنی پاکی خانمی ڕەجایی بۆ خۆکوژی لەعێراقو لوبناندا پەروەردە کراون؟!

نامەوێ باس لەپێشینەی ئەو جۆرە کارانەو ئەو ئایدیۆلۆژیایە بکەم کە تیرۆرو تیرۆریستی لێ پەیدا دەبێت. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پاش ئەو هەموو درۆو دەلەسانەی کۆماری ئیسلامیو بێ تاوان نیشاندانی خۆی لەهەمبەر کارە تیرۆریستیەکانی لەسەرانسەری جیهاندا بەگشتیو عێراق بەتایبەت، ئەوەتا زۆر ڕاشکاوانە ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامیو بەرپرسی ئەو تۆڕە تیرۆریستیە باس لە٣٥ هەزارکچی خۆبەخش دەکات کە بەنازناوی کچانی زەیتوون بۆ خۆ تەقاندنەوەو کاری تیرۆریستی لەدژی دوژمنانی کۆماری ئیسلامی ئامادە کراون! کەوابوو لێرەدا لەگەڵ کچانی زەیتوون دەبێ مەرگو نەمان لەبەر چاو خۆمان بەرجەستە بکەین.■



نائارامی رۆژهەڵاتی کوردستان

بەبۆنەی درێژە پەیدا کردنی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری مەهاباد لەهەمبەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی دیکەی شارەکانی ڕۆژهەڵات پشتیوانی خۆیانیان لەخەڵکی مەهاباد دەربڕیو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕژێمی ئاخوندییان لەگەڵ خەڵکی ئەم شارەدا مەحکووم کرد. هەر بەم بۆنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بارو دۆخێکی ناهێمنی لەخۆی گرتبوو. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات"، ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە لەشاری مەریوان لەمەیدانی "شەبرەنگ" زیاتر لە١٠٠٠ کەس بەمەبەستی پشتیوانی لەخەڵکی مەهاباد خۆپیشاندانیان ساز کردو هێزەکانی ڕژێم بۆ سەرکوتکردنی خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکانو لەئاکامدا بۆ بەرگری لەسەر هەڵدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی دژ بەنیزام ڕێو شوێنی توندی ئەمنیان گرتە بەر. هەروەها لەچەشنی ئەم کردەوەیە لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات (ورمێ، سنە، سەقز، بانە، سەردەشت، پیرانشار، بۆکان، کامێران) بەڕێوە چووو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی بارودۆخەکە حکوومەتی نیزامیان بەڕێوە بردو ڕێژەیەکی زۆر لەبەشدار بووان دەستگیر کران.

هەفتەی ڕابردوو بۆ لێکدانەوەی بارو دۆخی شاری مەهاباد لێژنەیەکی نێردراو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئێرانەوە کە پێک هاتبوو لە: نوێنەرانی هێزی ئینتزامی، ڕێکخراوەی قەزایی هێزە چەکدارەکان، دادستانیو نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ دوای تێپەڕینی ٨ ڕۆژ بەسەر شەهید کردنی شوانەی سەید قادردا سەردانی مەهابادیان کرد.

ئەندامانی ئەلێژنەیە لەماوەی مانەوەی خۆیاندا لەشاری مەهاباد کە دوو ڕۆژی خایاند، لەگەڵ باوکی شوانەی سەید قادر، ئیمام جومعە، فەرماندار، ئەندامانی شۆرای شارو چەند بەرپرسێکیتر لەشاری مەهاباد دیدارو ئاخاوتنیان کرد.

جێی ئاماژەیە بەدوای کوشتنی شوانە سەید قادر پشتگیری لەخەڵکی مەهاباد بەردەوامەو هەر بەم بۆنەوە هەفتەی ڕابردوو لەشاری ستوکهۆڵمی پێتەختی سوید خۆپیشاندانێکی جەماوەری ساز کرا.■

گیان لەدەستدانی دوو لاوی دەستگیر کراو لەمەهاباد

ناوەندی زیندانیانی سیاسی ئێران (لە تاراوگە) ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/٧/٢٣ بەدەر کردنی بەیاننامەیەک ڕایەگەیاند لەشاری مەهاباد دوو کەس لەدەستگیر کراوەکان کە تەمەنی یەکیان ١٣ساڵەو ئەویتریان ١٨ساڵە، لەژێر ئەشکەنجەدا لەزیندانی ناوەندی شاری مەهاباد گیانیان لەدەست داوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕاگەیەندراوە ١٣ کەسی دیکە لەدەستگیر کراوەکان بەهۆی ئەشکنجەی دڕندانەوە تووشی برینو ئازاری سەختی جەستەیی بوونو لەژێر چاودێری هێزە ئەمنیەکاندا ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.■

کوشتنی دوو مێردمنداڵی "مەشهەد"ی

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردو لەشاری مەشهەدی ئێران دو مێر منداڵ بەتاوانی دەست درێژی کردن پاش یەک ساڵ زیندانیو ئەشکەنجە، بەرچاوی جەماوەری شارەکەوە فەلاقە کرانو لەسێدارە دران.

هەواڵی لەسێدارەدانی ئەم دو منداڵە ئێرانیە دەنگدانەوەیەکی یەکجار زوری لەسەر میدیا جیهانیەکان داناوەو وێنەکانیان بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە کاتێکدا کە لە لایەن پیاوکوژەکانی کوماری ئیسلامی ئیرانەوە پەتی سێدارە دەکرێتە ملیان بە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە ئەمە لەحاڵێکدایە کە یەکێک لەو منداڵانە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بوەو گوتوویانە ئێمە لەکردەوەی خۆمان زۆر پەشیمانینو نەشماندەزانی کە سزامان مردن دەبێت.■

پیکاسۆو تابلۆی (ئافرەتانی ئاڤینیۆن)

موعتەسەم ساڵەیی

لەساڵی (١٩٠٦)دا (پابلۆ پێکاسۆ)ی هونەرمەند بڕیاری لەسەر پرۆژەیەکی هونەریی گرنگ گیرسایەوە، ئەویش وێنەکێشانی تابلۆیەکی دانسقەی ئەوتۆ بوو، کە لەو سەردەمەدا کەس پەی پێنەبردبو. بگرە تابلۆی ناوبراو پاش لەدایک بوونی، بووە مایەی تێڕامانی تێکڕایی هونەرمەندانو ڕەخنەگرانو بینەران.

تابلۆی (ئافرەتانی ئاڤینیۆن)ی پێکاسۆ، بەیەکێک لەمەزنترینو ناودارترین تابلۆی سەدەی بیستەم دەژمێرێت. پێکاسۆ پەردەیەکی تازەی لەسەر ڕووی هونەری هاوچەرخدا هەڵدایەوە، بەو پێیەی ڕێی بۆ ڕێبازی شەش پێڵویی (التکعیبە - cubism) خۆشکرد. ئەم ڕێبازە بەوە ناسراوە، کەلایەنە لەبەرچاوگیراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو پانتاییو قووڵ بینی (المنظور) و لایەنە جۆراوجۆرە بینراوەکان تێکدە شکێنێت.



وێنەو قەوارەی تابلۆی شەش پێڵویی یاخود (خشتەکی) وەهامان پیشاندەدات، وەک ئەوەی مرۆڤ وێنەی خۆی لەسەر ڕووی ئاوێنەیەکی شکاودا ببینێت.. یاخود وەکو ئەوەی مناڵێک هەڵبستێت بەدڕاندنو پارچە پارچەکردنی وێنەیەک، لەپاشاندا هەڵسێت بەڕێکخستنو سەرلەنوێ پارچەکانی ئەو وێنە دڕاوە بداتەوە دەمی یەکترەوە.

هونەرمەندە شەش پێڵوییەکان بەهەمان نەریت وێنەکان لەتو پەت دەکەنو سەرلەنوێ هەوڵی دروستکردنەوەیان دەدەن.. یاخود گەر بینەر لای تەنیشتی چەپی دەمو ڕووی مرۆڤێکی وێنەکێشراو لەتابلۆیەکی شەش پێڵوییدا ببینێت، ئەوە لەهەمان کاتو ساتدا ئەو بینەرە لەپێشەوەو لەبەردەمیشەوە ڕووی دەموچاوی هەمان مرۆڤی وێنەکێشراوی دەکەوێتە پێش چاو.. بەکورتیەکەی هونەرمەندی شەش پێڵویی یاری بەچاوو گۆشەنیگای تەماشاکەر دەکاتو هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی چاوی دەدات.

پێکاسۆ پێش دەستپێکردن بە بەرهەمهێنانی تابلۆی (ئافرەتانی ئاڤینیۆن)، زیاتر لەسی سکێچو وێنەی دەستکردی بۆ تابلۆکەی کێشا. هەموو کەسایەتیەکانی نێو تابلۆکەی بەجیاجیا بەقەڵەمی ڕەشو خەڵووزو پاستیلو چەور ڕەنگی کێشا. لەپاشاندا لەسەر ڕووی خامدا بەپانتایی پێنج پێی چوارگۆشەیی بەرهەمەکەی داڕشتو بەئەنجامی گەیاند. لەساڵی (١٩٠٧)دا بینەران بۆ یەکەم جار چاویان بەتابلۆی (ئافرەتانی ئاڤینیۆن) کەوت. تووشی ساتمەو سەرسوڕمان بوون لەئاکامی ڕووبەڕووبونەوەی تابلۆی ناوبراو، چونکی پێشتر چاویان بەوجۆرە بابەتو داڕشتنو تەرزە هونەریە نەکەوتبوو. بۆیە (فۆلار)ی یەکەم کڕیاری تابلۆکانی پێکاسۆ ئەم بابەتەی نەویستو ڕەتی کردەوە. تەنانەت (ماتیس)ی هونەرمەندی هاوەڵی پێکاسۆ بەقێزەوە تەماشای تابلۆکەی کرد. لەئەنجامدا لاوێکی تابلۆ کڕی ئەڵمانی تێکڕای سکێچو وێنە دەستکردە سەرەتاییەکانی تابلۆکەی کڕی. بەڵام تابلۆ سەنەکەکە لەلای هونەرمەند خۆی مایەوە، بەشانازیەوە نەیویست بەهیچ کەسێکی بفرۆشێت.. ناوەڕۆکی تابلۆکە بریتیە لەپێنج ئافرەتی ڕووتو قووتی ڕووخاوی لەش فرۆش، لەیەکێک لەکەللەخانەکانی شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانیدا. هەر لەو ساڵانەدا پێکاسۆ کەوتبووە ژێر کاریگەرێتی هونەری ئەفریقاییەوە، بەتایبەتی ماسکی ئەفریقایی کاری تەواوی کردبووە سەر بیرو هۆشی هونەرمەند. هەر لەبەر هەمان هۆیە کە دەبینین دوو ئافرەتی لای تەنیشتی ڕاستی تابلۆکە، دەمو ڕوویان ماسک ئاسایی وێنەیان کێشراوە. لەلایەکی تریشەوە هونەرمەند لەم ڕێبازە تازەیەیدا گەڕاوەتەوە سەر شێوازی ساکارانەی مناڵ ئاسایی..

پێکاسۆ لەتەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا (١٩٠٦-١٩٠٧) لەشاری پاریسدا تابلۆی ئافرەتە ئاڤینیۆنەکانی کێشا، ئێستاکێ تابلۆکە لەمۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لەشاری نیویۆرکی ئەمەریکیدا، جێو ڕێیەیەکی شیاوی بۆ خۆی تەرخان کردووە..■

شانۆیی

خەریکە قسەکردنم بیر ئەچێتەوە

ئاوێنەیەک بۆ بینینی کێشەکانمان

ئا/ ژاوێن

شانۆیی (خەریکە قسەکردنم بیر ئەچێتەوە) کە لەلایەن گروپی شانۆیی "ئەلەند"ەوە نمایش کرا، توانی بینەرێکی زۆر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەی کە ئەکتەرەکان بەزمانی "باو" قسەیان دەکردو جوڵەش سادەو ساکار بوو، بەڵام دیمەنەکان توانیان لەفۆرمێکی هونەریدا بەرجەستە بن، ئەم نمایشە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٩ لەهۆڵی سلێمانی نمایش کرا، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو ستایلە لەنمایشی شانۆدا دەرهێنەرو ئەکتەرەکان بەم شێوە دوان:

چاودێر: ئەگەر سەرەتا باسێکی بیرۆکەی دروستبوونی ئەم شانۆییەمان بۆ بکەیتو، چۆن دەستان بەکارکردن کرد؟

لاوەند ڕەواندزی (دەرهێنەر): سەرەتای دروست بونی ئەم شانۆییە لەکۆمەڵێک لاو پێکهات بوو، بڕیارماندا کەوا کارێکی هونەری بکەین، سەرەتا هیچ تێکستێکمان نەبوو ئیشی لەسەر بکەین، بۆیە خۆمان لەناو خۆماندا بڕیارماندا کەوا دەقێک لەلایەنی خۆمانەوە دروست بکەین لەسەر چەند کێشەیەکی هانوکەیی کەلەئێستادا هەیە ئێمە باسی کەین، بۆیە ئێمە هاتووین باسمان لێی کردووە، تەبعەن ئەو کێشانەی کەهەشن، لەوانەیە ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەریەکێک لەئێمە بێتەوە.

چاودێر: بەڕێزت لەمەشهەدێکا باس لەمێژوو ئەکەین، مێژوویەک کە نابێت دووبارە بێتەوە لەوکاتەیا چۆن ئەڵێی کەسەکان ڕائەکەن، هەتا نایەنەوێت گوێیان لەم باسە بێت، ئایا لاوان لەم گۆشە نیگایەوە ئەیەوێت چی بڵێت؟

لاوەند: ئەمەوێت ئەوە بڵێم، زۆر بەداخەوە ئەو دەسەڵاتدارانەی ئێستا، وەک ئەوە وایە کەڕ بنو گوێیان لەهیچ نەبێت، لەبەرئەوە زۆرینەی خەڵک درک بەکێشەکان ئەکات، ئەیانزانێ بەڵام بەرپرسەکان لێی ڕائەکەن.

چاودێر: بەڕێزت لەمەشهەدێکی ترا باسی کێشەی ژن ئەکەیت، یاخود جیاوازیەکانی نێوان ژنو پیاو، یان سەرکەوتکردنی ژنان ئەمە لای ئێوە چۆن دەبینرێ.

لاوەند: هەڵبەتە هەریەکێک لەئێمە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە بۆتەوە ئەگەر لەماڵەکانی خۆشماندا نەبێت لەماڵە دراوسێ بووە، لەماڵە دراوسێ نەبووە لەگەڕەک، لەگەڕەک نەبووە لەشار بووە، کائینێک هەیە پێی ئەڵێن ژن، لەوانەیە خۆشمان دەستمان هەبێت لەئازادنەکردنی ژنان، لەوانەیە کۆمەڵێکمان هەبین لەگەڵ ئەوەدا بین کەژن ئازاد بێت، لەوانەشە کۆمەڵێکمان لەگەڵ ئەوەیا نەبێت لەوانەشە ژنەکە خۆی لەگەڵ ئەوەدا نەبێت خۆی حوریەت بداتە خۆی.

چاودێر: وەکو ئەکتەرێک ئەگەر باسێکی ڕۆڵی خۆتمان بۆ بکەیت لەم شانۆییەدا.

هەردی حسێن: لەئەزمونی ئەمجارەی گروپی ئەلەندا، کەئەزموونێکی بێدەق بوو، ڕۆڵی گەنجێکی هاوچەرخ کە کەوتوونەتە بەر کۆمەڵێک ئاستەمی کلتورەوە، لەڕێگەی ئەوانەوە ناتوانن تەواو ئازادی خۆیان وەربگرن، ونبون لەناویان، هیوادارم توانیبێتمان لەم ئەزموونە تازەیەماندا شتێکی جوانمان کردبێت.

زانیار فەتاح ئەکتەرێکی ترە لەشانۆی (خەریکە قسەکردنم بیر ئەچێتەوە) و بەم شێوەیە باسی ڕۆڵی خۆی بۆکردین.

زانیار: دیارە ئەم کارە شانۆییە ئەوە بوو کە بینەر بینی لەڕاستیا بینەرێکی زۆر ئامادەبوون، کەسایەتی من یان کەسایەتی ئەکتەرەکان. کەسایەتیەکی تەواو کەسایەتی نیە، بەپێچەوانەوە ئەم کەسایەتیە هەموو کەسایەتیەکانی کۆمەڵگەیە، هەرکەسایەتیەک وەرگرتنی کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگایە، (دەسەڵات، سیاسەت، دین، کلتور، .. هتد) واتە بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتیانەی کەمنم، تۆیت، بەرامبەرە ئەوەی تەنیشتمانە، هەمووکۆمەڵگەیە.

چاودێر: لەشانۆییەکەیا باس لەتێکەڵ بوونی کێشەکان ئەکات بەشێوەیەکی ئاڵۆز، لەگەڵ ئەوەشا باس لەکێشەی ژن ئەکات، لەکۆمەڵدا، تۆ هەموو ئەمانە بۆچی ئەگەڕێنیتەوە.

زانیار: گرفتی ژن ئەوەیە لەکۆمەڵدا ئەوترێ، بەس ئەمە چۆن بەکارئەهێنی لەکارێکی شانۆیدا کاری شانۆیش خۆی بۆ خۆی پێک هاتووە، لەکێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵ. کاری شانۆیی دەرخستنی ئەوکێشانەیە کە لەکۆمەڵدایە، حەتمەن ژنیش بەشێکە لەکۆمەڵ، ئەوەش کەبینرا ئەوکێشانەیە کە هەیە.

"نەوشیروان غەریب" ئەکتەرێکی تر بوو لەشانۆییەکەدا، وەک ئەوەی کەدەورێکی دیاری هەبوو لەبەرگی چەند کەسایەتیەکەدا داوامان لێکرد کەباس لەرۆڵی خۆی بکات لەچوارچێوەی شانۆییەکەدا.

نەوشیروان: گەر باسی لەکەسایەتی خۆم بکەم، ڕەنگە من لەیەک کەسایەتیا نواندنم نەکردبێ، چونکە چەند کەسایەتیەک بەرجەستە ئەکەم، پێم وابێ هەر کارەکتەرێک بۆ خۆی چەند کەسایەتیەکی هەیە، بۆ نموونە گەنج ئێستا لەگەڵ من هەمیشە لەشەڕدایە، کۆمەڵێک شتیم بەدڵ نیە، من لەویا ئەوە بەحیوارێک بەرجەستەی ئەکەم ئەویش ئەڵێم (ئەوە چییە لەملتا ملوانکەو لەملدایە) کەواتە ئەمە ئەوە دەرئەخات کەمن جیلێکی ترمو تاحەدێ شەرم هەیە لەگەڵ جیلی ئێستادا.

چاودێر: واتە لێرەوە تۆ ئەتەوێت گرفتی تێدایە نەوەکان دەربخەیت، بڵێیت لەبەینی نەوەکاندا گرفتێ هەیە.

نەوشیروان: بێگومان، هەمیشە لەژیاندا ئەوە هەر هەیە، هەمیشە نەوەی پێش خۆت شەڕێکی هەیە لەگەڵ نەوەی ئێستادا، ئەم شەڕەش نەبێت، ئەم پێشکەوتنە نابێت، یان گەنج بەعام ناجووڵێت.

چاودێر: لەشانۆییەکەیا، کێشەیەکی زۆر هەیە، ڕاکانیش یەکانگیر نابێت، دواتریش لەسەر کێشەی نیشتمان کێشەکان کۆتایی پێ دێت؟

نەوشیروان: حیوارێکمان هەیە ئەڵێت (بەس قسەکردن ماوە) ڕەنگە ئەم زەمانەی ئێمە هیچ شتێکمان لەدەست نایە، تەنها ئەوانەی شتیان بەدەستە مەسئولین، کەواتە کێشەکانی من لەبەردەست کەسێکیایە، کەزۆرجار نازانم لەچی ئەدوێن، نیشتیمانیش یەکێکە لەو بابەتانەی کەپێویست ئەکات من قسەی لەسەر بکەم، بەڵام هەرچی بڵێم هیچ نایەت بەدەستەوە، کەواتە هیچ نەڵێم باشترە.

سۆزان بابا عەلی یەکێکی تر بوو لەو ئەکتەرانەی کەرۆڵیان گێڕا، لەو شانۆییەدا کەباس لەکێشەکانی ژن دەکات تۆ وەک تاکە ژنێک کەچەند ڕۆڵێکی جیاوازت بینی چۆن باسی ڕۆڵی خۆتمان بۆ دەکەیت لەشانۆییەکەدا:

سۆزان: ڕۆڵی من لەناو ئەم نمایشەدا، باسی مەجموعەیەک ژن ئەکەم لەناو کۆمەڵی ئێمەدا، ڕۆڵی من لەم نمایشەدا دیاری نەکرابوو بڵێت ئەم کەسایەتیە هی تۆیە، من باسی هەموو ئەو ژنانە ئەکەم، کە لەکۆمەڵی ئێمەدان.■

گەورە کەمانچەژەنی رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران (موجتەبای میرزادە)، ماڵئاوایی کرد

بێساران فیروز

پرسەی هونەرمەند موجتەبای میرزادە لەبەردەم تەلاری وەحدەتی تاران بەئامادەبوونی هونەرمەندان شەجریان، شەهرام نازری، عەلی ڕەزا ئیفتخاریو ژمارەیەکی زۆر لە گەورە هونەرمەندانو ڕووناکبیرانی کوردو فارس بەڕێوەچوو. لە مەراسیمەکەدا هونەرمەند شەجریان وتی: لە مێژەوە کاتێک کە لە مەشهەد بووم ناوبانگی ئەم مامۆستا گەورەیەم بیستبوو، ئێوە کەمتر ئاهەنگسازێکی کارامەو شارەزا دەناسن ئەوەندە بەتوانا بێت.

میرزادە هەر لە تافی لاوێتیەوە بە بواری ئاوازو مۆزیکی کوردی ئاشنا بووەو لە تەمەنی پڕ لە بەرهەمیدا توانی ژمارەیەکی زۆر ئاهەنگو مۆزیکی بەهێز تۆمار بکات، کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە مەزنە کەلێنێکی گەورە لە دنیای هونەری مۆزیکی کوردیدا دروست دەکات.

هونەرمەند میرزادە لەدایک بووی ١٩٤٥ شاری شیرینو فەرهاد هەر لەمنداڵیەوە خولیای هونەری مۆزیک بووەو سەرەڕای نەبوونی ئامێری مۆزیک بەپیاداکێشان بەکەرەستەکانی ناو ماڵ (قاپو قاچاغو ژێرپیاڵە) تۆنە دەنگیەکانی دەردەهێناو هەستە بێ وێنەکەیی پەروەردە دەکرد، دواتر شمشاڵێکی کڕیو زیاترخۆی لەمۆزیک نزیکتر کردەوە، پاشان سودی لە سەنتوری براکەی وەرگرتو پاش ئاشنابوونی لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا حەسەن کامکار گەیشتە ئەو ئاستەی بتوانێت هەر لەتەمەنێکی کەمدا لەتەک ئۆرکسترای ڕادیۆی سنەدا کار بکاتو لە ڕادیۆی

کرماشانیشدا چەند بەرهەمێکی جوان لەگەڵ حەسەن زیرەک، مامۆستا مەزهەری خالقی، هاشم ربیعیو خۆشنەوادا تۆمار بکات، دواتر گەیشتە پلەیەکی باشتر لە مۆزیکداو ئەرکی مایسترۆی ئۆرکسترای ڕادیۆی کرماشانی گرتە ئەستۆ، لەساڵی ١٩٦٧ دا ڕۆیشتە تارانو پاش ساڵێک لە تاقیکردنەوەی مامۆستا مستەفا کەسرەویدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەگەڵ ئۆرکسترای نەکیسا، فارابیو باربود چالاکیە هونەریەکانی پێشکەش کرد، ئەو توانی ببێتە سۆلۆئیستێکی پرۆفێشناڵو لە مێژووی مۆزیکی کوردیدا ناونیشانی خۆی تۆمار بکات.

میرزادە یەکێک بوو لە چالاکترین ژەنیارو ئاهەنگسازەکانی ئێرانو بۆ زۆربەی هونەرمەندانو گۆرانبێژە گەورەکان ئاهەنگی داناوەو مۆزیکی ژەندووە لەوانە: هونەرمەند حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، مامۆستا مەزهەری خالقی، عزیز شاروخی، شەجریان، گولپا، هایدە، ئیرەج، موعین، ئومێد، گوگوش، مەهەستی، ئیفتخاریو... . لە کارنامە هونەریەکەیدا ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی کوردیو لوڕیو فارسی بەرچاو دەکەوێت لەگەڵ پتر لە٤٠پارچە مۆزیکی فیلم!ئامێری تایبەتی میرزادە ڤایۆلین بوو، لە ژەنینی ڤایۆلیندا خاوەنی ستایلی هونەریی تایبەت بوو هەروەها شارەزایی باشی لە ژەنینی سەنتورو سێ تاردا هەبوو، لە هەموو بەرهەمەکانیدا بیسەر هەست بە ڕۆحیەتی ڕەسەنی کوردی دەکات تەنانەت لەو بەرهەمانەیدا کە بۆ هونەرمەندە فارسەکان پێشکەشی کردووە ئەو ئەدگارە کوردیە هەستی پێدەکرێت.

میرزادەی بلیمەت سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ٢٠٠٥/٧/١٧ دوای ئەوەی شەست بەهاری تێپەڕاند لە نێو ماڵەکەیدا لەتاران دڵەگەورەکەی لەترپەکەوتو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ کردین. ڕۆحی شاد.■

سایتی (هنرو موسیقی - خانە موسیقی ایران)

bisaran@yahoo.com

موزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

ئا: باران

١٨٧٨: تشایکۆفسکی، کونشرتۆی کەمانو ئۆرکسترای، پێشکەش دەکات. هەروەها سیمفۆنی چوارەمی، پێشکەش دەکات.

-هانز ریختەر، سیمفۆنیای چوارەمی، پێشکەش دەکات.

١٨٧٩: براهمز: کۆنشرتۆی کەمان بۆ ئۆرکسترا، پێشکەش دەکات.

-تشایکۆفسکی، یەکەمین بەرهەمی ئۆپێرای خۆی بەناوی "ئۆجین ئۆینجن" پێشکەش دەکات.

١٨٨٠: دفورجاک، کانتاتای "ستابات ماتر" کە یەکێکە لەشاکارە گەورە دینیەکانی پێشکەش دەکات.

١٨٨١: براهمز: کۆنشرتۆی پیانۆو ئۆرکسترایی، پێشکەش دەکات، ئەم بەرهەمەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێت، دوای بیست ساڵ، لەسەرنەکەوتنی کونشرتۆی یەکەمی براهمز.

هانز ریختەر: سیمفۆنیای شەشەمی، دفورجاک، پێشکەش دەکات.

-سیمتانا، لەبراغ، بەرهەمی گەورەی نەتەوەی بەناوی "لیبوشە" پێشکەش دەکات.

١٨٨٢: فاگنەر لەبایرێت، دوا بەرهەمی درامی خۆی بەناوی "پارسیفال" پێشکەش دەکات.

١٨٨٣: هانز ریختەر: لەڤیەننا سمفۆنیای سیەمی پێشکەش دەکات

-کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە: ریشارد "فاگنەر لەبوندوقیە.

١٨٨٤: ئۆرتورنیکیش: لەلایبنریغ: سیمفۆنیای حەوتەمی پێشکەش دەکات.

١٨٨٥: هانز فۆن بولوف: لەمینینگن: سیمفۆنیای چوارەمی پێشکەش دەکات.

-شتراوس هاوکاری براهمز دەکات لەئەزموونی سمفۆنی چوارەمدا.

-دفورجاک: لەلەندەن سیمفۆنیای حەوتەمی پێشکەش دەکات.

-برۆکنەر: پێنجینەی ژێداری، پێشکەش دەکات.

١٨٨٦: مردنی هونەرمەندی گەروە، لیست لە ٣١ی تەموز.

-دفورجاک: لەلیدز ئۆراتوریای "قەشە لود میلا" پێشکەش دەکات.

١٨٨٧: براهمز: کۆنشرتۆ کەمانو میزلونسیل، پێشکەش دەکات.

-فێردی: لەمیلانۆ: درامای موزیکی "ئوتێلۆی شەکسپیر" بەخوێندنەوەیەکی نوێ پێشکەش دەکات.

-فنسنت دەندی: سمفۆنیای، پیانۆو ئۆرکسترا، پێشکەش دەکات.

١٨٨٨: دفورجاک: سیمفۆنیای پێنجەمی، کە لەساڵ ١٨٧٥ ئامادەی کردبوو، پێشکەش دەکات.■

شۆڕشی خوێندکاران لەفەرەنسا

د. فەرهاد پیربال

لەمایسی ساڵی ١٩٦٨، چەند گەنج و خوێندکارێک لەفەرەنسا خۆپیشاندانێکیان سازدا، پاشان چەندێکی دیکەش چوونە پاڵیان و خۆپیشاندانی گەورەتری دووەم سازدرا، لەکۆتاییدا خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕاپەڕینی گەنجان و خوێندکاران سەرجەم پاریس و ئینجا سەرجەم فەرەنسای تەنییەوە، تا لەکۆتاییدا سەرکەوت و بووە مایەی گۆڕانکاری و ریفۆرمێکی سەرتاپایی لەفەرەنسا.

گورزی یەکەم و هەرە کوشندەی خۆپیشاندانەکان لە ٣ی مایسی ١٩٦٨ لەپاریس دەستی پێکرد، کاتێک خوێندکارانی زانکۆی سۆربۆن سەرتاپای زانکۆیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەڵام پێش ئەمەش، خوێندکارانی فەرەنسا لەهەردوو شاری (نانتێر، کان) لە ٨و ١٩٦٨/١/٢٦ بەملاوە (دوای دەرکردنی قوتابییەکی جولەکەی فەرەنسی بەتۆمەتی ئاژاوەگێڕی لەفەرەنسا) کەوتبوونە مانگرتن و دەربڕینی نارەزاییەکانی خۆیان.. ئینجا لە ڕۆژی ٢٢ی مارسدا لەشاری (نانتێر) گەیشتبووە شەڕو پێکدادان لەنێوان خوێندکاران و هێزەکانی ئاسایش-پۆلیس.

ئەم ڕاپەڕینە خوێندکارییە هەژەندە، شتێک لەمارکسیزم و کەمێک لەماویزم و هەندێک لەوجودیەت و زۆریش لە تاکەکەسگەرایی و ئەنارشیزمی تێدا بوو، وایکرد کەفەرەنسا (پاشانیش هەموو ئەوروپا) لەسەر شۆستەی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی گەنج و قوتابیاندا خەبەری بێتەوە!

خۆپیشاندانەکانی قوتابیان و گەنجان لەفەرەنسا، کەلەکۆتاییدا زۆربەی توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ و تەنانەت هەموو سەندیکاکانیش چوونە ژێر ئاڵاکەیەوە، لەئاستی سیاسیدا، ڕۆڵیان بینی بۆ وەرگەڕانی کورسیەکەی ژەنەراڵ شارڵ دی گۆڵ لەنیسانی ١٩٦٩، لەبواری ئابوریشدا بوونە هۆی ئاڵوگۆڕێکی باش لەژیانی ئابوری و خۆشتربوونی ژیانی دارایی خەڵک، جگەلەمانەش لەبواری ژیانی ئەخلاقی و ڕۆشنبیریدا گورزێکی بەزەبر بوون، بەشێوەیەکی گشتی ریفۆرمێکی فراوانیان لەهەموو بەستێنەکانی ژیانی فەرەنسادا هێنایە دی.

ڕاپەڕینی خوێندکاران لەساڵانی ١٩٦٨ -١٩٦٩ (کەهەندێک جار بەشۆڕشی خوێندکارانیش ناو دەبرێت)لەسەرەتادا لەفەرەنسا دەستی پێکرد، پاشان چیکۆسلۆڤاکیاو ئەڵمانیاو ئەمریکاو وڵاتانی دیکەیشی لەئەوروپا گرتەوە. ڕاچڵەکین و بەئاگا هاتنەوەو ریفۆرم گۆڕانکارییەکی مەزنی لەهەموو بەستێنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەوروپا بەرپاکرد.

ئەو دروشمانەی کەخۆپیشاندانەکانی گەنج و خوێندکاران بەرزیان کردبوو لەمایسی ١٩٦٨دا، پڕبوون لەیاخیبوون و ڕەفزکردنەوەو بەگژداچوون، داخوازییەکانیان لەناو شەقامەکانداو لەبەردەم پەرلەمان و زانکۆ و وەزارەتەکاندا بڵاودەکردەوە، پڕ لەرۆحی خۆیان هاواریان دەکرد:

باقەدەغەکردن قەدەغە بکرێت!

با واقیعی بین، هەرچی شتێک نامومکینە داوای بکەن!

چیتر خۆتان نارەحەت مەکەن، خەڵک نارەحەت بکەن!

لەوڵاتی (دیکارت)دا حەماقەتی قوماربازەکان فەرمانرەوایە

حەزکردن لەواقیع باشە، بەڵام وەدیهێنانیان.. باشتر!

(پیرۆز) دوژمنی ئێمەیە
خەون و واقیعە

ڕێزگرتنی لەخۆ گەورەتر نەما چیتر بەدوویدا مەگەڕێ!

خەیاڵ هێز پەیدا دەکات

گەشبین بوونیش هەر گووە و بەکەڵک نایەت، بجوڵێ! ژیان بگۆڕە!

ئەمە سەرەتایە، بەردەوام بن لەخەبات

شتێک لەدڵمایە بیڵێم، بەڵام نازانم چییە

دەرگای پەناگەکان بکەنەوە، دەرگای زیندان و قوتابخانەکانی دیکەش!

لەمەودوا تەنیا دوو جۆر پیاو هەیە: یان شۆڕشگێڕیت یانیش (گامێش). نە ئەم بیت و نە ئەو بیت، دەبیت بە (گامێشگێر).

گوولەکۆمەڵ دەکەم.. ئینجا دڵم خۆش دەبێت.

چیتر جەنتاو تەباشیر مەگرە دەست، دەسەڵات بگرە دەست!

مێشکتان و زنجیری پانتۆڵەکانتان.. بکەنەوە!

دیوار گوێی هەیە، گوێی ئێوەش دیواری هەیە.

هێز لەلولەی تفەنگدایە

ئێمە سەرقاڵی دنیایەکی تازەو ڕەسەنین، خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست.

شین هەر خۆڵەمێشی دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی دادەهێنرێتەوە

بیروباوەڕی خۆتان هەبێت!

ئارەزووەکان وەدی دەهێنم، لەبەرئەوەی ئارەزووەکانم واقیعین و واقیعیەتیان هەیە.

شۆڕش دەبێت لەناو ئینساندا هەڵبگیرسێت پێش ئەوەی لەناو شتەکاندا هەڵبگیرسێت

بەربەستەکان دەتوانن تەنیا ڕێگاکانمانلێ دابخەن، بەڵام دەنگەکانمان دەکەنەوە

ئەی ستالینییەکان، ئەوەتا ڕۆڵەکانتان لەگەڵ ئێمەن

ئارەزووەکانتان ئازاد بکەن

کەمێک بەگوێ نەکردن، دەبێتە زۆرێک دەستکەوت

چۆن بتوانین ئازادانە بیر بکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەوکونجەدا

لەسەر شۆستەکاندا قەراغ دەریایەک رابخەن!

هێز لەناو شەقامەکاندایە

دڵی خۆت خۆش بکە، بێئەوەی گوێ بدەیتە بەربەستەکان!

بژی بێئەوەی گوێ بدەیتە وەختە مردووەکان!

کرۆنۆلۆژیای ئەو ڕاپەرینە خوێندکاری وگەنجانەیە بەم شێوەیە بوو:

٢ی مایسی ١٩٦٨

ژۆرژ پۆمپیدرۆ سەفەر دەکات بەرەو ئێران، لەشاری نانتێر شەڕو پێکدادان لەنێوان قوتابیان و پۆلیس دەست پێدەکات، دەوامی زانکۆو خوێندن رادەوستێت.

٣ی مایس

لەجیاتی دەوام، خوێندکاران لەناو زانکۆی سۆربۆندا کۆبونەوە دەکەن و خۆپیشاندان ساز دەکەن، گەورەترین خۆپیشاندانیش لەگەرەکی لاتینی ساز دەکرێت و ٦٠٠ خوێندکار دەگیرێن. ڕۆژنامەکان دەست پێدەکەن هەست بەمەترسی (کارەساتی خۆپیشاندانەکان) دەکەن.

٤ی مایس

دەوامی زانکۆکان و خوێندن وەستاوە، مانگرتنەکانی سەرتاپای خوێندکاران دەست پێدەکەن.

٥ی مایس

چوار خۆپیشاندەر دەدرێن بەزیندان

٦ی مایس

شەڕو پێکدادان لەنێوان خوێندکاران و پۆلیس، زیاتر لە ٤٠٠ خوێندکار دەگیرێن.

٨ی مایس

لەناو پەرلەماندا دەبێتە هەراو دەنگۆ گفتوگۆ

٩ی مایس

زانکۆی سۆربۆن دادەخرێت، خوێندکارانیش دەیانەوێت سۆربۆن بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

١٠ی مایس

تا کاتژمێر ٣ی بەیانی هەراو شەڕو پێکدادان لەنێوان خوێندکاران و پۆلیس لەگەرەکی لاتینی بەردەوامە.

١١ی مایس

ئەنجومەنی خوێندکاران بانگەواز بڵاو دەکەنەوە بۆ مانگرتنێکی سەرتاسەری لەهەموو فەرەنسا، ژۆرژ پۆمپیدرۆ دەگەڕێتەوەو داوا دەکات کەلە ١٣ی مایسدا زانکۆی سۆربۆ بکرێتەوە.

١٣ی مایس

سۆربۆن دەکرێتەوەو دەکەوێتە دەست خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان، پاریس شڵەژاوە، سەندیکایەکانیش دەکەونە خۆپیشاندان، حکومەت چەند ڕێکخراوێکی لاوان و خوێندکارانی قەدەغەکردووە.

١٥ی مایس

سەرۆکی فەرەنسا ژەنەراڵ دی گۆڵ دەگاتە ڕۆمانیا. بەشێکی پاریس دەکەوێتە ژێر دەستی خوێندکاران، پۆلیس و ئاسایش هەرەس دێنن.

١٦ی مایس

مانگرتن لەزۆربەی کارگەو کۆمپانیاکاندا دەست پێدەکات.

١٧و١٨ی مایس

حکومەت تەواو شڵەژاو و دەستەپاچە بووە، خۆپیشاندان و مانگرتن نیمچە سەرتاسەری هەموو پاریس و زۆربەی شارەکانی دیکەی گرتۆتەوە، دە ملیۆن کەس مانی گرتووە، ژەنەراڵ دی گۆڵ دەگەڕێتەوە پاریس.

٢٢ی مایس

کۆمیتەی نیشتمانی بۆ پارێزگاری کۆماری فەرەنسا دادەمەزرێت، سەندیکایەکان (نەقابەکان) ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن کەگفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بکەن، بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان.

٢٤ی مایس

خۆپیشاندان و پێکدادان هەر بەردەوامە لەپاریس و زۆربەی شارەکانی دیکەی فەرەنسا، ژەنەراڵ دیٚ گۆڵ لەتەلەفیزیۆنەوە بۆ خەڵک دەدوێت و دان دەنێت بە نوشستیی حکومەت و داوا دەکات ڕاپرسییەک ساز بدرێت بۆ ئەوەی بزانن خوێندکاران و میللەت چییان دەوێت؟!

٢٥ی مایس

دەست پێکردنی گفتوگۆ لەنێوان خۆپیشاندەران و حکومەت

٢٦و٢٧ی مایس

گفتوگۆی گەرم و بەردەوام لەنێوان حکومەت و یاخیبووەکان (سەندیکاکان، خوێندکاران،...)

٢٨ی مایس

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی فراوان دەبەسترێت و لەوێدا فرانسوا میتران رادەگەیەنێت کەخۆی هەڵدەبژێرێت بۆ سەرەک کۆماری فەرەنسا لەداهاتوودا.

٣٠ی مایس

خۆپیشاندانێکی یەک ملیۆنی لەپاریس ساز دەکرێت لەخۆشیی ئەو ریفۆرم و گۆرانکاریانەی کەژەنەراڵ دی گۆڵ لەوڵات سازی دەدات.■

وەرگێڕی ئاخر زەمان

هادی محەممەدی

دلێر میرزا

ڕۆژنامەی(چاودێر) لەژمارەی(٣٦)ی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٧/١١دا، بابەتێکی لەژێر ناوی(خانەی وەرگەڕان و شارەزای ناشارەزا)ی، بەقەڵەمی بەناو وەرگێڕ هادی محەممەدی بڵاو کردۆتەوە، کەتیایدا ناوبراو کۆمەڵێ تۆمەتی خستۆتە پاڵ بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان، تەنیا لەبەر ئەوەی وەرگێڕانەکەی لەئاستی ئەوەدا نەبووە بکرێت بەکتێب.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم، چەند تێبینییەک بۆ بەڕێزان خوێنەرانی ئەو بابەتەو خودی کاکی بەناو وەرگێڕ بخەمە ڕوو.

بەر لەهەر شتێک حەز دەکەم ئەوە بۆئەو کاکەیە ڕوون بکەمەوە، کەهەر بابەتێک یان کتێبێک کەبەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بۆبەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕانی دەنێرێت، بەو جۆرە نایێنێرێت کەبڕیار لەسەر چاپکردنی دراوە، بەڵکو بەڕێزیان ڕەوانەی دەکات بۆئەوەی کاری ئوسوڵی بۆئەنجام بدرێت،وبەو فیلتەرانەدا ڕەت ببێت، کە لەخانەی وەرگێڕاندا پەیرەویی دەکرێت، خۆئەگەر کتێبی دیاریکراو مەرجەکانی چاپکردنیان تیادا نەبێت، ئەوا بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری گوشار ناخاتە سەر خانە، بۆئەوەی چاپ بکرێت.

کاکی بەناو وەرگێڕ دەڵێت:(بەڕێوەبەری ئەو شوێنە گوتی، ڕەنگە شارەزاکانی ئێمە سەلاحییەتی ئەوەیان نەبێ بەو کتێبەدا بچنەوە! بۆیە من خۆم ئاسانکاریت بۆدەکەمو دەیانخەمە بەرنامەی چاپەوە). لەڕاستیدا، پیاچوونەوە بەکتێبدا، سەلاحیەتی شارەزاکانمانەو بەبێ وەرگرتنی ڕای ئەوان، لەسەر کتێب و لەسەر وەرگێڕو لەسەر بەرهەمی وەرگێڕاو، مەحاڵە کتێب بچێتە بەرنامەی چاپەوە،و ئەو دەسەڵاتە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بەو شارەزایانە دراوە،و جگە لەو شوێنانەی ئەو دەسەڵاتەیان بەشارەزایان بەخشیوە، بۆکەس نییە دەست لەکاروباریان وەربدات. ئەوسا ئەو دوو کتێبەی، بەناو وەرگێڕ هادی محەممەدی هێنای بۆخانەی وەرگێڕان، لەبەرنامەی خانەدا نەبوون و پێشتر لەلایەن شارەزایانی خانەوە نەدراون بەو کاکەیە تاوەکو وەریانبگێرێت،و خانەی وەرگێڕان بەگرێبەست پابەندی ئەوە دەبێت، کتێبێک بەچاپ بگەیەنێت، دوای ئەوەی خۆی بەرێکەوتن لەگەڵ وەرگێڕدا، کتێبی دەستنیشان کردبێت، بەپێی پلانی ساڵانەی خۆی و وەرگێڕی شیاویشی بۆدەستنیشان کردبێت و دواتریش وەرگێڕانەکە لەلایەن شارەزایانی خانەوە پشتگیریی کرابێت.

کاکی بەناو وەرگێڕ دەڵێت:(...هەمدیسان لەگەڵ بەڕێوەبەر قسەم کرد پێی گوتم، یەکێکیان ماوەی دوو مانگی تر چاپ دەکرێت، بەڵام ئەوی تریان ساڵێکی پێدەچێت...بۆیە دووەمیانم هێنایەوە...). ئەم کاکەیە تائێستا لەئوسوڵی وەرگێڕان نەگەیشتووە و ئەو کتێبە گوایە وتوومانە ساڵێکی پێدەچێت، بەبێ سێ و دوو ڕەتمان کردۆتەوە، چونکە کاکی بەناو وەرگێڕ بەکەیفی خۆی دەستی لەنووسینەکە وەردابوو،و هەندێ بابەتی خستبووە سەرکە لەکتێبەکەدا نەبووە و هەندێ بابەتی لێ قرتاندووە، هەروەکو بڵێی پێشتر لەگەڵ باختین یان پوینەدا نانوپیازێکی خواردبێ و تاپۆی ڕەشی ئەو کتێبەی لەگیرفاندا بێت!

سەبارەت بەکتێبەکەی دیکەیش، من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیریم لەبۆچوونەکەی شارەزاکە کرد، کەباشتر وایە کاکی بەناو وەرگێڕ بابەتەکانی باختین وەربگێڕێت-ئەگەر وەرگێڕانەکەی پەسەند کرا-ئەوسا بەربێتە گیانی ئەو رەخنانەی لەباختین گیراون، یان ئەو بۆچوونانەی لەسەر باختین نووسراون، بۆئەوەی خوێنەری کورد بەباشی سوود لەو نووسینانە وەربگرێت.

لەشوێنێکی دیکەدا، کاکی بەناو وەرگێڕ دەڵێت:(لەکاتێکدا کەوەزیری ڕۆشنبیری کتێبەکەو وەرگێڕدراوەکەی بینیوەو زۆری پێ باش بووەو بەنووسین دەستووری چاپی داوە، بەڵام خەبیرێکی نەشارەزا دوایین بڕیار دەداو دەڵێ ئەم کتێبە نابێ چاپ بکرێ و بەڕێوەبەری خانەی وەرگێڕانیش بەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە، بڕیاری ئەو قبوڵ دەکاو دەستووری وەزیر فەرامۆش دەکا). دیارە کاکی ناوەرگێڕ وەکو لەوەرگێڕاندا بلیمەت نیت، بەڵام لەفەرهاد بکۆژیدا زیرەک و لێهاتووی! حەز دەکەم ئەوە بزانیت کەبەڕێوەبەرو شارەزاکان، بەپێی دەستوورو فرمانی وەزارەت و ئەو دەسەڵاتانە کاروباریان هەڵدەسوورێنن، کە لەلایەن بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیرییەوە پێیان دەدرێت،و ئەگەر شارەزایان لەخانەی وەرگێڕان کتێبەکەی تۆیان ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی مەرجی وەرگێڕانیان تیادا نییە، ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە بەپێی دەستوورەکانی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری مامەڵەمان نەکردووە! تەنیا لەبەر ئەوەی کتێبەکەی تۆ ڕەتکرداوەیەوە، ئیتر بێ ئینسافانە بڵێیت کەهەرچی بەرهەمی خانەی وەرگێڕانە سەقەتە! ئەی کەزانیت بەرهەمەکانمان سەقەتە، بۆچی ئەو هەموو هەوڵەت دا بۆئەوەی کتێبەکانت چاپ بکەین!!

لای ئێمە وەرگێڕانی کەسانی وەکو مەحمود زامدار، ئەبوبەکر خۆشناو، جەوهەر کرمانج، فوئاد تاهیر ساڵح، عەتا قەرەداغی و وەرگێڕانی دیکە بڵاو بوونەتەوە، خۆئەگەر بەرهەمی ئەم بەڕێزانە بەکاری سەقەت دەزانیت، هەواڵەی خودا بێت!

دواتر کاکی بەناو وەرگێڕ پێی وایە خانەی وەرگێڕان، تەنیا بەرهەمی هەڵپەرکێ وەردەگێڕێت! ئێمە لەهادی محەممەدی ناگرین، چونکە دیارە ئەو بەرهەمەکانی ئێمەی نەبینیوە، یان ئەوەتا، جگە لەو بەرهەمانەی خۆی وەریاندەگێڕێت، هەموو بەرهەمەکانی دیکە بەبابەتی هەڵپەرکێ دەزانێت، خۆئەگەرچی هەڵپەرکێیش بوارێکەو ئێمە ڕێزی لێدەگرین، ئەگەر لەو بوارەیشدا وەرگێڕان بۆخانە ئەنجام بدات،و کارەکەی لەلایەن شارەزاکانمانەوە پەسەند کرا، ئەوا بەچاپی دەگەیەنین، بەڵام بەمەرجی ئەو کاتە تۆمەتی ئەوە نەخاتەپاڵمان، کەتەنیا بەرهەمەکانی باختین پەسەند دەکەین!■

ئاوەز

دوا تیشکی ڕۆشنتر لەخامۆشی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

لەهەموو ڕۆژنامەیەکدا گۆشە هەر بۆ ماوەیەکە، زۆرجار نوسەرەکەی پێش وەخت لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکە ژمارەو کۆتایی گۆشەکە دیاری دەکات.. لەلایەن منەوە ئەمە دوا ژمارەی گۆشەکەمە.

لێرەدا لەبۆنەی داخستنی ئەم گۆشەیەدا زۆر سوپاسی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسین دەکەم کە لەسەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامەی چاودێرەوە منیان دەست نیشان کرد تا گۆشەیەک بنوسم. زۆر سوپاسی یەکە یەکەی خێزانی چاودێر دەکەم ئەوانەی کەلەسەر کۆمپیوتەرن و بەم گۆشەیەوە ماندوو بوون. سوپاسی هەڵەچن دەکەم، ڕەنگە بەم گۆشەیەوە ماندوو بووبن. سوپاسی ئەو نوسەرە گەنجانەی چاودێر دەکەم کەخەمی ئەوەیان بوو ئەم گۆشەیە لەوەختی خۆیدا بگات. هەندێک جار ئەرکیشیان دەکێشا بەتەلەفون و بەرۆحێکی سوکەوە قسەیان لەگەڵ دەکردم، دیارە ئەوە پەرۆشییە بۆ کارەکەی خۆیان.

سوپاسی ئەو نوسەرو ئەدیبانە دەکەم کە موتابەعەی گۆشەکەیان دەکردم یا کەسانێک کەلەشوێن و جێگەی تایبەتی یا لەسەر جادە دەیانبینیم و گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکانی گۆشەکە لەگەڵ دەکردم. بەپێویستی دەزانم لەم بۆنەیەدا سوپای ئەو کورە گەنجە بکەم (زۆر داوای لێبوردەن دەکەم کەناوەکەی نازانم) لەشەقامێکی ئەم شارەدا یەکترمان بینی و باسی بابەتێکی ئەم گۆشەیەی کردو لەپڕ دانەوییەوە دەستم ماچ بکات، من نەمهێڵاو خۆم پێنەگیراو قورگم پڕ بوو، فرمێسک بەچاومدا هاتە خوارەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کەمتەرخەمین، ئێمەی نوسەر، خەڵک چاوەڕوانی شتمان لێدەکەن. بیرم لەوە کردەوە کەدنیا هەر پارەکە نییەو هەزارەها گەنجی وەک ئەم برادەرە هەن و لەجیاتی پارە خەمیان ڕۆشنبیرییە.

جارێک لەپێشانگەیەکی کتێبدا دوو خوێندکاری زانکۆ بەتەنیشتمانەوە وەستابوون و منیش سەیری کتێبم دەکرد، لەپڕ یەکێکیان وتی: باشە مامۆستا، تۆ دوێنێ لەگۆشەکەی چاودێردا دەڵێی: با ئەوەندە نزار قەبانی نەخوێنینەوەو ئەوەندە دەقی وەرنەگێرین بابەشێوازو جۆری ئەدەبی نوێتر کار بۆگۆڕینی زەوقی خوێنەر بکەین، ئەوناوانەی کەتۆ ئاماژەت پێداون وەک ئونسی الحاج، شەوقی ئەبو شەقرا، ئەدۆنیس، هیچ بەرهەمێکیان لەم پێشانگەیەدا نییە. بەڵێ نەبوون و لەچەندین پێشانگەی تریشدا دەست خوێنەر نەدەکەوتن. ئەویش کێشەیەکی ترە.

زۆر کەسیش، لەئەدیبان و خوێنەران پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم ناونیشانی ئەم گۆشەیەم (ڕۆشنتر لەخامۆشی) لەچییەوە هاتووە یا مەبەستم چییە؟ منیش بڕیارمدا لەدوا ژمارەی گۆشەکەدا ئەوە بدرکێنم. بۆیە لێرەدا دەڵێم: ئەوە وتەیەکی ناتەواوی (بایەزیدی بەستامییە) من وشەیەکم لێپەڕاندووە، چونکە ڕیتمەکەی بەو قرتاندنە خۆشترە (لەگەڵ داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بایەزیدی بەستامی)، ئەسڵی ڕستەکە ئەمەکیە:(ڕۆشنتر لەخامۆشی، چرایەک نییە) یا (چرایەک نییە لەخامۆشی ڕۆشنتر بێت) من زۆر دڵ و مێشکم بەم ڕستەیە دەکرایەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کەسەر بەپەخشانی سۆفییانەیە، بەڵام پڕە لەشیعرییەت و بیری سەرسورهێنەر. ئەم ڕستەیەم لەسەر زمان بوو زۆرجار لەناو قەرەباڵغیدا لەدڵی خۆمەوە دەمووتەوە. بایەزیدی بەستامی ژیانی بۆخۆی پڕە لەشیعرییەت. نەک وتە پەخشان ئامێزەکانی، بەڵکو ژیانیشی وەک موتەسەوف (یەکێکە لەموتەسەوفە ناودارەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی) پڕە لەشیعرییەت.. جارێک لەبەستامەوە دەچێت بۆ هەمەدان. لەبازار هەندێک گیاو خورما دەکڕێت و دەگەڕێتەوە بۆ بەستام، کە کیسەکەی دەکاتەوە دەبینێت چەند مێرولەیەکی هەمەدانی بەخورماکەوە لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەوێدا زۆر دڵی بەو مێرولانە دەسوتێت و دەڵێت (ئای چ تاوانێکم کردووە، ئەم مێرولانەم توشی غوربەت کردووەو لەوڵاتی خۆیان دورمخستونەتەوە. بۆیە یەکسەر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و مێرولەکان بباتەوە بۆ وڵاتی خۆیان).

ئەمە بۆخۆی بەشێکە لەکردەوەو ژیان، بەڵام وەک دەقێکی شیعریش وایە.. ئەم بەزەییهاتنەوەیە بەمێرولەدا لەکوێ وئەم مرۆڤقرکردنەی ئێستا لەکوێ.

لەکۆتاییدا سوپاسم دووبارە دەکەمەوە.. لەژمارەکانی داهاتوودا یان بەشێوەیەکی ترو لەلاپەرەیەکی تردا یان مەرج نییە بەگۆشە بێت، بەڵکو بە وتارو ڕەخنەو وەرگێڕان لەگەڵ ڕۆژنامەی چاودێردا، بەردەوام دەبین.■

پەژارەی هاووڵاتی

■ بازارەکانی شارو پاکوخاوێنی یان...؟	(ئارەزوو)
■ پرۆژەی شاری خەونەکانی کێ؟	(پێشرەو)
■ نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەت (کاک عومەر فەتاح)	(کۆمەڵەی...)
■ بۆ وەزارەتی پەروەردە لەکێشەکان بێدەنگە؟	(ئاوا)
■ ڕۆتین.. ڕۆتین.. ڕۆتین	(دڵسۆز)

بواز

بەویژدانم؛ حکومەت نوستووە!

ها.. خۆت پڕی کەرەوە!.. تو ویژدانتان گەر هەر یەکێک لەئێوە ئەو دێڕەی بەدەنێ.. یاخود بیبیستێت.. چ شتێک بەخەیاڵیدا دێت؟! خۆت پڕی بکەرەوە!.. فایل.. فۆرمی بایعی.. چاڵەکانی شارەوانی و کوردتێل و زێراب.. پرسیاری تاقیکردنەوەی وانەکانی قوتابخانە.. وشەی یەکتربڕ.. وەسڵی لیژنەکان.. نەخشی سەرکراسێکی کوردی و پولەکە لای ژنی خاوەن کراس.. گلۆپە بێنازەکانی ماڵ.

باشە.. ها خۆت پڕی کەرەوە چی دەگەیەنێت.. بەشەرەفم تا خۆم پێتان نەڵێم هیچ کەس لەئێوە نایزانێت!.. هەرکەپێشم وتن هەر هەمووتان سەدان جار ئافەرینی بەدوادا فڕێ دەدەن کەڕاستەو وایە.. جا پێش ئەوەی پێتان بڵێم با کۆمەڵێک داختان بۆ هەڵڕێژم.

حکومەت نوستووە یان بەخەبەرە؟ ئەمەیان پرسیاری ١٥ ساڵە.. حکومەت کار دەکات یان نایکات؟ ئەوەشیان جیاوازیەکان لەگەرەکە راقی و هەژارنشینەکاندا دەبینەوە.. حکومەت ساوایە یان گەورە بووە؟ ئەمەش تەریق بوونەوەیەکی دەوێت.. حکومەت سەربەخۆیە یان فیدراڵییە؟ توخوا لەمەشیان گەڕێ!.. حکومەت لیژنەی هەیە یان نییەتی؟ ئەمەیان هەر زۆر زۆر خۆشە!! بەکورتی و بەکوردی بابچمە سەر باسەکە.. نیوەڕۆ بوو برسیم بوو.. چوومە دوکانی گەسێکەوە (گەص).. لەفەکەی دایە دەستم.. سەموونەکەی هێندەی ژێرپیاڵەیەک دەبوو!.. هێندەی دەمەکەوچکێکی شروبی منداڵیش گۆشتی (خوا دەزانێت هی چی بوو) تێکرد!.. بەفەرموو دایە دەستم.. لێم وەرگرت.. وتم هەروا.. وتی خۆت پڕی کەرەوە! تومەز مەبەستی مولحەقاتەکانی بوو!.. کەبریتی بوون لە: تەماتە.. خەیار.. پیاز.. ترشیات.. سەرم سوڕما! باشە ئەو کەوچکە گۆشتەو ئەو هەموو مولحەقاتانە لەلەفەی زەلاتە زیاتر ناوی چی لێ دەنێی؟!.. ئافەرین حکومەتی بێ لیژنە.. ئافەرین بۆ ئەو خەوە قورسە.. ئافەرین لەچاونەترسانی گەص فرۆشان..

لەفەکەم وەرگرت.. زۆر لەسەرخۆ پێم وت: ئەرێ بەڕاست لەکەیەوە لەفەتان کردووە بە (٧٥٠) دینار؟ وتی: هەفتەیەک زیاترە.. وتم: بەفەرمانی کێ؟ بەپێکەنینەوە.. فەرمان و مەرمانی چی؟ لەخۆمانەوە کردومانەو تەواو.. یانی حکومەت نوستووە؟ من هەقم بەحکومەتەوە چییە؟! ئەوە بازارەو قەرەباڵغەو ئارەزووی خۆشمان لەسەروو هەموو شتێکەوەیە!.

سەیرە.. بەڕاستی سەیرە.. حکومەت نەتوانێت نرخ بۆ شتەکان دانێت و بەرەڵڵایی ناوبازاڕ بگرێتەوە و لەفەیەک گەسیش کەهیچ کەسێک بە (٦) لەفە تێر نابێت (٧٥٠) دینار بێت! باشە لیژنەکان لەکوێن؟.. بەهەرحاڵ.. لەفەیەک گەس بەدوو دینار بوو.. لەپڕ بووە سێ دینار.. هیچ کەسێک نەیوت لەل.. دوای ماوەیەک بوو بە ٤ دینار.. لەمیشیاندا نەحکومەت و نەوەزارەت و نەلیژنەیەک وشەیەکی لەدەم نەهاتەدەر.. ئەوا ئێستاش بۆتە (٧٥٠) دینارو دە ڕۆژیشی بەسەردا تێپەڕی تاکو ئێستا حکومەت هەر نوستووە..

داواکارم حکومەت گیان تا شەڕێکی گەورە لەبەینی گەس خۆرەکان و گەس فرۆشەکاندا نەقەوماوە فریاکەوە.. بروا بکەن بچوکی گەس و نرخی گەس ڕەگی شەڕێکی خوێناوی بەردەرکی سەرای بەدەمەوەیە.. دەمەیەڵن بقەومێ و گەس فرۆشەکان بدوێنن.■

سەلام مستەفا

■ ئارەزوو محەممەد

سەیر نەبێت لەلاتان لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ هاورێیەکمدا ڕێمکەوتە یەکێک لەبازارەکانی شەقامی مەولەوی و بۆ لای ئەو بەرگ درووە چووین کەجلوبەرگی هاورێکەمی لەلابوو، بەڵام کاتێک بەسەر پلیکانەکانی ئەو بازارەدا سەرکەوتین، خوا بەوەرەحمی کرد کەئاگامان لەبەر پێی خۆمان بوو نەکەوتین بەدەمدا، چونکە شارەزای ئەو قادرمانە بووین، بەڵام خوانەخواستە گەر کەسێک نەشارەزا بێت و ڕێی بکەوێتە ئەو شوێنە، واوەیلا بەحاڵی بەبێ سێ و دوو کەوتوە بەدەمدا، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەمو خۆڵ و خاشاک و پیسییەی کەلەبەردەم قادرمەکانی ئەوبازارەدا دانراوە، جا نازانم ئەوپیسی و خۆڵە هی خاوەن دوکانەکانی ئەو بازارەیە یان هی دوکاندارەکانی ئەو دەوروبەرەیەو بنکەکەی بەردەم ئەو قادرمانەیە؟ بەهەر حاڵ هی هەر کام لەوانە بێت، دیمەنێکی زۆر ناشرینی بەخشیوە بەو بازارە، لێرەوە دەڵێم: هەقوایە شارەوانی بەرێز هەڵمەتێک ساز بدات بۆئەو شوێنانەی کەوا پیسی کۆدەکەنەوە لەو شوێنەی کەڕۆژانە بەسەدان کەس گوزەری پێدا دەکەن، یاخود هەستن بەدانانی سەلەی خۆڵ کەئەمە وادەکات لەلایەک پیسیەکە بەو شێوەیە بڵاونەبێتەوە، لەوناوچەیەداو لەلایەکی تریشەوە دیمەنێکی جوانتریشی هەیەو هەر کاتێک کەکارگوزارەکانی شارەوانیش هاتن، هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسانترە تاکو دەکرێتە ناو ئۆتومبیلی خۆڵەکە.

بەو هێوایەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دوکاندارە بەرێزەکانیش بەو کارەدا بچنەوەو پاک و خاوێنی شار بپارێزن و هەموومان ئەو شوێنەی کەتێیدا دەژین یان کاری تێدا دەکەین بەموڵک و ماڵی خۆمانی بزانین و خزمەتی بکەین تاکو شارەکەمان جوانتر و خاوێنتر بێت و سیمای شاری هاوچەرخ بنوێنێ.■

بازاڕی ئەهلی بوستانی

■ پێشرەو ڕەوف

(دەتوانیت هەموو کەس بۆ تاوێک هەڵخەڵەتێنیت، یان هەندێک بۆ هەمیشە، بەڵام ناتوانیت هەموو خەڵک بۆ هەمیشە هەڵخەڵەتێنیت) – ئەبراهام لینکۆڵن

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، بەرێکەوت چاوم بەریکلامێک کەوت لەژمارە (١٨٣٩)ی ڕۆژنامەی خەباتدا، بۆ دروستکردنی (١٠٠٠) خانوو، بەناوی پرۆژەی شاری خەونەکان لەپایتەخت، بۆیە هەر زۆر سەرنجی ڕاکێشام و لەدڵی خۆمدا وتم: ئۆخەی واخەریکە بەشێکی دیکە لەخەونەکانی کێشەی (نیشتەجێ بوون)و خەڵکی زۆروزەوەندی کرێنشین، دەبێت بەواقیع و حکومەت هەنگاوی بۆ دەنێت، بۆیە بەپەلەکەوتمە خوێندنەوەی ئەوزانیاریانەی دەربارەی ئەو پرۆژەیەو چۆنیەتی دروست بوون و جێبەجێکردنی، تا دوا وشەییم خوێندەوە، بەڵام مەخابن ئەوەی هەرزوو نائومێدی کردم ئەوەبووکەئەو خەونەی من و هەزارەها خێزان و خانەوادەی ئەم وڵاتە بەشوێنیدا وێڵن، ئەوە نەبوو، بەڵکو ئەوخەونە پرۆژەی (ڤێلا) دروست کردن بوو، بۆیە یەکسەر چەند پرسیارێک خۆیان بەناو بیرو ئەندێشەمدا کردو بردیانمە سەر ئەو دەرەنجامەی کەلەم وڵاتەدا هەموو شتێک بەلنگەوقوچی لەدایک دەبێت.

ئازادی دەبێت بەلیبراڵی و دیموکراسی بەبیرۆکراسی و بازاری ئازاد دەبێت بە بازاری پاوان و ئیحتیکار، مافی مرۆڤ بەپاراستنی مافی دزو جەردەو دەوڵەتی قانون دەبێت بەدەوڵەتی ئەحزاب و خزم و خێڵ و عەشیرەت، بەکورتی و بەکوردیە حەیاتەکەی خۆمان، خەونی دادوەری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری بەتایبەت خەونی دابینکردن و چارەسەرکردنی (شوێنی نیشتەجێ بوون) بۆ هاولاتیان، کەئەمرۆ خەڵکێکی زۆر گیرۆدەی بوون و پێوەی دەناڵێنن، ئەویش دەبێت بەخەونی خەڵکی مشەخۆرو خواپێداو، بۆیە لەم بارەیەوە بەپێویستم زانی کەمێک باری سەرنجی خۆم دەربڕم، بەتایبەتی ئەو بەشەی کەپەیوەندی بەکێشەی (نیشتەجێ بوون)ەوە هەیە وەک لەو ناونیشانەی لەسەرەتادا هاتووە کەلەلایەن کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێی هەڵدەستن لەجۆری (ڤێلا) هەرچەندە بەلامەوە ئاساییە نەک هەر ئەوەش، بەڵکو مایەی دڵخۆشیشە، کەنەک هەر کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو هەر کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری بێتە ئەم وڵاتەوەو هەستێت بەئەنجامدانی پرۆژەو پێداویستییە داواکراوەکانی خەڵک کەلەم ساتەوەختەی کەچەندین گرفت و قەیرانی خەڵکی لەچارەسەرکردنی کێشەی (نیشتەجێ بوون، کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، ڕێگەوبان) بەسەرەکی ترین گرفت و داخوزای دەژمێردرێن بەجۆرێک کە ڕۆژ نییە تاک بەتاکی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵیدا لەکێشمەکێش و نارەزایەتیدا بەرەو ڕوو نەبن، بۆیە نەک هەر ئەو داواو داخوازیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەیەکێک لەخەونە دێرینەکانی خەڵک دەزانم، بەڵکو بەکارهێنانی چەمکی (خەون) بەغەیری خەونی ئەو کێشانەی کەنەک هەر خەڵک، بەڵکو دەوڵەتیشی توشی شۆک و رامان کردووە لەوەی چۆن لەگەڵی ڕووبەڕوو بێتەوەو چۆن چۆنی چارەسەری بکات، کەبەبڕوای من هەوڵدان و بەرهەم هێنانی ئەو جۆرە (خەون)و پرۆژانە، نەک هەر کارێکی پێچەوانەی خەونی خەڵکە، بەڵکو گاڵتە جاریشە بەمافی هاوڵاتی بوون و تەواوی ئەو چەمکانە بۆ دەوڵەتێکی دادپەروەرو لەهەمان کاتدا هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەک بەئێستای کێشەو گرفتی خەڵک ناکات، ئەمە جگەلەوەی گاڵتە کردنەبەهەموو ئەو گفتوگۆیانەی خۆشیان کەڕۆژانە دەربارەی ئەم کێشانە بەتایبەتی کێشەی (نیشتەجێ بوون) لەرۆژنامەو کەناڵەکانی میدیای خۆیانەوە باس لەرێگەچارەو شێوازەکانی چارەسەرکردنی دەکەن، چونکە لەبری پروپاگەندە بۆ خەونێکی ئاوا، پروپاگەندە بێت بۆخەونی چەند باڵەخانەیەکی ئاسایی کەلایەنی کەم شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت کەئێستا لەکوردستان خەڵک لێی بێت بەشەو خەونێکی دەیان هەزار منداڵ و ژن و پیاوو لاوی ئەم میللەتەیە، کەرۆژانە بەحەسرەت و هەناسەکێشانەوە بەشوێن لانەیەکدا وێڵ و بێچارەن، نەک ئەوانەی کەنەک هەر خەونی (ڤێلا) لەکوردستان، بەڵکو لەخۆرئاواو لەئەوروپاش چەندین ڤێلاو پرۆژەو کۆمپانیای خەیاڵیان هەیەو نەک هەر پێویستیان بەو خەونە نییەکەحکومەتی هەرێمی پایتەخت بۆیان بەدی بێنێت، بەڵکو زۆر واوەتریشیان لەکوردستان لەو ڕووبەرەی ئەوان دیاریان کردووە کەلە (٢٥٠-٩٠٠)مەترە، بۆخۆیان پاوان کردووە، کەسەدان دۆنم زەوییەو باخ و بێستان لەسەر باشترین و جوانترین نەخشە لەڕووی ئەندازیاری و کۆشک و تەلاری هەمەرەنگیان بۆخۆیان ڕازاندۆتەوە، کەرەنگە زیادەرۆیی نەکەم گەر بڵێم ئەگەر کۆمپانیای ڕۆژهەڵات سەردانی ڤێلاکانی ئەو خاوەن سەرمایەو دەوڵەمەندەی لای ئێمە بکات بەبروای من سودی باشی دەبێت بۆ دەوڵەمەند بوونی زانیارییان لەو بوارەدا.

دواجار دەڵێم با ئیتر بەس بێت چەواشەکردن و ئاوەژوکردنەوەی چەمک و ئەندێشەکانی خەڵک.■

■ کۆمەڵەی داکۆکی کردن لەمافی کرێنشین

بەرێز سەرۆکی حکومەت، هەروەکو لای هەموان ئاشکرایە کەکێشەو قەیرانی نیشتەجێ بوون و هەڵئاوسانی نرخی کرێ خانوو، بۆتە گرفتێکی بەرچاوو هەنوکەیی لەکوردستاندا، کەبەشێوەیەک کاریگەرییە خراپەکانی بۆتە مایەی قسەو باسی گەرمی زۆرێک لەخەڵکی کرێ نشین، کەبەردەوام لەچاوەڕوانی چارەسەرکردن و دانانی سنورێکدان بۆ دیاردەو دەرکەوتە خراپەکانی.. بەئومێدی ڕێگە چارەیەک کەرۆژێک لەرۆژان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی ئاورێک لەداواو سکاڵاکانیان بداتەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنێکی ڕاستەقینە، بۆیە لەم بارەیەوە ئێمەی (کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشین) بەئەرکی خۆمانی دەزانین بۆ بەرچاو ڕۆشنی بەرێزتان و خستنەبەرچاوی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کرێنشین لەچۆنیەتی ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیەداکەڕاستەوخۆ بەقازانجی (کرێنشینان) جێگەو شوێنی خۆی بگرێت، ئەم چەند داواکارییەی (کۆمەڵە)کەمان بۆ بەردەم بەرێزتان بەپێویست دەزانین، کەبۆ لەمەودوا هەر هیچ نەبێت بەشێک لەم داخوازیانە لەبەرچاو بگیرێت و پەیرەو بکرێ.

- داوا دەکەین وەک چۆن (سلفەی عەقار) دەدرێت بەو کەسانەی زەوی دەکەن بەخانوو، بەو کەسانەش بدرێت کەدەیانەوێت (شوقەیەک) لەو شوقانەی کەبەپارە دەفرۆشرێتەوە بۆخۆیان بکرن.

- داوا دەکەین بەهەموو شێوەیەک کرین و فرۆشتن بەو زەوی و شوقانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بەهاوڵاتیان قەدەغە بکرێت، بۆئەوەی چیتر خەڵکانێکی هەلپەرست هەڵپەی بۆ نەکەن، لەهەمان کاتدا زەوی بەهەر کەس درا لەیەک ساڵ زیاتر تێنەپەرێت و بەئیجباری بیکات بەخانوو، بەپێچەوانەوە (زەوی)یەکەی لێبسێنرێتەوە.

- داوا دەکەین هەرچی زووە خزمەتگوزاری وەک (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، شەقام) بۆ ئەوگەرەکە نوێیانەی شار جێ بەجێ بکرێت، کەئێستا خەڵکێکی زۆر خانوەکانیان تەواو کردووەو دەرگای خانوەکانیان داخستووە لەبەر ئەو هۆیانە.

- داوا دەکەین ئەگەر وەزارەتێک بۆ نیشتە جێبوون نییە، لانی کەم دائیرەیەک بەناوی (نیشتەجێبوون)ەوە بکرێتەوە لەنوێنەرانی (تاپۆ، باج، داد، ئامار، ئەنجومەنی پارێزگا، کۆمەڵەکەی ئێمە) کەئەرکی ڕێکخستنی نیشتەجێبون و کرێ لەئەستۆ بگرێت.■

■ ئاوا عەزیز

ئەگەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان هەڵدەینەوە، دەبینین گلەیی و گازندەو ڕەخنە زۆر لەوەزارەتی پەروەردە دەگیرێت و زۆر کەس داخی دڵی خۆی لەرۆژنامەکان هەڵدەڕێژێت، کەچی لەوە دەچێت ئەم وەزارەتە هیچ نەڵێت یاخود ئەوقسانەی دەکرێت بەهەند وەرناگیرێت لەوەش گرنگتر لەوانەیە ڕاگەیاندنی وەزارەت لاواز بێت وەکو چۆن جارێک بەرێز وەزیری پەروەردە لەبەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا ئەم لاوازییەی ڕاگەیاند، باشە بۆ بەم کەلێن و نەنگیانەدا ناچنەوە، لەوەش گرنگتر تۆ بڵێی کاربەدەستانی وەزارەت هەر لەخودی وەزیرو جێگرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان ڕۆژنامە نەخوێننەوە؟ باشە تاکەی ئەم بێدەنگیە ئەگەر کێشەکان ڕاستەو ناهەقی هەیە وەرن چارەسەری بکەن، ئەگەر درۆو ناڕاستە وەرن ڕاستی بکەنەوە. زۆرجار کەسەیری ڕۆژنامەکان دەکەم وەڵامی زۆر لایەن و دەزگاو وەزارەتم بەرچاو دەکەوێت تەنهاو تەنها وەڵامی وەزارەتی پەروەردە بەدی ناکەم، لەوە دەچێت کەس بەڕاست نەزانن و گوێ لەکەس نەگرن یان تاقەتیان نییەو نایانەوێت لەخۆیانیان تێک بدەن!

هەیەپڕ بەگەروی هاوار دەکات کەقوتابخانەیە یان خوێندنگەیەک یان پەیمانگەیە لێوان لێوە لەفەسادی فێرکردن و ئیدارەدا نایەن چارەسەری بکەن، بەڵکو بەتەرەفەکەی تر رادەگەیەنن کەفڵانە مامۆستا وابیر نەکاتەوە، برۆ چارەسەری بکەو لەگەڵیدا ڕێبکەوە. نایەت ببنە تەرەفی باڵا پیسەکە پاک بکەنەوەو پاکەکەش نەیەڵێت پیس بێت و خاوەن هەقیش وێڵی ڕێگەیەکی تر نەبێت!! جاری واهەیە وەزارەتی پەروەردە کاری خۆی ون دەکات دەبێتە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی وەک تایفەو عەشرەت مامەڵە لەگەڵ خاوەن کێشەکاندا دەکات، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەدەزگایەکە دەبێت لەخزمەتی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵی کوردەواریدا بێت. دەبێت پەروەردە لەم وڵاتەدا بەم ئاقارەدا نەروات و گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت.

دەبێت وەزارەتی پەروەردە لەدردۆنگی خۆی ڕزگار بکات و بەبەرنامەو ڕاگەیاندنی خۆیدا بچێتەوە دەبێت هێندە باوەری بەخۆی بێت و بزانێت تا هەتایە ئەوان لەو شوێنەدان نەک وابزانن کەبەیانی نا دوو بەیانی و یان هەفتەیەکی دی و مانگێکی دی ئەو شوێنە جێ دێڵین.■

■ دڵسۆز شێخ کەریم

یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی ئەم وڵاتە هەبوونی ڕۆتینە لە هەموو دامودەزگایەکدا، ڕوو دەکەیتە هەر دەزگایەک بۆکارێک ئەگەر زۆر بچوکیش بێت، دەبێت ڕۆژێک لەژیانت لەوێ بەسەر بەریت لەبەر ڕۆتین.

ڕوو دەکەیتە هەر فەرمانگەیەک خێرا کارمەندەکە پێت دەڵێت شەش وێنەی خۆتمان بدەرێ پێشتر ئامادەت کردبێت باشترە ئەگەر نا ئەوا دوای دوو ڕۆژ دەبێت بچیتەوە بۆ ئەو فەرمانگەیە، چونکە هیچ فەرمانگەیەک ئامادە نییە خۆی ژورێکی تایبەت بەوێنەگرتنی هەبێت و ڕاستەوخۆ وێنەو کۆپیی ناسنامەو فۆرمی خۆراک بکات بۆئەوەی کاری خەڵک بەزووترین و کەمترین کات ڕاپەڕێنێت، لەوەش سەیرتر هەموو دەزگایەک کۆمپیوتەری هەیە، بەڵام کارمەندەکانی یاری (پۆکەری) پێدەکەن وەک فەرمانگەی (ئاو)ی سلێمانی، ئەگەر بەیانیان خۆت بکەیت بەژووری کۆمپیوتەردا دەزانیت چ باسە! لەڕۆتینی ئەو فەرمانگانەی کەپسوڵەی وەرگرتنی پارەیان هەیە دەبێت کەسەکە (مراجع) خۆی بچێت بۆ بانک و لەوێ پارەکە دابنێت و پاشان چەکی پارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ فەرمانگەکە نمونەی ئەوەش (پاسپۆرت و مانەوە)یە، کەس نازانێت بۆ هەوڵ نادەن بانکێکی بچوک لەناو دەزگاکەیاندا هەبێت و ئەوخەڵکە ئەوەندە هیلاک نەبێت.

ڕۆتین وایە لەهەموو دامودەزگا ڕەسمی و نارەسمیەکانی جیهان هەموو کارمەندێک باجێکی تایبەت کەناوی خۆی و کارەکەی لەسەرەو لەسەر سنگی هەڵواسراوە، بەڵام لەڕۆتینی لای خۆمان پێت دەڵێن برۆ لای فڵان کەس دەبێت نیو سەعات بەشوێن فڵان کەسدا بگەڕێیت تا دەیدۆزیتەوەو زۆرجار ڕووی تێدەکەیت، بەڵام تاقەتی وەڵام دانەوەی نییە، لەبەرئەوەی دەڵێت فڵان کەس لێرە نییە، هەر خەتای ڕۆتینە کەلەهەموو فەرمانگەکانی ئێمەدا بەردەوام کارمەندەکان خەریکی خواردنن و بەردەم ژورەکانیان قەرەباڵغە، لەوانەیە بەڕێوەبەر پاداشتیان بکات، چونکە وادەزانێت کارمەندەکانی زۆر هیلاک دەبن.

زۆربەی زۆری کەمتەرخەمی و ناتەواوی کاروپرۆژەکانی حکومەت و دامودەزگاکان کاریگەری ڕاستەوخۆی ڕۆتینیان بەسەرەوەیەو خەمساردی فەرمانبەر، خوێندکار، مامۆستا، پزیشک، بەڕێوەبەرو وەزیریش پەیرەوکردنی دیاردەی ڕۆتینەو ڕوو لەهەر دامەزراوەیەکی حکومی و مەدەنیش دەکەیت، ڕۆتین.. ڕۆتین.. ڕۆتین.■

شەقامێکی سەرچنار.. ناوەڕاستی مانگی تەموز!



یەکگرتن و جیابونەوەی لقی کەرکوکی سەندیکاکانی کرێکاران بۆچی؟!

هێدی گەلاڵی

×کرێکارانی ئێمە سەر بەئیدارەی سلێمانین.. هی ئەوانیش بەغدا.!!

×پارێزگای کەرکوک شەرعیەت بەهیچمان نادات.. هاوکاریشمان ناکەن..!!

×برادەرانی گروپی ئیدارەی هەولێر پێیان وتین، کێشەکە پەیوەندی بەبەغداوەیە، بەوتەی ئەوان مەرجەعیان بەغدایە نەک کوردستان!.

لەپێناو باشتر ئیش کردن و خزمەتکردنی کرێکاران و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری برایەتی و پێکەوە ژیاندا لەشارەکەدا. لەتەممووزی ٢٠٠٤دا یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان ئیدارەی سلێمانی و هەولێر یەکیان گرت بەو مەرجەی کەهەر ٣ مانگ جارێ پۆستی سەرۆکایەتی سەندیکا بکات، ئەوە بوو لە (٢٠٠٤/٧/١) نوێنەری ئیدارەی هەولێر بەیەکەم سەرۆکی سەندیکا دیاری کرا. دەبوایە تا (١٠/١) دەستبەکار بێت و ئنجا نوێنەری ئیدارەی سلێمانی بچێتە شوێنی ئەو. بەڵام بەهۆی ناکۆکی و زاڵبونی بیری حزبایەتی چەند هۆکارێکی تر. لقی کەرکوکی سەندیکاکانی کرێکاران نەیتوانی بەیەکگرتوویی بەردەوام بێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت!! بۆیە یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی ئیدارەی سلێمانی لەبەیاننامەیەکدا هەڵوێستی وەرگرت و بڕیاری جیابوونەوەی خۆیدا.. بەنوسراوی رەسمیش کەئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی تەنفیزی/یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کەرکوک کردووە کەتیایدا داوای جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو رێکەوتننامەیە دەکەن کە لە (٢٠٠٤/٦/٩) لەنێوانیاندا ئیمزا کرا بوو. سەبارەت بەو یەکگرتن و جیابونەوەی کرێکارانی کەرکوک دواتر هۆکارو ئەنجامەکانی ئەم جیابوونەوەیە. سەردانی بارەگای لقی کەرکوکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەران لەکەرکوک کرد، بۆ ئەم مەبەستە (**سیروان ستار زەنگەنە**) سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران لەکەرکوک وتی:



سیروان ستار

-سەرەتا لەبەر تایبەتمەندی شاری کەرکوک هەڵساین بەیەکگرتنێک بۆ بەرژەوەندی کرێکارو کارکردن لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیان. ئەوە بوو لقی کەرکوکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان سەر بەئیدارەی سلێمانی و هەولێرو کۆمەڵێک عەرەب لەیەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق کەسەر بەحزبی وفاق بوون یەکمان گرت و بەپێی رێکەوتننامەیەک کە لە (٢٠٠٤/٦/٩) نوسرا. کە لەنۆ خاڵ پێکهاتووە. لەلایەن ئێمەو ئەوان ئیمزا کراوە. بڕیاردرا بەتەناوب هەرسێ مانگ جارێک لایەنێکمان سەرۆکایەتی یەکێتی سەندیکاکان بگرینە دەست. ئەوە بوو نەوزاد کاکەیی لەئیدارەی هەولێر دانرا بەسەرۆکی لقی کەرکوکی سەندیکای کرێکاران کە لە (٢٠٠٤/٧/١) دەستبەکاربوو. کەچی دوای تەواوکردنی ماوەی سەرۆکایەتیکردنی سەندیکاکە دەبوو بیداتە دەست نوێنەری سەندیکاکانی سەر بەئیدارەی سلێمانی.. بەڵام پەشیمان بوونەوەو گرفتیان دروستکرد.

×چ رێگا چارەیەکتان گرتە بەر بۆ دووبارە نزیکبوونەوە لەیەکتر؟!

-پاش ئەوەی دڵنیا بووین ئەوان ئامادەییان تێدا نیە سەرۆکایەتی سەندیکا بەئێمە بدەنەوە. بۆیە هەوڵماندا رێگا چارەیەک بدۆزینەوە.. کەوەفدێکی ناوەندی کەرکوکی رێکخراوە دیموکراتیەکان و مەڵبەندی دووی رێکخستنی کەرکوک سەردانی لقی چواری پارتیمان کرد بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام ئەوان پێیان وتین: کێشەکانتان لەبەغدا چارەسەر دەکرێت.. ئەم کێشەیە نۆ مانگی خایاند. دواجار وەفدی بەغدا هات بەقازانجی ئەواندا شکێنرایەوە..!!

×دوای جیابوونەوەتان لەیەکتر کامتان لەلایەن حکومەتی کەرکوکەوە دانپیانراون.. لەڕووی مامەڵەی یاسایی و ئیداریەوە؟!

-سەندیکاکانی کرێکاران لەکەرکوک تائێستا لەلایەن پارێزگای کەرکوکەوە شەرعیەتیان پێ نەدراوە و بەهیچ شێوەیەک هاوکاریشمان ناکەن!.

×بۆچی هاوکاریتان ناکەن؟

-لەبەرئەوەی لەپارێزگادا پێمان ئەڵێن ئەبێ یەک سەندیکای کرێکاران هەبێت.

×ئەی کێ هاوکاریتان ئەکات؟

-ئێمە وەکو یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی کەرکوک لەلایەن ئیدارەی سلێمانیەوە هاوکاری دەکرێین. ئێستا لەکەرکوک ئاراستەی ئیشکردنی سەندیکای کرێکاری بەدوو لەتی بەڕێوە دەچێت کە سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی ئیدارەی سلێمانی و هەروا سەندیکای کرێکارانی پارتیش سەر بە(نقابات العمال العراق) کە سەر بە بەغدادە.

×داواکاریتان چییە؟

-ئەگەرچی ئیدارەی سلێمانی بەردەوام هاوکاری کردووین بەڵام هەندێ داواکاری گشتی هەیە کە لەئەمڕۆدا لەخزمەتی سەندیکاکەیە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانمان بۆیە داواکارین ستافی لقەکەمان دامەزرێنن.. چونکە تاکو ئێستا بێ بەرامبەر ئیشمان کردووە. هەروا دابینکردنی ئۆتۆمبێلێک زەروورە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی سەندیکاکە هەبێت.■

روونکردنەوە



ئاماژە بە ژمارە (٣٤)ی هەفتەنامەی چاودێر کە لەڕۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٧-٦-٢٠٠٥، کەتیایدا ریپۆرتاژێکی کاک (ئاکۆ دوکانی) بەناونیشانی (بەدالەی دوکان.. کێ بەرپرسە لەنەبوونی هێڵی تەلەفۆن؟) بڵاوکردۆتەوە، بەڕێز (کاروان رەزا ئەحمەد) بەڕێوەبەری گشتی تەکنیکی لەوەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، لەلێدوانێکیدا بۆ راگەیاندنی وەزارەتی ناوبراو وتی: ئەو راستییەی کە لەبەدالەی دوکان دەبینرێ، تاکو ئەمڕۆ بەدالەیەکی جۆری (NEC) یابانی ساڵەکانی (١٩٨٦، ١٩٨٧)ن، کە لەراپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی کوردستاندا دەستی تاڵانی گەیشتی و وەکو هەمو هاوڵاتیەکی بەڕێزیش دەزانێ، ئازادبوونی کوردستان پچڕانی پەیوەندی بوو لەنێوان کوردستان و رژێمی ئەوسای عێراق کەنەتوانرا هیچ کەرەسەیەکی پێویست بەچاککردنەوە دابین بکرێ، تا ساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢) لەلایەن خوالێخۆش بوو وەزیری ئەوکاتەی گواستنەوەو گەیاندن بەڕێز (خەلیل دۆسکی) بەهەر شێوازێک بوو توانی کەرەسەی پێویست لەهەندێ رێگەی جیاجیاوە لەشارەکانی تری عێراقەوە کەئەو جۆرە بەدالانەی تێدا بوو، کەرەسەی هەڵسانەوەی ئەو بەدالەیە دابین بکات کەنزیکەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هێڵ بکەوێتە کارو تۆڕی کێبڵاتیش لەناو دوکانی سەرەوەدا بگەیەنێتە نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد هێڵ و هەمووﻻیەک ئاگاداری باری ئابوری کوردستان بوون لەوکاتانەدا نەدەتوانرا پارەی زۆر بۆ پرۆژەی گەورە دابین بکرێ، ئەگەرچی لەرێگەی (استثمار) و بەهیمەتی هاوڵاتیان و بەسەرپەرشتی وەزارەتمان توانرا لەچەند شوێنێکی جیاواز بەدالەی نوێ دابین بکرێ وەک (رانیە - دەربەندیخان - کەلار - حاجیاوا - چوارقوڕنە) کەئەمەش لەماوەی ساڵێک تادوو ساڵدا توانرا سەرپەرشتی بکرێت.

وە لەهەمان ماوەدا واتە (٢٠٠١-٢٠٠٢) لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوکانیش ئەو کارە بچوکەی بۆ جێبەجێ بکرێ و راستیشە کەجوگرافیای دوکان لەسێ بەشی جیاواز پێکهاتووە کەزیاتر بەشە کارگێڕیەکەی دەکەوێتە دوکانی خواروو تەنها بەکێبڵێکی (٥٠) پەنجا پێری کۆن و بەدرێژی (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر لەدوکانی سەرەوە هێنراوەتە خوارەوە، کەهەر لەو ماوەیەدا صیانەی بۆ کرابوو و بەپێویستییەکی کەم لەدوکانی خوارەوە دابەشکرا. بەشی گەشت و گوزاری ئەوبەر هەر بێبەش بوو لەتەلەفۆن، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەساڵ بەساڵ بودجەی تایبەت بۆ هەموو وەزارەتەکانی هەرێم دابینکرا، وەزارەتمان بەگوێرەی پێویست بودجەی بۆ دابین نەکرابوو، تابتوانێ پرۆژەی گەورە لەزۆرێک لەشوێنەکانی ناو هەرێمدا ئەنجام بدا، ناچار بەبودجەیەکی کەم پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ ئەکرد، ساڵی (٢٠٠٣) تەنها بڕی (٢) دوو ملیۆن دۆلار پرۆژەکانی (قەڵادزێ - تەق تەق - چوارتا - سەیدسادق)ی پێ جێبەجێ کرا، ئەگەرچی هێشتا دڵنیاین لەئاست داخوازی و پێویستییەکانی هاوڵاتیاندا نییەو پرۆژەی بەستنەوەی سلێمانی بەپارێزگای کەرکوک بە (٤٨٠) چوار سەدو هەشتا هێڵ لەسەر هەمان بودجە جێبەجێکرا. لەساڵی (٢٠٠٤)دا نزیکەی (٣٥٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلار بۆ وەزارەتمان دابینکرا، کە لەچاو وەزارەتەکانی تردا و لەچاو پێویستی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەبواری گەیاندندا زۆر زۆر کەمە، توانرا پرۆژەی (چەمچەماڵ - خورماڵ - بینای هەڵەبجەی شەهید - بینای هەڵەبجەی تازە) جێبەجێ بکرێ و لەهەمان کاتدا گۆڕینی بەدالەی دوکان لەبەرنامەی ئەم بودجەیەدا بوو کە بەدالەیەکی (١٠٠٠) هەزار هێڵی جۆری بێتەلی پێشکەوتوو (CDMA) بەڵام جێبەجێ نەکردنی گەڕایەوە بۆ هاتنەکایەی کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بەناوی (میدیا تیلیکۆم) کەهەمان سستمی گەیاندن لەناو هەرێمدا دابمەزرێنێ، کەئەمەش دەبوە بوونی دوو سستمی هەمان شێوەو لەڕووی تەکنیکیەوە هەندێ کێشەی تایبەتی دەبوو و ئەم جۆرە سستمە تەنها بۆ یەک شوێن دانانرێت بەڵکو بۆ هەموو دەوروبەرەکان زیاتر فراوانکردنی پێویستە و لەکاتی دەسبەکاربوونی کۆمپانیای ناوبراو، هاوڵاتیان بۆیان دەردەکەوێت. بۆیە وەزارەتمان کەزانی ئەم کۆمپانیایە لەماوەیەکی زوودا کارەکانی جێبەجێ دەکات و دەگاتە ناوچەی دوکان و بەپێی پەیوەستنامەی نێوان وەزارەتمان و کۆمپانیای ناوبراو هاوبەشەکانی سەر بەدالەی کۆنی دوکان بەژمارەی نوێ قەرەبوو دەکرێنەوە، پرۆژەی دانانی هەزار هێڵەکەی دوکانی گۆڕی بەپرۆژەی گۆڕینی بەدالەی هەڵەبجەی شەهید بۆ (٣) سێ هەزار ژمارەی نوێ.

لەهەمان کاتدا وەزارەتمان هەر بەنیاز بووکەبەدالەیەکی تایبەت بەحکومەت لەسەر شێوازێکی تەکنیکی جیاواز لەدوکان دابمەزرێنێ و هەر لەبەرنامەشیدایە، وە لەهەر کاتێکدا وەزارەتمان هەستی بەدواکەوتنی گەیاندنی کۆمپانیایی میدیا تیلیکۆم بکات بۆ ئەو ناوچەیە وەزارەتمان هەڵدەستێ بەدانانی بەدالەیەکی بێ سیمی جۆری (WLL) بەڵام دواکەوتنی بەهۆی ئەوەی کەئەمڕۆ زۆربەی شوێنەکانی کوردستان زیاتر بێ پرۆژەی گەیاندنن وەک لەدوکان و بەهۆی باری رامیاری کوردستان و رژێمی دیکتاتۆری لەناوچوو هاوڵاتیانی کورد وەکو هەر پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی تر لێی بێبەشن.

بۆ هەموان ئاشکرایە کەحکومەت ناتوانێ لەیەک کاتدا بۆ هەموو کوردستان پرۆژە جیاجیاکان جێبەجێ بکا، ئەگەرچی بودجەی زۆریش هەبێ بەڵام دەبێ رەچاوی سەرپەرشتیارو کارمەندو پسپۆڕان بکرێ بۆ جێبەجێکردنیان و هەردەم نە حکومەت و نەوەزارەتەکان کەمتەرخەم نەبوون لەخزمەتکردنی هاوڵاتیان و هەموو کاتێکیش خۆمان بەخزمەتکاری گەل و نیشتمان دەزانین و داوای لێبوردنیش لەجەماوەرەکەمان دەکەین و دەبێ ئەوانیش پەلە نەکەن لەگەیاندنی هەموو خزمەتگوزاریەک لەکاتێکی زۆر کورتدا، هەڵبەتە هەموو وەزارەتێکیش بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی و ماوەی چەند ساڵێکی دەوێ تابتوانرێ هەموو کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە.

بەرنامەی ساڵی (٢٠٠٥) مان کەزۆر جیاوازە لەساڵەکانی (٢٠٠٣) و (٢٠٠٤) و لەو بڕوایەداین کە دەبێتە مایەی زیاتر دڵخۆش کردنی هاوڵاتیان.■

راگەیاندنی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

زیادکردنی سولفەی عەقار ویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵە

ئا/ محەمەد رەزا

یاریدەدەری بانکی خانوو بەرە:

ئێمە تەنها بڕیاری سەرو خۆمان جێبەجێ دەکەین، توانای بڕیاردانمان نیە، بۆ زیادکردنی سلفە

پێدانی پێشینە وەک سولفەی عەقار کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بانکی خانوو بەرەوە دەدرێتە هاوڵاتیان، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئاوڕدانەوەیەک لەهاوڵاتیان ئەو بڕە پارەیە پێشکەش بەچین و توێژەکانی خۆی دەکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو بڕە پارەیە کەوەک پێشینە بەدووجار بۆ ئەو کەسانە سەرف دەکرێت کە هەڵدەستن بەدروستکردنی خانوو ئەو بڕیارە ئەیانگرێتەوە، ئەو پارەیە بەشیان ناکات یان لەو ئاستەدا نیە کە بتوانرێت خانوی لەم رۆژەدا پێ تەواو بکرێت، بۆیە خۆزگە حکومەت ئەو پێشینەیەی زیاد دەکرد تاکو هەموو ئەو کەسانەی زەوی نیشتەجێیان هەیە بتوانن سودی لێ ببینن و لەو ئەزمە گەورەیە قوتاریان ببوایە کەتێی کەوتون لەم شارەدا کەئەویش کێشەو گرفتی کەمی خانوی نیشتەجێبونە، هەربۆیە بەچاکمانزانی لەوبارەیەوە بەکارێکی رۆژنامەوانی سەردانی بانکی خانووبەرەو بانکی هەرێم بکەین و سەرەتاش چەند هاوڵاتیەک بدوێنین و دەرگای پرسیار و وەڵام بۆ ئەو مەبەستە واڵا بکەین.. سەرەتا چەند پرسیارێکمان لەچەند هاوڵاتیەک کرد لەبەرێوەبەرایەتی بانکی خانوو بەرە لەگەڵ هەندێک شوێنی تر بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

×ئایا ئەم بڕە پارەیە بەسە بۆ ئەو کەسانەی نیازی خانوو دروستکردنیان هەیە؟

×ئایا هەوڵ بدرێت زیاد بکرێت.. زیاتر نابێتە هاندەرێک بۆ دەربازبون لە (ئەزمەی سکن)؟

×لەگەڵ ئەم پارەیەشدا پێداویستییەکانی بیناسازیش بدرێت چاکتر نیە؟

×هاووڵاتیان بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە ئەم پێشینەیە بیانگرێتەوە باشتر نیەو چەندین پرسیاری تری وروژێنەر کەوەڵامدانەوەی چەندە لای هاوڵاتیانە پێویستە دوو ئەوەندە حکومەت درکیان پێ بکات.

سەلام رەشید:

×بەراستی ئەم بڕە پارەیە باشە وەک دەستگیرۆیی کردنی فەرمانبەران و موچە خۆران بەڵام خۆتان ئەزانن، بڕەکەی کەمەو هەرگیز بەو بڕە پارەیە ناتوانرێت خانو بکرێت، پاشان ئەگەر شیش و پێداویستی تریش بەنرخی هەرزان بدرێتە هاوڵاتیان زیاتر خەڵکی خانوو دروست دەکات و کێشەی نیشتەجێبون نامێنێت.

نەجیبە ئەحمەد حەمزە:

×باشە ئەم پارەیە نەبوایە من خودی خۆم نەم دەتوانی خانوەکەم تەواو بکەم بەڵام هەر لەوانەشە بەشم نەکات لێم ببڕێت، ئەگەر ئەو پارەیە زیاد بکرێت و هەموو ئەوانەش بگرێتەوە کەفەرمانبەر نین، دیارە زۆر هاوکارییەکی گەورە ئەبێت بۆ خەڵکی چونکە خەڵکەکە بەگشتی هەژارن و ئەو توانایەیان نیە خانوو دروست بکەن.

هیوا حەمە عەلی موراد:

×من فەرمانبەرێکم ئەم سلفەیە نەبوایە نەمدەتوانی دەستپێبکەم بەڵام داخەکەم زۆر کەمە ئەو بڕە پارەیە، پاشان کە بەدوو (قست) دەدرێتە هاوڵاتیان ئەوکارەش بۆشاییەکی دیکە دروست دەکات بۆ هەمووﻻیەک.

×بەهەرحاڵ قسەمان لەگەڵ چەند کەسێکی زۆرداکردو راوبۆچونەکانیان هەمووی لەخاڵێکی گرنگدا یەکیان ئەگرتەوە ئەویش هەموو بەتێکڕا داخوازیان زیادکردنی ئەو پێشینەیە بو کە وەک سلفە سەرف دەکرێت بۆ هاوڵاتیان خوێنەری بەڕێز ئێمە پێمان باش بوو سەردانی هەندێک لایەنی پەیوەندیدار بکەین و تا بزانین ئەوان وەڵامیان لەگەڵ هاوڵاتیاندا چونیەکە یان پێچەوانەی راوبۆچونەکانی ئەوانن.

بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم:

ئەم پارەیەی وەک پێشینە دەدرێتە هاووڵاتیان.. حکومەتی هەرێم لەسەر بودجەی خۆیەتی.. لەبەغداوە لەگەڵ بودجەی حکومەتی هەرێمدا هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە

عەلی محەمەد عەبدوڵڵا



بەهرە خەلیل

(**بەهرە خەلیل ئیسماعیل**) وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە سەبارەت بەو پێشینەیەو داخوازی هاوڵاتیان و راوبۆچونەکانی ئێمەش ئاوا وەڵامی داینەوە:

-ئێمە لەمانگی (٤) ی ٢٠٠٣) وە کە ئەم بڕیارە دەرچووە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەرگامان واڵا کردووە لەبەردەم هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەم بڕیارە ئەیانگرێتەوە بۆ پێدانی پێشینە واتە (سلفەی عقار) بەعیشقەوە ئیشمان بۆ کردون و هاوکاری تەواومان کردوون، (تعلیمات)ەکان دەقاو دەق جێبەجێ ئەکەین بۆ پێدانی ئەو پێشینەیە کەلەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابورییەوە دەرچووە، ئێمە تەنها بڕیارەکانی سەرو خۆمان جێبەجێ ئەکەین ناتوانین بڕیاری زیادکردنی بدەین، بەڵام پێشمان باشە حکومەتی هەرێم ئاگاداری وەزارەتی دارایی و ئابوری بکاتەوە بەزیادکردنی ئەو بڕە پارەیەی کەوەک پێشینەیەک سەرف دەکرێت بۆ هاوڵاتیان، کەواتە ئێمە هەچ بڕیارێک لەسەروی خۆمانەوە دەربچێت تەنها جێبەجێی دەکەین و ناتوانین بڕیار بدەین، شتێک هەیە کەئەمەوێت لەم مینبەرەوە بەخەڵکی خۆشەویستی رابگەیەنم، کەرۆژانە بەتەلەفۆن و سەردانکردنیان جاڕزیان کردووین و باس لەوە ئەکەن کەئەم پێشینەیە راگیراوە ئێمە نازانین سودی ئەم پڕوپاگەندانە چییەو لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، من پێم وایە ئەو خەڵکانەی ئەم پڕوپاگەندانە بڵاوئەکەنەوە ئاستی هۆشیارییان زۆر نزمە چونکە چەندجار زێڕین خان بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەو کاک شێخ بایز لەکەناڵەکانی TV ەوە باسیان لەناڕاستی ئەو پڕوپاگەندانە کردووە، بەڵکە هەوڵی ئەوە دراوە بەهاوڵاتیانی مەدەنیش بدرێت لەم ماوەیەشدا ئەنجامەکەی دەردەچێت.

×کەواتە ئێمە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان پێمان باش بوو سەردانێکی بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێمیش بکەین بۆ وەرگرتنی وەڵامێکی تەواو کاتێک سەردانمان کردن لەوێ (**عەلی محەمەد عەبدوڵڵا**) وەک بەڕێوەبەری گشتی بانکی هەرێم بەم شێوەیە وەڵامی دروستی پرسیارەکانی داینەوە:

-بەهۆی ئەوەی پێشینەکە فراوانتر کراوە بۆ (تعمیرات - اضافة)ی خانوو، ئەم بودجەیە زۆر گەورەیە و لەبەغداوە لەگەڵ بودجەی حکومەتی هەرێمدا هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکو ئەم پارە زۆرە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم خۆیەتی، بۆیە تاکو ئێستا نەتوانراوە بڕی ئەو پێشینەیە زیاد بکرێت.. یان هاوڵاتیان گلەیی ئەوەی دەکەن بۆچی ئەو پێشینەیە بەدوو (قیسط) ئەماندرێتێ، من ئەڵێم بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیان خۆیانە بۆئەوە بتوانرێت لەدوو قۆناغی جیاوازدا دەرکەوێت، کەوەرگری پێشینەکە بەردەوامە لەسەر تەواوکردنی خانووەکە.

پاشان ئەم پێشینەیە وەک هاوکارییەک وایە بۆ هاوڵاتیان، چونکە ئەوەی کەهەڵدەستێت بەدروستکردنی خانوو پێویستە سەرمایەیەکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبێت لەگەڵ ئەو پێشینەیەی وەری دەگرێت دەتوانێت خانووەکەی پێ تەواو بکات، لەشارو لەشارۆچکەکانیش ئێمە بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان تێبینەرایەتیمان کردۆتەوە بۆئەوەی وەک ئێرە ئەو پێشینەیە وەرگرن و مەسرەفی زیادە نەکەن بێن بۆ سلێمانی بۆ معاملەکردن ئەو شوێنانەش (رانیە، هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخان) کە هاوڵاتیانی ناوچەکانی دەوروبەریشیان لەو تێبینەرایەتیەی بانقی خانوبەرە کردویەتیەوە پێشینە وەردەگرن، ئەو شوێنانەش تێبینەرایەتی لێ نیە لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێنراوە.

بەڕێوەبەری بازرگانی گشتی:

ئەوانەی مۆڵەتی بینایان هەیە شتومەکیان پێ ئەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەنرخی لە ١٠٪ لەبازاڕ کەمتر

×دواتر ئێمە بۆ وەرگرتنی وەڵامی پرسیاری سێهەم کەهەر لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کردبوو لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەرێوەبەری بازرگانی گشتی لەسلێمانی (دلاوەر نوری) لەبارەی پێدانی کەرەستەکانی بیناسازی ئاوا قسەی بۆ کردین:

-لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیمانەوە جۆرە ئاسانکارییەک دەکرێت بۆ هاوڵاتیان بەتایبەتی بۆئەو کەسانەی کەمۆڵەتی بینایان هەیە لەگەڵ چەند بەڵگەنامەیەکی پێویست کەهەڵئەستین بەفرۆشتنی ئەم کەرەستانەی لای خوارەوە کە لەنرخی بازاڕ لە ١٠٪ کەمتر ئەیاندەینێ شتەکانیش ئەمانەن (شیش، دەرگای ساج، تەختە، کاشی، بۆری، سێتی حمام.. هتد) کەتەنها ئەوەندە توانراوە بکرێت و ئەمەش تاڕادەیەک شتێکی باشە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی خانوو دروست دەکەن.■

چۆن سپەهری بخوێنینەوە

نیاز محەمەد*

سوهرابی سپەهری (١٩٢٨-١٩٨٠) شاعیری عاریفی شیعری نوێی فارسی لەدنیای ئەدەبی ئەم میللەتەداو هەندی جار لەدنیای ئەدەبی میللەتانی دراوسێشدا کاریگەریەکی بێ وێنەی هەبووە. بەمەش لەدنیای شیعری کوردی سەردەمی پاش راپەڕیندا ئەم کاریگەریە تەواو دەرکەوتووە، بەڵام دەکرێ بڵێین کەئەم کاریگەریە تەنیا لەڕووی ستایل و فۆرمی شیعرییەوەیە، دانەبەزیوەتە سەر ئاستەکانی ناوەوە. سپەهری خاوەنی هەشت دیوانە کەبرتیین لە (مەرگی رەنگ، ژیانی خەونەکان، غوباری خۆر، رۆژهەڵاتی غەم، دەنگی پێی ئاو، موسافیر، قەوارەی سەوز، ئێمە نیگا ئێمە هیچ) کەلە ١٩٥١ دا یەکەم دیوانە شیعری (واتە مەرگی رەنگ) بڵاوبووەتەوە، کەزیاتر لەڕووی ستایل و فۆرمی شیعریەوە لەژێر کاریگەری شیعرەکانی نیمای رابەری شیعری نوێی ئێرانیدایە هەرچەندە لەڕووی ناوەرۆکەوە تاڕادەیەک بۆنی دنیایەکی تایبەت بەسپەهری دەدەن، بەڵام دنیایەک تەواو لێڵ و ناڕوون، کەپێ بەپێ لەدیوانەکانی تریدا ئەم دنیایە لەبەرچاو روونەبێتەوەو ئامادەییەکی تەواو بەدەست دێنێ.

واتە سەرجەمی دیوانەکانی سوهراب لە "مەرگی رەنگ"ەوە تاوەکو "ئێمە نیگا، ئێمە هیچ"، گەڕان و سەفەری عارفانەی ئەم شاعیرەیە بۆ ئەو ماڵەی کە بۆ دواجار شاعیر هەست دەکات ماڵی خۆیەتی و ئیدی لەوێ بەئارامی دوور لەهەر کاریگەریەکی سامناکی دەرەکی ئۆقرە دەگرێ. ئەمە ئەگەر هاتوو سپەهریمان وەک خۆی و لەناو خۆیدا خوێندەوە. ئەم رایەی ئێمە تەواو پێچەوانەی رای گەلێ لەرەخنەگران و ئەدەبناسانی ئێرانیە. چونکە زۆربەی ئەم رەخنەگرانە هەوڵیانداوە سروشتی دنیا تایبەتەکەی سپەهری بەسروشتی فیزیکیەوە ببەستنەوە کە ئەمەش وادەکات لەم توێژە نەوانەیاندا لەشوێنێک لەشوێنەکانی ئەم دنیایەی سپەهریدا بەبنبەست بگات و نەتوانێت لەوە زیاتر بڕوات بۆ نموونە حیجەت عیمادی رەخنەگری ئەدەبی فارسی دەڵێ: "قەوارەی سەوز لەگیا سەوزەکانەوە سەرچاوە دەگرێ تا رۆحی ئەو (سپەهری) درێژ دەبێتەوە، کەواتە قەوارەی سەوز جۆرێکە لەپەیوەندی لەنێوان سروشتی فیزیکی و رۆحی سپەهریدا وە ئاکامی ئەم پەیوەندی و نزیکایەتییە، بریتییە لەقەوارەی سەوز "١".

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم دێڕانەی سەرەوە بدەین دەبینین کەرەخنەگر گیا سەوزەکان (واتە سروشتی دەرەکی یان فیزیکی) بەسەرچاوەی سەوزبوونی رۆحی سپەهری دەزانێ. بەواتایەکی تر رەخنەگر دەیەوێ پێمان بڵێ کەسپەهری سەوزبوونی خۆی لەسەوزیی سروشتەوەو لەدەرەوەی خۆی وەرگرتووە، واتە سپەهری دنیا سەوزەکەی خۆی لەسەر بنەمای سەوزی سروشتی دەرەوەی خۆی دروست دەکات نەک دنیایەک کەلەناوەوە بەردەوام سپەهری بۆ تەحقیقکردنی لەفۆرمێکی شیعریی تایبەتدا بانگهێشت دەکات، بەڵام گەر بمانەوێت سپەهری بەشێوە دروستەکەی خۆی بخوێنینەوە، داخۆ ئەو شێوە دروستە کامە بێت.

بۆ خوێندنەوەی سپەهری و ئەم دنیا قوڵەی ئەوو پەیبردن و بەو سیحرەی کەهەمیشە سەرسامان دەکات، بێگومان دەبێت لەناوەوە لەشیعرەکانی



وردبینەوەو ئەم دنیایەی ئەو بەهیچ دنیایەکی تری دەرەوەی خۆیەوە نەبەستینەوە، دەنائەستەمە بتوانین هیچ لوغزێکی شیعریی ئەم عارفە بکەینەوە، وەک وتمان سپەهری لەدیوانەکانی سەرەتایدا لەڕووی فۆرم و ستایلی شیعرییەوە لەژێر کاریگەری نیمای رابەری شیعری نوێی ئێرانی و هەروەها چەند شاعیرێکی تری سەردەمی خۆیدایە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە هەمیشە لەدوی ئەو دنیا تایبەتەی خۆیەتی کە بەروونی سەرەتای ئەم دنیایە لەقەسیدەی "دەنگی پێی ئاو" دا دەردەکەوێ. "ئاو" وەک رەمزێکی شیعریی لێرەدا کەسپەهری بەکاری دێنێ ئاماژەیەکە بۆ سەرەتا، چونکە "ئاو" لەئەفسانەو ئاینو بیروباوەڕەکانی میللەتە جیاجیاکاندا بەرەمزێک بۆ سەرەتای ژیان و پەرەسەندن وەسفکراوە، هەندی لەفەیلەسوفانی یۆنانی دێرین ئاویان بەمادەی بنچینەیی هەموو شتەکانی تر زانیوە. وە لەداستانی رامایانای هیندیدا هاتووە کە لەهەموو شوێنێ ئاو بوو، زەوی لەئاودا دروست بوو (برەهما) لەسەرخۆی وەستابوو و خواکانی تریش لەئاودا هاتنەبوون، لەسرودەکانی ریگ، ڤیدا شدا، ریشەی خواکانی ڤیدا زۆرجار دەگەڕێنرێتەوە سەر رەگەزی ئاو. وە لەتەوراتیشدا "ئاوەکان جێی شانازی خوان" "٢" قورئانیش بەم جۆرە وەسفی ئاو دەکات "وجعلنا من الماءکل شیء حیا" ئاماژەدان بەڕۆڵی ئاو لەم ئەفسانەو ئاینانەدا رەنگە یارمەتیمان بدات بۆ خوێندنەوەی دنیاکەی سپەهری. چونکە سپەهری شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لەسەر ئایین و ئەفسانەکانی دنیا، بەتایبەت ئایین و ئەفسانە رۆژهەڵاتیەکان.

لەمەوە مەبەستمانە بڵێین کەدنیا تایبەتەکەی سپەهری لێرەوە بۆ ئەو خۆی ئاشکرا دەکات و دەنگی پێی ئاویش دەنگی ئەو سەرەتایەیە کە سوهراب بۆ سەر زەمینی خۆی بانگهێشت دەکات، ئیدی لێرەوە شاعیر هەست دەکات ئەو شوێنە دەرەکیەی کەئەوی تێدا دەژی شوێنی راستەقینەو حەقیقی خۆی نیە بەڵکو شوێنە راستەقینەکەی لەناوخۆیدایەو دەبێ وردە وردە پەردە لەسەر جوگرافیا تاریکەکانی دەروونی خۆی هەڵماڵێ بۆیە لەم قەسیدە درێژەیدا دەڵێ:

خەڵکی کاشانم، بەڵام
شاری من کاشان نیە

بۆیە وەدووی ئەم سەرەتایە دەکەوێ و شوێنپێی دەنگەکانی پێی ئاو هەڵدەگرێ و چاکیش دەزانێ کەلەسەرەتای ئەم سەرزەمینە نوێیەی خۆیەوە نزیکە:

من لەسەرەتای زەویەوە نزیکم

شاعیر ئیدی لێرە بەدواوە دەکەوێتە نێو ئەو سەفەرە دوورو درێژەوە کەبەرەو ئەم دنیایەی ناو خۆی ئاراستەی دەکات، بەواتایەکی تر ئەو لەدووەمین قەسیدە درێژەکەی خۆیدا (واتە موسافیر) دەست بەم سەفەرە دەکات، کەسەفەرێک نیە ئاسایی بەڵکو زیاتر سەفەرێکی سالکانەو سەخت و دژوارەو پڕە لەتەنیایی و دڵتەنگی، بەڵام دڵتەنگی و تەنیاییەکی عاشقانە، عاشقی ئەو رێگەیەی کەبەتەنیا رێگەی حەقیقی خۆیی و سەوزبوونی خۆی دەزانێ، وە تەنیا ئەم سالک بوونە دەتوانێ ئەو عیشقە سەخت و دژوارەی موسافیرمان بۆ تەفسیر کات:

-بۆ وەها گوشراوە دڵت وەک ئەوەی کەتەنیایت
-چەندەش تەنیا!
-خەیاڵ دەکەم
دوچاری ئەو رەگە پەنهانەی رەنگەکانی
-دوچار واتە
-عاشق

دواتر سوهراب دەکەوێتە نێو ئەم سەرزەمینەی دنیاکەی خۆیەوە، کەبریتیە لە دیوانی "قەوارەی سەوز"، لەم دیوانەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە لەفۆرمدا رەگەزگەلێکی وەک سەوزیی، گوڵ، ئاو، رووناکی.. لەچەند رەگەزێکی سروشتیەوە دەبنە چەند رەگەزێکی شیعریی پەتی، تاوەکو لەرێگەیانەوە شاعیر تەعبیر لەوە دەستهێنانی دونیا ناوەکیەکەی خۆی بکات کە بریتیە لەزیاتر بەرەو پیرچوونی ئەو دەنگە جیاجیایانەی کەبەردەوام بانگی دەکەن، کە ئەم دەنگانەش هیچ نین جگە لەناوەرۆکی دنیا شیعریەکی سوهراب و ئەو جوگرافیا پەنهانانەی ناوەوەی خۆی کە بەردەوام لەهەوڵی کەشفکردنیاندایە، بۆ سەلماندنی ئەمە باشترە بپرسین کەئایا پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەرۆک چیە. ئایا ناوەرۆکی شیعرەکانی شاعیر بریتیە لەهەمان دنیای ناوەوەی خۆی و فۆرمەکانیش بریتین لەتەعبیرکردن لەم ناوەرۆکە.

بێگومان لەم دیوانەدا تەواوی شتەکان روون و سادەو سەوزو دوور لەخەمن و بەسادەیی خۆیان دەژین، تاوەکو کاردەگاتە ئەوەی کەشاعیر خۆشی سەوز دەبێت:

من چەندە سەوزم ئەمڕۆ
چەندە لەشم وشیارە

بۆئەوەی بێینەوە سەر ئەو دەنگانەی کەبەردەوام سوهراب بانگهێش دەکەن و پەیوەندیان بەفۆرمەوە روونکەینەوە، باگوێ لەم دەنگانە بگرین:

"گوێ هەڵخە، دووترین باڵندەی جیهان دەخوێنێ"

یان:

"لەو دوورانەوە دەنگێک دێ، کە من بانگ دەکات"

واتە سپەهری لەقەوارەی سەوزیشدا هەر بەدوای کەشفکردنی ئەو شوێنە پەنهانانەی دنیاکەیدا دەگەڕێ ولەتەک کەشفکردنی هەر جێیەکی نوێدا، نەک دنیاکەی کۆتایی نایەت بەڵکو گەڕانێکی دی بەشوێن ئەو دەنگەدا دەست پێدەکات کەدێتە بەر گوێی، هەر ئەمەشە وا دەکات کەلەم دیوانەدا دەنگی ئەو شوێنە کەشفنەکراوانە بێتە بەر گوێمان.

ئەم دەنگانە چین و لەکوێوە دێن؟ پەیوەندی نێوان سەوزیی و رووناکی و ئاو لەلایەک و وە ئەم دەنگانە لەلایەکی ترەوە چیە؟

لەقەوارەی سەوزدا شیعرێک دەبینین لەژێر ناونیشانی "لەسەوزەوە بۆ سەوز" کە لەپاش ئەم دو دەنگەوە دێت کە پێشتر ئاماژەمان پێداون، لەمەوە دەبینین شاعیر لەپاش هەر دەنگێکەوە سەوزترو روونتر دنیاکەی خۆیمان بۆ بەیان دەکات، وە ئەم شیعرەش دوایین سەوزبوونەوەو ژیانەوەی شاعیر نیە، بەڵکو لەدوای ئەم شیعرەوەیە کەسەرلەنوێ شاعیر بانگ دەکرێت بۆ دنیاکەی خۆی:

"کەوشەکانم کوان،
کێ بوو بانگی کرد: سوهراب؟"

گەر جوان وردبینەوە دەبینین کەشاعیر سەوزبوونی خۆی لەم "دەنگانە"دا دەبینێتەوە، لەشیعرێکی دواتریدا کەناوی "بەرەو باغی هاوسەفەران"ە، ئەم پەیوەندییەی نێوان سەوزیی و دەنگ زیاتر روون دەبێتەوە:

"بانگم کە
بانگی تۆ خۆشە
بانگی تۆ سەوزایی ئەو گیا سەیرەیە
کە لەکۆتایی قوڵایی حوزندا دەڕوێ"

بەرلەوەی ئەم دیوانەی سپەهری جێ بێڵین جێی خۆیەتی بپرسین کە ئەو گیایەی کەلەکۆتایی قوڵایی حوزندا دەڕوێ، لەسروشتی دەرەکیدا بوونی هەیە یان لەناو سروشتی دەروونی شاعیردا؟

دوایین دیوانی سپەهری بریتیە لە "ئێمە نیگا، ئێمە هیچ" کە گەلێ لەرەخنەگران و بیرمەندانی فارس بەدیوانێکی زیادەی دەزانن و پێیانوایە سوهراب ئەم دیوانەی نەنوسیایە باشتر بوو یەکێک لەرەخنەگرانە داریوشی ئاشورییە کە لەسروشتی دەرەکیدا بەدوای دنیاکەی سپەهریدا رۆشتووە "قەوارەی سەوز"یش بەکۆتایی ئەم دنیایەی ئەم شاعیرە دەزانێ، واتە لەم دیوانەی سپەهریدا بەبنبەست دەگات و ناتوانێ لەمە زیاتر بڕوات، هەربۆیە لەبارەی ئەم دوایین دیوانەی سپەهرییەوە دەڵێ "لەبارەی دوایین شیعری سپەهرییەوە، واتە (ئێمە نیگا، ئێمە هیچ) دەبێ دان بەوەدا بنێم کەمن نەلەم دیوانە تێ دەگەم و نەحەزیشم لێیەتی" "٤".

دوایین دیوانی سپەهری بریتیە لە "ئێمە نیگا، ئێمە هیچ" کە گەلێ لەڕەخنەگران و بیرمەندانی فارس بەدیوانێکی زیادەی دەزانن و پێیانوایە سوهراب ئەم دیوانەی نەنوسیایە باشتر بوو

بێگومان ئەم نووسەرە دەبێ بڵێ کە لەو دیوانە تێناگەم، چونکە کاتێ لەم دیوانەی سپەهری تێدەگەین کەبەم شێوەیەی ئێمە لەناوەوە سپەهری بخوێنینەوە نەک لەدنیای سروشتی دەرەکیدا بۆ ماناکانی بگەڕێین، دەنا لەم دیوانەدا کەبریتیە لەدوایین قۆناغی گەڕانەکەی سپەهری لەدوی دنیا تایبەتەکەی خۆی، تەنانەت وشەکانیش لەواتای سروشتی خۆیان نزیک دەبنەوە:

"لەوشەی بەیانیدا
بەیانی دەبێتەوە"

پەراوێزەکان:

١-بەباغ هسنران، حجت عماد، ص ٣١٠.
٢-کتاب مقدس، سفر پیدایش، باب ١، ایە ٢.
٣-قورئانی پیرۆز، سورەتی ئەنبیا، ئایەتی ٢١.
٤-سهرابی دیگر، چیاوالدین ترابی، ص ٢٥.■

***دەرچووی ئاداب/بەشی فارسی زانکۆی سەلاحەدینە**

من دژی ئەدەب و هونەری کوردیم

بەشی دووەم و کۆتایی

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

بەڵام بەگشتی و لەسەراپای جیهاندا شیعرو چیرۆک رۆڵێکی ئەوتۆیان نەماوە. ژمارەی شاعیران و چیرۆکنووسان زۆر کەم بوونەتەوە، لەجیاتی شیعرو چیرۆک، خەڵکانێکی زۆر لەکۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا دەرنەفیس و پلایس و ماوسی کۆمپیوتەریان بەدەستەوەیە.. (بەننا) و کرێکارو ئاندازیار، جێگەی شیعرونوس و چیرۆکنووس و بگرە رۆماننوسیشی گرتۆتەوە.. باخەوانێک، کەنناسێک، شۆفێرێکی شەمەندەفەر، خزمەتی زیاترلە (١٠) شاعیری گرینۆک و (١٠) چیرۆکنووسی دووکەڵکێش و (١٠) شێوەکاری شقلی و پقلی دروستکەر بەکۆمەڵەکەیان ئەگەیەنن..

تەنها رۆمان نەبێت، ئەویش هەموو رۆمانێک ناگرێتەوە لەهەزار دا تەنها چوار پێنجێک! شانسی رۆمان بەرزترە لەژانرەکانی دیکەی ئەدەب، رۆمان جێگای بەرزو بڵندی لەکەلتوورو رۆشنبیری گەلاندا داگیر کردووەو هێشتا کە لەگەڵ ئەوەشدا کەئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی

لەجیاتی شیعرو چیرۆک، خەڵکانێکی زۆر لەکۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا دەرنەفیس و پلایس و ماوسی کۆمپیوتەریان بەدەستەوەیە

پانتاییەکی گەورەترو کاتێکی بەرفراوانتری لەژیانی خەڵکانی ئەم هەسارە رووناکەماندا داگیر کردووە! لەرۆژاوا: پیرو گەنجان، ژنان و پیاوان لەمیترۆو شەمەندەفەرو پاسدا، لەکافیتێریاکاندا.. هاوینان لەحەوشەو بەر دەرگاو کەنار دەریاو ئۆقیانوسەکاندا بەدەم قاوەو بیرەو ساردەمەنی خواردنەوەوە، رۆمانی خۆش خۆش، بە بەرگێکی جوان و قەشەنگەوە ئەخوێننەوە، واتا وەکو زاخاوی مێشک (پاش ماندوبونیان لەئیشوکار) بەکاری ئەبەن.. بۆ کات بەسەربردن و وێناکردنی دونیایەکی رۆمانسی لەنێو ئەو جەنجاڵی و قەرەباڵغییەی کەئامێرو ماشێن و کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆژیا دەستەبەری کردووە، چەند ساتێک بۆ حەواندنەوەو پشوو وەکو یۆگاکەی لای چین و ژاپۆن بەکاری ئەهێنن.. وەکی تریش رۆمان لەدەستگاکاندا لەبەرئەوەی ئەتوانرێت بکرێت بەسیناریۆو پاشان لەسینەمادا کاری فیلمسازی پێ مەیسەر بکرێت، بۆیە بەئاشکرایی ئەبینین رەواج و برەوی رۆمان زۆر لەشیعرو چیرۆک زیادترەو گرنگترە.. سینەماش هونەرێکی ئێجگار بەرزەو سەنعەت و پیشەسازییە، داهێنانێکەو بوارەکانی نووسین و کامێراو نواندن و کۆمپیوتەرو کەرەستەکانی سینەما (وەکو بیناو مەکینەو کەرەستەی دیکە) پێکەوە گرێئەدات و کارێکی بڵندو راقی بەکۆمەڵ ئەبەخشێ، دروستکردنی فیلم و سینەما لەدروستکردنی رۆکێتێک ئەچێت. فەرموو سەرنج بدەن، ئێمە لەدەقی (مەم و زینەوە) بیگرە تادەگات بە (دواهەمین هەناری دونیا) نەمانتوانی هیچ ئامادەگییەک لەهیچ کۆڕو کۆنفرانس و فیستڤاڵ و مەربەدێکی جیهانیدا وەدەست بێنین، بەڵام زۆر بەئاسانی فیلمەکانی - بەهمەنی قوبادی - شانبەشانی فیلمەکانی هۆڵیودو کۆمپانیاکانی دیکەی دونیا ئامادەگی زۆرچاک بەدەست دێنێ و بگرە پێشبڕکێش ساز ئەدات.. ئەو ئامادەگی و پێشبڕکێیە لەمڕۆی جیهانگیریدا زۆر گرنگەو خاڵی وەرچەرخانێکی بێ وێنەیە..

ئاوەها ئامانجی نووسینەکەی من و ناواخنی گوتارەکەم هێدی هێدی مەبەستەکەی ئەپێکێ و ئێوەش تێئەگەن کەمن لایەنگری ئەفلاتۆنیزمی نوێ نیم و شیعرو چیرۆکم پێ کارێکی نابەجێ و نائاکاریی و سووک و نزم نییە، هێندەی ئەوەی بەپەرۆشم بۆ باری واقیعی کۆمەڵەکەمان، ئەڵێم خۆزگە کەوەکو ئێمە خاوەنی فەلسەفەو فەیلەسوفێک، بیریارێک نین، یاخود خاوەنی زانست و زانایەک نین، با هەر هیچ

نەبێت حەکیمێکی (پیتۆڵ) وەکو کۆنفۆشیۆس و تاوو تاگورو ئیبن خەلدون فارابیشمان هەبوایە، بارودۆخەکە گۆڕانێکی بەسەردا ئەهات و وەکو چین و هیندستان خاوەنی خۆمان ئەبووین! بوونی ئەو هەموو شاعیرو چیرۆکنووس و بگرە رۆماننوسەش زەنگێکی ترسناکەو نەوە دوای نەوە تۆختری ئەکاتەوە.. داهێنان و بیناکردن و دروستکردن و سەنعەت (پیشە) و کارو کاسپی خوێنەرو نووسەرانمان بۆتە شیعرو بیرۆکەو چیرۆک و سەرگوزەشتە هۆنینەوە..

ئەم لەسەرئەوی کۆپی ئەکاتەوەو ئەم زەمی ئەو ئەکاتەوە.. لاسایی و تەماڵی (هزرو مێشک) و چەقبەستن و خەیاڵات و دوکەڵ و سەرابی دونیای نووسینمان لەسەر رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەکان هێندە جەنجاڵە، لەقەرەباڵغی و دوکەڵی ئۆتۆمبێلە فرە زۆرەکانی جادە تەسکەکانمان ئەچێت بەڵام لەرۆژی هەینی دا و لەنزیک دەشتودەری پڕ عەلاگەو بوتڵە بیرە شکاوەکاندا..!

هەر گەنج و جوانی کۆمەڵی کوردەواریمانەو بەدیار (مۆم) و (بیرە) یان (چای گەرم) و دوکەڵی جگەرەو سەرابی چاوی یاری نادیارەوە، زەرد هەڵاتوو.. لێو وشکەوە بوو.. دەست و مەچەک لەرزیوو، کاغەزی زەردو خامەی زامداری لەخۆی کۆکردۆتەوەو پادشا بەگەدا راناگرێت..! شیعرو هۆنراوە خشت بەخشت بونیات ئەنێت. هەر بەشیعر سەفەر ئەکات و ئەگاتە ئەوپەری کەنارەکانی رۆژئاواو لەگەڵ بووکی دەریادا، بووکی قژزەردی چاوشیندا ئاوێزان ئەبێت و زێدەکەی خۆشی لەپریاسکەیەکدا گرد کردۆتەوە لەدەریاوە دەرخواردی ماسی هەندەرانی ئەدات.. ئەو بیردۆزەیە ئەسەلمێنێ کە ئەڵێت: زەرەیەک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەریی..!

بابەتی ئەم گوتارە ئاوی زۆر ئەکێشێ و پێویستە لەکورتی بیبڕینەوە، گرنگ ئەوەیە ئامانجەکەمان رابگەیەنین و بڵێین، ئیدی پێویستە سەعاتی سفر دەست پێبکات و پرۆگرام و بەرنامەکانمان کەبەرهەمی ئەقڵ و عەقلانییەتی سەردەمەکەمانن رابگەیەنین، گرنگی زۆرتر بدەین بەجیهانی ماددە و ماتریاڵ.. زیاتر ئیش بکەین و کەمتر قسە بکەین، زیاتر بجووڵێین و ژمارەی لابۆرو تاقیگەکانمان زێتر بگەین و کەمتر لەخەیاڵ و ئەندێشەی نێو تەپوتۆزو سەرابدا نوغرۆ بین. خولی فێرکردنی کۆمپیوتەرو وانەکانی زانستە سروشتیەکان زۆرتر بکەین، با هەوڵ بدەین دارتاش و ئاسنگەرو جوتیارو باخەوان و کامێرامان و فیلمسازەکانمان دە (١٠) ئەوەندە زۆرتر بن لەشاعیرو چیرۆکنووس و هونەرمەندی خەسیوو و نەزۆک و گرینۆک و دەستوپێ سپی و نەخۆش و نەرجسی و تەڕەزان و رامبۆی فشەڵ کەبوونەتە بار بەسەر کۆمەڵی هەناسە ساردەوە..!

من ناڵێم ئیدی با شاعیرو چیرۆکنووسە گەنجەکانمان، یان من ناڵێم با شێوەکارە دۆڕاوەکان و گۆرانیبێژە دەنگ ناخۆشەکانمان ببنە قەساب و فیتەرو شۆفێری تاکسی و پۆلیس، بەپێچەوانەوە ئەگەر شاعیری داهێنەرن، ئەگەر سیناریست و رۆماننوس لەشێوەی گارسیا مارکێزو ئیزابێل ئالێندین، ئەگەر داهێنەرێکی وەکو بەهمەنی قوبادین، ئەگەر گۆرانیبێژێکی وەکو هایدەو خالقی و بێژن کامکارو سیلۆن دیۆنی کەنەداین،.. ئەگەر ئێوە لەکاری مۆنتاژو دیزاینی هونەریدا بێ وێنەو هاوتان.. ئەگەر پەیکەرە قەشەنگەکانی ئێوە گۆڕەپان و باخچەکانی کۆمەڵەکەمانی رازاندەوە، ئەگەر وتارە فەلسەفییەکانی ئێوە خۆیدا لەقەرەی نووسینەکانی "کانت و سپینۆزاو هێگڵ و ئیبن روشدو تاگورو جابری و تەرابیشی و صادق جەلال عەزم - یش، بەڵام بەبێ ئەوەی کۆپیەی بکەنەوە و ئاماژەی پێ نەدەن.. ئەوا ئێمە وەکو داهێنەرەکانی رۆژئاواو جیهان مامەڵەتان لەتەکدا ئەکەین و بەپەرۆشین نووسین و کارەکانتان بەدونیا بناسێنین، ئەوا ئێوەش وەکو چوار شاعیرەکەی هۆڵەندا بەباوەش ئەگوێزنەوە تاوەکو گەردو تۆزتان لێنەنیشێت.

ئەگەرنا پێویست ناکات و لەجیاتی قەڵەم، ماوسی کۆمپیوتەرو داسی گەنم دورینەوەو چەکووشی دارتاشێک و دیواری کارگەیەکی دۆشاو دروستکردن هەڵچنن زۆر باشترە لەبالۆرەو حەیرانی ئێواران، چیرۆکی ناوەڕۆک، کرۆمۆڵ، رۆمانی دزراو، نۆڤلێتی بێ سەرو بەرەو تابلۆی رەزا قورس، پەیکەری دایناسۆریی.

ئیدی بەڕاستی و بەجیددی پێویستە هەموومان، سەرجەمی کوردانی ئەم دەڤەرە، دوور لەجیاوازی و دووبەرەکایەتی حیزبی و ئیدارە چێتی و هەرێمچێتی.. دوور لەقسەی زل و کرداری پووچەڵ.. دوور لەنییەتی خراپ و بەوپەڕی نیکرانی زاتەوە، بەرنامەو پرۆژەکانمان بخەینە سەر مێزی کارکردن و جووڵەو چالاکییەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەو هەموو نامێلکە کرچانەو ئەو هەموو پێشانگا نەزۆکانەو شانۆگەری و چیرۆکی تەمسیلیە بەبەرد بووانە، پارەو پولێکی زۆریان بۆ خەرج بکرێت و مێشکی لاوانی ئێمەی پێ قانگ بدرێت، پێویستە کۆمەڵ بەرەو پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا ببەین، پێویستە ساڵی کۆتایی هێنان بێت بەبێ کارەبایی و لەتاقگەو هەڵبەزوئاشی هەوایی کارەبا دروست بکرێت، بەنداوی نوێ بنیات بنرێت، زەوییە وشک و برینگەکان ئاوبدرێن، سەوزایی پێویستە شەپۆل بێنێت.. کوردستان لەنێو بەروبوومی کشتوکاڵیدا نوغرۆ بکرێت، دۆنمەکان سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوە بۆوەی ببنە کارگەو کەوچک و قاپ و کورسی و مێزو دۆشاو میوەی قووتکراو بە بەرهەم بێنین، ئاخر ناکرێت وڵاتێک جەمەی بێت لەشاعیرو چیرۆکنووس و هونەرمەندی کەمئەندام و چی و چی دیکەو جوتیارو باخەوان و کرێکاریش ببنە یان شۆفێری تاکسی یان ببنە پۆلیس و حەس حەس، لەبەرئەوەی موچەکەیان چەورە..!

خوایە وەتەن ئاواکەی.. بەڵام بەهیمەتی پیشەسازی و مەکینەو تەکنۆلۆژیاو کۆمپیوتەر نەک بەقسەی بەرئاگردانی ئەشکەوت..!!■

"هۆڵەند - سلێمانی"

پێشنیازەکانی لیژنەی پاڵپشتی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەنێو لیژنەی نوسینەوەی دەستوری عێراقی

ناوی دەوڵەت

١- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: دەستوری کۆماری عێراقی یەکگرتوو، یان فیدراڵی (بەپێی هەڵبژاردن) (بەپێی ئارەزوو).

تێبینیەکان: دەسەڵاتی عێراقی، وێڕای دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، گۆڕینی ناوی دەوڵەتی عێراقیان لە (کۆماری عێراقەوە) بۆ کۆماری عێراقی یەکگرتوو یا فیدراڵی، پەراوێزکردووە. کەدەبوو وابێت، تێبینی کراوە کەناوی دەوڵەت بەردەوام لەناونیشانی دەستوری دەوڵەتەکەوە وەردەگیرێت. بۆیە پێویستە ناونیشانی دەستورەکە بەشێوەی پێشنیازکراو بێت.

٢- مادە: -، برگە: -

دەقی یاسای هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: پەراوێزکردنی بەکارهێنانی زاراوەی عێراقی یەکخراو (الموحد) لەدارشتنەوەی دەقە دەستوریەکاندا چونکە ئەمە (سیستمی دەوڵەتی سادە) دەگرێتەوە کەتەواو پێچەوانەیە لەگەڵ فیدراڵیەتدا، کەسیستمی دەوڵەتی پێکهێنراوە (مرکبە) کەوا دەخوازێت بگوترێت عێراقی یەکگرتوو نەک عێراقی یەکخراو

تێبینیەکان: -

سیستمی حوکمڕانی

٣- مادە: چوارەم، برگە: -

دەقی یاسای هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: سیستمی حوکمڕانی لەعێراقدا، کۆماری یەکگرتوو (فیدراڵی) دیموکراتی، فرەیی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان تیایدا لەنێو حکومەتی یەکگرتوو حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان و شارەوانی و کارگێرییە نێوخۆییەکان دەبێت، سیستمی یەکگرتووش لەسەربنچینەی ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیەکان دەبێت، لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەک لەسەر بنچینەی ڕەسەنایەتی، یا ڕەگەزی، یا ئیتنی یا نەتەوەیی یا مەزهەبی.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: سیستمی حوکمڕانی لەعێراقدا کۆماری پەرلەمانی یەکگرتوو (فیدراڵی) دیموکراتی فرەیی، دابەشکردنی دەسەڵات و سامان تیایدا لەنێوان حکومەتی یەکگرتوو و حکومەتە هەرێمیەکان و پارێزگاکان و شارەوانی و کارگێرییە نێوخۆییەکان دەبێت و سیستمی یەکگرتووش لەسەر بنچینەی ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیەکان دەبێت، نەک لەسەر بنچینەی ئیتنی یا مەزهەبی.

تێبینیەکان: -

هێزە چەکدارەکان

٤- مادە: پێنجەم، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: هێزە چەکدارەکان ملکەچ دەبن بۆ کۆنترۆڵی مەدەنی حکومەتی عێراقی گوازراوە، ئەمەش بەپێی ئەوانە دەبێت کەلە دەروازەی سێیەم و پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە:

× هێزە چەکدارەکان لەژێر فەرمانی مەدەنی حکومەتی کاتیی عێراقیدا دەبن.

× بودجەی هێزە چەکدارەکان، بەڕێژەیەک دیاری دەکرێت کەلە ٤٪ی بودجەی عێراق تێنەپەڕێت.

× ماوەی چەکدارکردنی هێزە چەکدارەکان لەرووی چەندێتی و چۆنێتیەوە بەیاسا دیاری دەکرێت.

× نابێت جوڵە بەهێزە چەکدارەکان بکرێت بۆ دەرەوەی عێراق، یاخود هەرێمەکان تا ٣/٤ی ئەندامانی پەرلەمانی یەکگرتوو ڕەزامەند نەبن لەسەری.

× دڵسۆزی بۆ عێراق، پێوەری سەرەکی دەبێت بۆ قبوڵکردنی پەیوەندی بەهێزە چەکدارەکانەوە بەبێ جیاوازی کردن بەهۆی ڕەگەز، یا ئایین، یا مەزهەب.

تێبینیەکان: -

هێزەکانی بەرگری ناوخۆیی هەرێمەکان

٥- مادە: ٢٧، برگە: ب

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: نابێت هێزی چەکدارو میلیشیا پێک بهێنرێت ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی سەرۆکایەتی حکومەتی کاتیی عێراقی و بەپێی یاسای فیدراڵی نەبێت، تا بەپێی یاسای فیدراڵی (اتحادی) نەبێت.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ئەو هەرێمانەی کەسنوریان بەسنوری دەوڵەتێکی بێگانەوەیە، هێزی بەرگری ناوخۆیی دەبێت. کە ئەرکی پاراستنی سنوری نێودەوڵەتی کۆماری عێراقی فیدراڵی و دژایەتی کردنی تیرۆرە لەنێو هەرێمەکەداو پاڵپشتکردنی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی فیدراڵیە لەکاتی پێویستدا، قەبارەو بنکەی ڕێکخستن و چەکدارکردن و پەیوەندیان بەوەزارەتی بەرگری فیدراڵیەوە بەیاسایەک دیاری دەکرێت، کەلەپەرلەمانی هەرێمەکەوە دەردەچێت.

تێبینیەکان: دەقی هاتوو لەدەستوری ئەمریکیدا بەم شێوەیەیە:

(مادەی هەشتەم: ئەو دەسەڵاتانەی بەکۆنگرێس دراون:

(خاڵی ١٦) بڕیاردانان بۆ ڕێکخستن و چەکدارکردن و ڕاهێنانی میلیشیاکان و بەڕێوەبردنی بەشەکانی کەرەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەوەی کە ویلایەتەکان هەریەک بەجیا مافی دامەزراندنی ئەفسەران و دەسەڵاتی ڕاهێنانی میلیشیایان هەبێت بەپێی ئەو سیستمەی کۆنگرێس دایدەنێت). (ئەم دەقە بۆ ناسین هاتووە).

ئایین و دەوڵەت

٦- مادە: حەوتەم، برگە: أ

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتەو بەسەرچاوەیەکی یاسادانان دادەنرێت و نابێت لەمیانەی قۆناغی گواستنەوەدا یاسایەک دابڕێژرێت پێچەوانەی ئەو جێگیریانە بێت کەلەئیسلامدا کۆ ڕای لەسەرە، یا پێچەوانەی پرنسیپەکانی دیموکراسیەت و ئەو مافانە بێت کەلەدەروازەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە. ئەم یاسایەشوناسی ئیسلامیانەی زۆرینەی گەلی عێراق ڕێز لێدەگرێت و تەواوی مافە ئایینیەکانی هەموو تاکەکان دەستەبەر دەکات، لەئازادی بڕوابوون و پیادەکردنی ئایینی.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتەو بەسەرچاوەیەکی یاسادانان دادەنرێت و ئەم دەستورە ڕێز لەشوناسی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەگرێت و تەواوی مافە ئاینیەکان بۆ مەسیحی و ئێزیدی و سابئەی مەندائی و کاکەیی دەستەبەر دەکات لەئازادی بڕوا بوون و پیادەکردنی کەشی ئایینی.

تێبینیەکان: -

پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو

٧- مادە: حەوتەم، برگە: ب

دەقی یاسای هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو گەلی عەرەب تیایدا بەشێکە جیانابێتەوە لەنەتەوەی عەرەب.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: دەوڵەتی عێراق لەیەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە پێک دێت لەدوو نەتەوەی سەرەکی عەرب و کورد، ئەم دەستورە لەسەر پرنسیپی یەکسانی دان بەمافەکانیدا دەنێن. گەلی عەرەبی لەعێراقدا بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب و گەلی کورد لەعێراقدا بەشێکە لەنەتەوەی کورد، ئەم دەستورە دان بەمافی ڕەوای تورکمان و کلدۆ ئاشوریەکان و ئەرمەندا دەنێت

تێبینیەکان: یەکگرتنی ئارەزوومەندانە بنچینەی دەستوری هەموو یەکگرتوویەکی فیدراڵییە، بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی و دان پێدانانی ئەوەش لەدەستورەکانی پێشوی عێراقدا مافێکی وەدەستهاتووە و نابێت وەلابنرێت. گەر عەرەبی عێراق بەشێکن لەنەتەوەی عەرەب، کوردی عێراقیش سەر بەنەتەوەی خۆیانن سەرەتای مافی یەکسانیش وا دەکات دان بەوەدا بنرێت چوون عەرەبی عێراق یان هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پەیوەندی بەهەردوو نەتەوەکەوە هەیە وەک جێبەجێکردنی پرنسیپی یەکسانی.

تایبەتمەندییەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵی

٨- مادە: ٢٥، برگە: أ

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوە.. هتد..

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ئەمەی خوارەوە بۆ کۆتایی برگەکە زیاد بکرێ: هەرێمی کوردستان بە بەشێک بۆ چاودێری کاروبارەکانی نوێنەرایەتی خۆی دەکات لەوەزارەتی دەرەوەی سەفارەتەکان.

تێبینییەکان: -

٩- مادە: ٢٥، برگە: د

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: ڕێکخستنی کاری پێوانەوکێشانەو دیاری کردنی سیاسەتی کرێ.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ڕێکخستنی کاری پێوانەو کێشانە (ڕستەی - دیاری کردنی سیاسەتی کرێ - لابرێن).

تێبینییەکان: دیاری کردنی سیاسەتی کرێ لەتایبەتمەندی حکومەتی یەکگرتووە لەبەر جیاوازی ناوچەو هەرێمەکان لەڕووی ئاستی بژێوی و بازاڕی خستنەڕوو داخوازی لەسەر دەستی کارو دەستکەوتی یاخود دەگمەنی کادری تایبەتمەند کەدامەزراوەکانی هەرێم پێویستی پێیەتی بۆ بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتەکان.

١٠- مادە: ٢٥، برگە: هـ

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: بەڕێوەبەردنی سامانی سروشتی لەناو عێراقدا کە بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم و پارێزگاکان دەگەڕێتەوە و داهاتی ئەم سامانانەش لەڕێگای بودجەی گشتیەوە دابەش دەکرێتەوە بەشێوەی یەکسان کەبگونجێن لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لەهەموو وڵات دا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو ناوچانەی بەشێوەیەکی ناڕەوا لەلایەن ڕژێمی پێشوو لەم سامانە بێ بەش کراوەو چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەشێوەیەکی پۆزەتیف و پێویستیەکانی و پلەی پێشکەوتنی لەناوچە جیاوازەکانی وڵات.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ١-خاوەنداریتی سامانی سروشتی بۆ هەرێم دەبێت. ٢- خاوەنداریتی سامانی نەوت و کانزا بۆ هەرێم دەبێت و حکومەتی هەرێمەکە سەرپەرشتی کارەکانی دەرهێنان و کارگێڕی و دابەشکردنی پوختەی داهاتەوە دەستهاتووەکەی لەوەبەرهێنان دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-ڕێژەی ٥٪ بۆ ئەو پارێزگایە دادەنرێت کەنەوت یا کانزاکە بەرهەم دێنێت بەپێی ئەو بڕەی بەرهەم هێنراوە لەو پارێزگایە.

ب-ڕێژەی ٦٠٪ لەپوختەی داهاتی نەوت و کانزا دەرهاتووەکان لەهەرێمەکەدا بۆ حکومەتی هەرێمەکە دادەنرێت.

ج-ڕێژەی ٣٥٪ کەماوەتەوە لەپوختەی داهاتی نەوت و کانزا. دەرهاتووەکان لەهەرێم دا بۆ حکومەتی یەکگرتووی هەرێم و پارێزگاکانی تر دادەنرێت کەلەم سامانەدا هەژارن.

تێبینییەکان: تێچوون لەنێوان حکومەتی سودان و حکومەتی باشور بەڕێژەی ٢٪ دەبێت کەمتر نەبێت بۆ ئەو هەرێمەی نەوتەکە بەرهەم دێنێت (لەقەرەبوی وەبەرهێنانی نەوتی هەرێمەکە). ئەوەی دەمێنێتەوە لەپوختەی داهاتەکە بەڕێژی ٥٠٪ بۆ هەرێمی باشورو ٥٠٪ بۆ حکومەتی سودان و ویلایەتەکانی باکور دابەش دەکرێت.

کرداری دەرهێنان و وەبەرهێنان و کارگێڕی نەوت لەلایەن هەردوولاوە بە بەشداری دەکرێت و کۆمسیۆنێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ پەترۆڵ چاودێری دەکات و بڕیارەکانیش بەتەوافق دەبێت و پێکدێت لە:-

١-سەرۆکایەتیەکە بەنۆرە دەبێت لەنێوان سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمی باشور.

٢-(٤) ئەندام نوێنەرایەتی حکومەتی سودانی و(٤) ئەندام نوێنەرایەتی حکومەتی باشور دەکەن وەسێ ئەندامی ناهەمیشەیی نوێنەری هەرێم یا ئەو ویلایەتە دەبن کەپەترۆڵەکە بەرهەم دێنێت.

١١- مادە: ٢٥، برگە: ز

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: ڕێکخستنی سیاسەتی پەیوەندی کردن

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: برگەکە لاببرێت و تایبەتمەندی ناوبراو بکرێتەوە کاروباری حکومەتی هەرێم.

تێبینییەکان: -

کەسایەتی مەعنەوی هەرێم و بودجە سەربەخۆکەی

١٢- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: هەموو هەرێمێک کەسایەتی مەعنەوی بوودجەی سەربەخۆی هەیەو تەمویل دەکرێ لەو داهاتە فیدراڵیانەی کەدێتە سەری و قەرزو بەخشین و هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان کەدەدرێنە حکومەتی یەکگرتوو هەروەها ئەو بەخشین و هاوکاریە دەوڵەتیانەی دەدرێنە حکومەتی هەرێم لەڕێگای حکومەتی یەکگرتوو وێڕای دەستکەوتە هەرێمایەتیەکەی بەشێوەیەک ڕێژەی تەمویل بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بێت:-

١-ڕێژەیەکی دادپەروەرانە کەمتر نەبێت لەژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە.

٢-ڕێژەیەک کەمتر نەبێت لە ٥٪ وەک قەرەبووی ئەو وێرانکاریەی لەئەنجامی شەڕی داسەپاو لەسەری هەر لەساڵی ١٩٦٠ و زیانەکانی کەبەهاوڵاتیانی گەیشتووە لەئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و جینۆسایدو سیاسەتی سوتماک کردن.

تێبینییەکان: لەسەرەتا کاتی پرەنسیپە دەستوری و کارگێڕەکان لەهەردوو فیقهی دەستوری و بەڕێوەبردنی ئەوەیە کە ئەو یەکانەی لامەرکەزین و ئەو یەکانەی لامەرکەزی سیاسیان هەیە (ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی) کە کەسایەتیەکی مەعنەوی بودجەیەکی سەربەخۆیان هەبێت.

بەشداری کردنی هەرێمەکان لەسەر ئاستەکانی حوکمڕانی فیدراڵی

١٣- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: دەستەیەکی باڵا پێک دەهێنرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەرێمەکان لەبەشداری کردنێکی یەکسانانە لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی یەکگرتوو وەزارەتە جیاوازەکانی و نێردراوو زەمالەی خوێندن و بەشداری وەفدەکان و کۆنگرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان، بەژمارەیەکی یەکسانی لەنوێنەرانی حکومەتی هەرێمەکان و سەرۆکایەتی دەستەکەش بەنۆرە دەبێت.

تێبینییەکان: -

دەستەی باڵای دیاریکردن و چاودێری داهاتەکانی یەکگرتوو

١٤- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە.

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: بەپێی یاسا دەستەیەکی باڵا بۆ چاودێریکردن و دیاریکردنی داهاتەکانی یەکگرتوو دادەمەزرێت و ئەم دەزگایە لەشارەزایانی حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی یەکگرتوو نوێنەرەکانیان پێک دێت و دەستەکەش بەم لێپرسراوێتیانەی خوارەوە و تایبەتمەند دەکرێت.

١-لێکۆڵینەوە لەهاتنەدی دادپەروەری لەدابەشکردنی بەخشین و کۆمەک و قەرزە نێودەوڵەتیەکان بەگوێرەی دەستکەوتە هەرێمایەتیەکان.

٢-لێکۆڵینەوە لەهاتنەدی باشترین بەکارهێنان بۆ داهاتە داراییەکانی یەکگرتوو دابەشکردنیان.

٣-دەستەبەری شەفافیەت و دادپەروەری لەکاتی دیاریکردنی داراییەکان بۆ حکومەتی هەرێمەکان بەپێی ئەو ڕێژانەی لەم دەستورەدا هاتوون.

تێبینییەکان: -

مافی چارەی خۆنووسین

١٥- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: -

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: بۆ گەلی کوردستانی - عێراق مافی چارەی خۆنووسین هەیە لەڕێی ریفراندۆمەوە بۆ دیاریکردنی پێگەی دەستوری خۆی لەداهاتودا. دوای (٨) ساڵ کارپێکردنی ئەم دەستورە، یان لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا: -

١-گۆڕانی سیستمی دیموکراتی فیدراڵی ٢- دووچاری دەست درێژی و چەوساندنەوە ٣- دابڕینی هەر ناوچەیەک کەبە ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیەکان بناسرێت، کەبەشێکە لەکوردستان. ٤- ڕێگیریی لەلکاندنی ئەو بەشانەی کەدابڕاون و گۆڕینی دیموگرافیاکەی دووچاربوونی هەر ناوچەیەکی تر بەگۆڕین.

تێبینییەکان: گەلی باشوری سودان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە لەکۆتایی قۆناغی گواستنەوەداو ئەو ماوەیەش بەشەش ساڵ دیاریکراوە.

بەشداری هەرێمەکان لەسەر ئاستە یەکگرتووەکان

١٦- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: -

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: ئەو یاسایانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بۆ عێراق دادەنرێن و یەکێک لەهەرێمەکان پێی کاریگەر دەبێت، سەرچاوەکەی لەیەکگەیشتن و ڕێزگرتنی تایبەتمەندیەکانی هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە دەبێت کەکاریلێکردووە و بەپێچەوانەوەی یاساکە لەهەرێمدا کارپێنەکراو دەبێت.

تێبینییەکان: ئەو مادەیەی پێشنیازکراوە هاووێنەی وەکو ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان حکومەتی سودان و بزوتنەوەی میللییە لەبەشی (پەیکەرەکانی حوکمڕانی) برگەی ٣-٢-٣ باشترین جێگەش کەگونجاو بێت بۆ جێگیرکردنی ئەو دەقە پێشنیازکراوە بەشی تایبەتە بەئەنجومەنی هەرێمەکان.

١٧- مادە: -، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: پێشنیازکراوە

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: حکومەتی هەرێم بەڕێوەبردنی میرفەقە ئیتیحادیەکان لەئەستۆ دەگرێت لەنێو سنوری هەرێم دا بەراوێژ لەگەڵ دەسەڵاتی یەکگرتووی پەیوەندیدار.

تێبینییەکان: -

دەسەڵاتی دادوەری یەکگرتوو

١٨- مادە: ٤٤، برگە: -

دەقی هاتوو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت: -

دەقەکە یاخود هەموارکردنە پێشنیارکراوەکە: دادگای باڵای یەکگرتوو لەیانزە ئەندام پێک دێت و چواریان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێرێت و بەڕازیبوونی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی - عێراق و بڕیارەکانی بەزۆرینەی ٨/٣ی ئەندامانی دەبێت.

تێبینییەکان: -

■

دوو پرۆژەی ناکۆکی

لیستی ئیئتلاف و لیستی هاوپەیمانی

لەم سەروبەندەی نزیکبوونەوەی ڕۆژانی تەواوکردنی پرۆژەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، پرۆسەی نوسینی دەستورەکە نەک تەواو نەبووە، بەهۆی جیاوازی فەلسەفەی سیاسی لایەنەکانی لیژنەی دەستورییەوە، ناکۆکی ناو لیژنەکە قوڵتریش بووە.

لیستی ئیئتیلاف (شیعەگەرا) پرۆژەیەککیان پێشکەش کردووە کەسەراپا جیاوازی قوڵی تیادایەلەگەڵ یاسای کاتی بەڕێوەبدرنی عێراق. بەڵکو پرۆژەکە، بەشی زۆری پرۆژەیەکی (ئیسلامی - شیعەگەرایە) کەقبوڵکردنی تەنها ئەوە دەگەیەنێت عێراقیش دەبێتە وڵاتێکی ئیسلامی - شیعە لەناوچەکەدا. ئەمەش هەقوایە بۆ کورد قابیلی قبوڵ نەبێت.

لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش، بەدوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم ئەو بەش و ڕشتانەی پەیوەستی چارەنوسی گەلی کوردستان، پرۆژەیەکیان گەڵاڵەکردو بەلیژنەی پشتیوانی دەستور، گەیاندیانە بەغداو لایەنەکان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان. دوای خوێندنەوەی پرۆژەی ئیئتیلاف، سەرلەنوێ لیژنەی پشتیوانی دەستور، دوای ڕاوێژکردن بەپسپۆڕەکانی دەستوری جیهانی، پرۆژەکەی خۆیان لەپرۆژەی دەستوری عێراقیدا فۆرمیلا کردەوەو ناردویانە بۆ بەغداد. بۆئەوەی خوێنەر لەبنەچەوە ئاگای لەململانێ دەستوریەکان هەبێت، پێمان چاک بوو هەردوو پرۆژەکەی پێشوو بڵاوبکەینەوە، بەهیوا پرۆژە تازە ئامادەکراوەکەش لەژمارەی ئایندە بخەینە بەردەم ڕای گشتی گەلەکەمان، کەهەقوایە، هەرچییەکی کەموزۆر بەحوکمی سیاسەت لێ شاردرابێتەوە، ئەوا هیچ مەسەلەیەکی دەستوری لێ نەشاردرێتەوە، چونکە دەستور بۆ دەیان ساڵ چارەنوسی کۆمەڵ و تاک و ژیان دیاری دەکات.■

پرۆژەی پێشنیازکراوی لیستی ئیئتیلاف (شیعەگەرا) بۆ لیژنەی داڕشتنی دەستوری عێراقی

بەناوی خودای میهرەبانەوە
دەروازەی یەکەم
بنەما گشتیەکان

مادەی یەکەم: کۆماری عێراقی (ئیسلامی یەکگرتوو) دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو خاوەنی سەروەریی خۆیەتی، سیستمی فەرمانڕەواییش تیایدا کۆماری و دیموکراسی و فیدراڵییە.

مادەی دووەم: ئیسلام ئایینی ڕەسمیی دەوڵەتە، سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە، نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت پێچەوانەی نەگۆڕاوو ئەحکامەکانی بێتەوە (ئەو نەگۆڕانەی کەکۆک و تەبابوون لەسەری) ئەم دەستورە شوناسی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراقی دەپارێزێت (بەزۆرینەی شیعەو سوننەوە) و ڕێز لەهەموو مافەکانی ئایینەکانی تر دەگرێت.

مادەی سێیەم: گەلی عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش عەرەب و کوردن هەروەها لەچەند نەتەوەیەکی ئەساسیش کەتورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی و ئەرمەنی و شەبەک و فورسن و لەیەزیدی و سوبی و مەندائیش هەموویان لەماف و ئەرکی هاوڵاتیانەدا یەکسانن.

مادەی چوارەم: زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی دەوڵەتە لە دەوڵەتی عێراقیداو زمانی کوردیش لەهەرێمی کوردستانداو لەحکومەتی ئیتیحادیدا، هەرێم و پارێزگاکانیش بۆیان هەیە هەر زمانێکی ناوچەیی تر بکەن بەزمانی ڕەسمی تر ئەگەر زۆرینەی دانیشتوان بەڕاپرسیەکی گشتی بڕیاریان لەسەردا (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت).

مادەی پێنجەم: دەوڵەتی عێراقی بەشێکە لەهەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.

مادەی شەشەم: سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، بە (هەڵبژاردنی گشتی و نهێنی ڕاستەوخۆ) و لەڕێگەی دەزگا دەستوریەکانەوە مومارەسەی دەکات.

مادەی حەوتەم: دەوڵەتی عێراقی یەکەیەکی یەکگرتوە بەخاک و گەلەوەو لەچەند هەرێم و پارێزگایەک پێکدێت بەویست و ئارەزووی زۆرینەی دانیشتوانیان جیادەبنەوە یان یەکدەگرن.

مادەی هەشتەم: سەربەستی و مافە سەرەکیەکان کەلەدەستوردا هاتوون بۆ هەموو پارێزراون و نابێت و مافی کەس نییە هیچ یاسایەک دەربکات، لێیان کەم بکاتەوە. (دەکرێت بە پاشکۆی مادەی دووەم).

مادەی نۆیەم: چ بەبیرو فیکریان بەمومارەسەو لەژێر هەچ ناوو هەچ فیکرێکدا بێت قەدەغەیە ڕەگەز پەرستی و بەکوفر کردن و تیرۆر پێکبهێنرێت بەتایبەتی بەعسی سەدامی و نابێت ببێت بەبەشێک لەفرەخوازیی سیاسی لەدەوڵەتدا.

مادەی دەیەم: پەیوەندی ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتی عێراقی لەسەر بناغەی ئاشتی و هاریکاری لەگەڵ هەمواندا دەبێت، بەتایبەتی دەوڵەتانی دراوسێ.

مادەی یانزەهەم: دەوڵەتی عێراقی پابەندی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەبێت، بەجۆرێک پێچەوانەی ئەحکامی ئەم دەستورە نەکەوێتەوە.

مادەی دوانزەیەم: هێزی چەکداری عێراقی بەهەموو شێوەکانیەوە، دەزگاکانی ئاسایشیش، بەشێکن لەگەلی عێراق و هاوشێوەی دەبن لەپێکهێنانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیداو دەکەونە ژێر دەسەڵاتی مەدەنییەوە (ئەرکیشیان داکۆکیکردنە لەدەوڵەتی عێراق و دەست ناخەنە کاروباری سیاسی، هیچ ڕۆڵێکیشیان لەوەرگرتنی دەسەڵاتدا نییەو ئەگەر بەمەبەستی سەرکوتکردنی گەلی عێراق بەکار بهێنرێن قەدەغە دەکرێن).

مادەی سیانزەیەم: سەرچاوەی ئایینی (مەرجەعیەت) سەربەخۆیی و پایەی ڕێنماییخوازانەی خۆی هەیە، چونکە ڕەمزێکی نیشتیمانی و ئایینی بەرزە.

مادەی چواردەیەم: نزرگاو جێگە پیرۆزەکان لەدەوڵەتی عێراقیدا، کەسێتی یاساییان هەیە لەبەرئەوەی کەقەوارەیەکی ئایینی و ژیارییان هەیەو لەسەر دەوڵەتیشە جەخت لەسەر حورمەتیان بکات و ئەم حورمەتە بپارێزێت و مومارەسەکردنی سرووت بەسەربەستی تیایاندا زامن بکات.

مادەی پانزەیەم: مەڵبەندی بەغداد پایەتەختی دەوڵەتی عێراقەو دەکرێت بەیاسا پایەتەختێکی تر دابنرێت.

مادەی شانزەیەم: ئاڵای دەوڵەتی عێراقی و دروشم و سرودی نیشتمانی و میدالیاو پشوی ڕەسمی و بۆنەی ئایینی و نیشتمانی بەیاسا دەست نیشان دەکرێن.

بەناوی خوای میهرەبانەوە
دەروازەی دووەم

مافە سەرەکیەکان و سەربەستی گشتی
یەکەم: مافە سەرەکیەکان

م/١: عێراقیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن دوور لەڕەگەزو ڕیشەو نەتەوەو ئەسڵ و فەسڵ و ڕەنگ و ئایین و مەزهەب و باوەڕو ڕاو بەم پێیە جیاوازیکردن لەنێوانیاندا قەدەغە دەکرێت.

م/٢: هەموو عێراقییەک مافی لەژیان و ئاسایش و تایبەتمەندی و سەربەستیدا هەیەو هیچ کەسیش لێیان بێبەری ناکرێت، تەنها بەپێی یاسا نەبێت و لەسەر بڕیارێکی دەرچوو نەبێت لەجیهەتێکی قەزایی تایبەتەوە.

م/٣: یەکسانی و هاوکوفی لەڕەخساندنی هەلدا بەپێی یاسا بۆ هەموو عێراقییەک زامنکراوە.

م/٤: أ- ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقیەکەو بەهیچ هۆو بیانویەک لێی ناسەندرێتەوەو ڕەگەزنامە بناغەی هاوڵاتێتی و سەرچاوەی ماف و ئەرکەکانێتی و کاتێکیش کەلێی دەسەندرێتەوە بۆی هەیە سەرلەنوێ داوای بکاتەوە و فرەکردنی ڕەگەزنامەیش شیاوە.

ب- عێراقی ئەو کەسەیە کەلە باوک و دایکی عێراقین وئەوغەیرە عێراقییەش کەشوبەپیاوێکی عێراقی بکات، بۆی هەیە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی بکات، پاش مانەوە لەعێراقدا بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵی بەردەوام دوای مێژووی شوکردنی.

ج- ڕەگەزنامەی عێراقی بەمەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردن و سوکناکردن کەدەوروبەری دیمۆگرافی لەعێراقدا بشێوێنێت بەهیچ کەس نادرێت.

د- ئەحکامی ڕەگەزنامە بەیاسا ڕێک دەخرێن.

م/٥: ناکرێت عێراقی ئاوارەو تار بکرێت یان دوور بخرێتەوە یان لەهاتوچۆکردن و گواستنەوە لەناوەوەو دەرەوەی عێراقدا بێبەش بکرێت یان ڕێگە لەگەڕانەوەی بۆ نیشتمان بگیرێت تەنها بەپێی یاسا نەبێت.

م/٦: دەوڵەت مافی سەرەکی ئافرەت و یەکسانی لەگەڵ پیاودا لەهەموو بوارەکاندا بەپێی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام زامن دەکات و یارمەتیشی دەدات گونجانێک لەنێوان ئەرکەکانیدا بەرامبەر خێزان و کاری لەکۆمەڵدا دروست بکات.

م/٧: موڵکی تایبەتی پارێزراوە و بۆ هەموو عێراقیەک هەیە بەکاریبهێنێت و سودی لێببینێت و لەسنوری یاسادا تەسەروفی پێوە بکات و زەوتکردنی موڵکیەت تەنها بۆ مەبەستی سودی گشتی نەبێت بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانەو خێرا بەهیچ جۆرێکی تر شیاو نییە، بۆ هەموو عێراقیەکیش هەیە لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا موڵکدار بێت بەبێ هیچ کۆت و بەندێکی ستەمکارانە.

م/٨: سەربەستی مرۆڤ و کەرامەتی بەپێی یاسا پارێزراوە و نابێت هیچ کەسێک بگیرێت یان دەستبەسەر بکرێت یان بەند بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت تەنها بەپێی بڕیارێکی قەزایی نەبێت. وەهەموو جۆرە سزادانی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نائینسانی حەرام دەکرێت و هیچ بایەخێکیش بۆ هیچ دانپیانانێک دانانرێت کەبەزۆرو هەڕەشەو سزادان وەردەگیرێت. بۆ زیانلێکەوتویش (المتضرر) هەیە داوای قەرەبووی ئەو زیانە مادی و مەعنەوییە بکات کەتوشی بووە ئەمیش بەپێی یاسا.

م/٩: پێویستە پەروەندەی سەرەتایی پیشانی دادوەری تایبەت بدرێت ئەویش لەماوەیەکدا لە ٢٤ سەعات تێنەپەڕێت لەکاتی گرتنی تۆمەتبارەوەو ناشێت درێژبکرێتەوە تەنها بۆ یەک جارو هەمان ماوە نەبێت.

م/١٠: هەموو تاکێک مافی ڕادەربڕینی بەهەموو ئەو شێوازانە هەیە کەیاسا فەراهەمیان دەکات بەمەرجێک پێچەوانەی سیستمی گشتی و ئاداب نەبێتەوە، دەوڵەتیش ئەمانەی خوارەوە زامن دەکات:

أ- سەربەستی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و کۆڕو کۆبونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە.

ب- دامەزراندنی کۆمەڵەو حیزبی سیاسی و سەندیکاو یەکێتی پیشەیی و پاڵدان پێوەیان.

م/١١: سەربەستی ئایین و باوەڕو مومارەسەکردنی سروتی ئایینی بەپێی یاسا زامنکراوە بەمەرجێک پێچەوانەی داب و نەریتی گشتی و ئاداب نەکەوێتەوە.

م/١٢: هەموو کەسێک مافی لەتایبەتمەندی کەسێتی خۆیدا هەیە لەوانەیش:

أ- حورمەتی سوکناو ڕێگەنەدان بەچوونە ناوەوە یان پشکنینی تەنها بەپێی یاسا نەبێت.

ب- سەربەستی نامەگۆڕینەوەی بەریدو بروسکەو تەلەفون بەجۆری ئەلکترۆنی و غەیریەوە. ڕێگە بەچاودێریکردنیشی نادرێت تەنها بۆ پێویستی یاسایی و ئاسایش نەبێت.

م/١٤:

أ- قەزا سەربەخۆیەو جگەلە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نییە.

ب- مافی پارێزەرگرتن و پەنابردنە بەر دادگا بۆ هەمووکەس پارێزراوە.

ج- مافی داکۆکیکردن لەخۆ لەهەموو قۆناغی لێکۆڵینەوەو حوکمداندا پیرۆزە.

د- تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی تۆمەتەکەی لەدادگایەکردنێکی یاسایی دادپەروەرانەدا دەسەلمێنرێت.

هـ- دانیشتنەکانی دادگا ئاشکران ئەگەر دادگا بڕیاری بەنهێنیکردنیان نەدات.

و- دادگاییکردنی تۆمەتبار جارێکی تر بەهەمان تۆمەتی پێشوو دووبارە ناکرێتەوە پاش تەبریەکردنی (ئەستۆ پاکی)، تەنها لەو کاتەدا نەبێت بەڵگەی نوێی لەسەر دەربکەوێت و نابێت سزایەکی توندتری لەسزای جێبەجێکراوی وەختی تاوانەکە بەسەریدا جێبەجێ بکرێت.

ز- سزادان کارێکی شەخسییە.

ح- یاسای تاوانکاری (جنائی) بەکاریگەری شتی لەوەوبەر بەڕێوە ناچێت ئەگەر لەیاسادا شتێک بەپێچەوانەیەوە نەهاتبێت.

گ- بەزۆر تۆمەتبار ناخرێتە سەرباری قسەبەخشین و دەربڕین بەهەر بیانوو هۆیەک بێت.

ک- دادگا لەسەر نەفەقەی خۆی پارێزەر ڕێک دیاریدەکات تا داکۆکی لەتۆمەتبار بکات ئەگەر پارێزەری نەبێت داکۆکی لێبکات.

ل- گونجاوترین یاسا بەسەر تۆمەتباردا دەچەسپێندرێت.

م/١٩: جگەلەو مافانەی کەلەم دەستورەدا باسکراون عێراقی هەموو ئەو مافانەشی هەیە کەبەدەق لەپەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتوون و عێراقیش لایەکە تیایاندا بەجۆرێک کەلەگەڵ ئەحکامی ئیسلامدا دژ نەکەونەوە.

م/١٥:

أ-دەوڵەت چاوی لەخاوەن شەهیدان و بەندکراوە سیاسیەکان و زیانلێدیوەکان دەبێت، ئەوانەی کەلەئەنجامی کارەکانی ڕژێمی لەناوچوودا توشی زیان بوون ئەمەش بەیاسایەک ڕێک دەخرێت.

ب- دەوڵەت چاوی لەکەم ئەندامان و ئەوانەی کەپێویستی تایبەتیان هەیە دەبێت و کەفالەتی سەرلەنوێ ئامادەکردنیان دەکات بەمەبەستی سەرلەنوێ لکانەوەیان بەکۆمەڵەوە ئەمیش بەپێی یاسا.

م/١٦: هەموو عێراقییەک مافی فێربوون و پارێزگاری تەندروستی و زەمانەتی کۆمەڵایەتی و فرەکردنی هەلی کارکردنی هەیە، لەسەر دەوڵەتیشە کەفالەتی ئەوە لەسنوری مەواردی خۆیدا بکات.

بەناوی خوای میهرەبانەوە
دەروازەی سێیەم

دەزگاکانی حکومەتی ئیتیحادی

م/١: دەسەڵات لەدەوڵەتی عێراقیدا لەسێ دەسەڵات پێکدێت ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزائین، هەریەکەیان لەسەر بناغەی جیاکردنەوەی وەزیفی کاری پسپۆڕی و تایبەتی خۆیان ئەنجامدەدەن.

فەسڵی یەکەم
دەسەڵاتی یاسادانان

م/٢: دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی عێراقیدا لەدوو پلە پێکدێت:

یەکەمیان: کۆمەڵەی نیشتمانی

دووەمیان: ئەنجومەنی هەرێم و پارێزگاکان

م/٣: کۆمەڵەی نیشتمانی لەنوێنەرانی هەموو گەلی عێراقی پێکدێت و بەڕێژەی یەک نوێنەر بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس و لەڕێگای هەڵبژاردنی گشتی نهێنی و ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێن و ئەوەیش بەیاسایەک ڕێکدەخرێت.

م/٤: ئەوەی کەبۆ بوون بەئەندام لەکۆمەڵەی نیشتمانیدا دەپاڵێورێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێت:

أ: ئەبێت عێراقی بێت و باوک و دایکیشی عێراقی بن.

ب-پێویستە تەمەنی لە(٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

ج-بەتاوانی شەرەف سزاو حوکم نەدرابێت.

د-بەسومعەی باش و پاکێتی ناسراو بێت و شایەتی بۆ درابێت.

ه-بەشێوەیەکی نابەجێ و لەسەر حسابی نیشتمان و سەروەت و سامانی گشتی دەوڵەمەند نەبووبێت.

و-سەر بەدەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پێشوو نەبووبێت یاخود لەوانە نەبێت کە بەشداری لەچەوساندنەوەی هاوڵاتیاندا کردبێت.

ز-هەڵگری بڕوانامەی دوا ناوەندی بێت یا بڕوانامەیەک بەلای کەمەوە هاوتای بڕوانامەی دواناوەندی بێت.

ح-نابێت لەکاتی پاڵاوتندا ئەندامی هێزی چەکدار و دەزگاکانی ئاسایش بێت.

گ-نابێت یاسای بنەبڕکردنی بەعس گرتبێتییەوە.

م/٥: ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی پێش ئەوەی لەئیشەکەی خۆیدا دەستبەکار بێت، لەبەردەمیا سوێندی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوات:

((   ))

م/٦: دانانی یاسای ئیتیحادی و چاودێری باش و چاکی بەڕێوەبردنی دەزگا حکومییەکان بەو شێوەیەی کەلەدەستوردا ڕوونکراوەتەوە تایبەتە بەکۆمەڵەی نیشتمانی.

م/٧: کۆمەڵەی نیشتمانی پەیرەوی ناوخۆی خۆی دائەنێت بۆ ڕێکخستنی شێوازی کارکردن و ڕێکخستنی چۆنێتی پیادەکردنی کارەکانی.

م/٨: دانیشتنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی بەئاشکرا دەبن چۆن و چی و باسەکانی بڵاودەکرێنەوە ئەمە ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی بەپێویستیان نەزانی بەنهێنی بمێننەوە ئەویش بەپێی پەیرەوی ناوخۆ.

م/٩: کۆمەڵەی نیشتمانی لەخولی یەکەمیا پشت بەپەیرەوی ناوخۆی کاتی دەبەستێت تا کاتی ئامادەکردنی پەیرەوی ناوخۆ.

م/١٠: کۆمەڵەی نیشتمانی یەکەم کۆبونەوەی لەخولی یەکەمدا لەماوەی تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتیدا بەپێی مەرسومێکی کۆماری و بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی تیایدا، دەبەستێت و نابێت ئەم مادەیە لەیازدە ڕۆژ زیاتر لەو مێژووەی کەباسکراوە درێژ بکرێتەوە.

م/١١: ماوەی خولی کۆمەڵەی نیشتمانی بەچوار ساڵ دیاری دەکرێت، لەیەکەم کۆبونەوەیەوە دەستپێدەکات و بەکۆتایی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت و هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی تازە لە (٦٠) ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت لەمێژووی تەواوبوونی خولی ناوبراوەوە.

م/١٢: کۆمەڵەی نیشتمانی دوو خولی بەستراوەی ساڵانەی هەیە ماوەیان شەش مانگە یاسا چۆنێتی بەستنیان دیاری دەکات، خولی بەستنی کەموازەنەی گشتی تیا دەخرێتەڕوو تا پاش بڕیاردان لەسەری و چەسپاندنی کۆتایی نایە.

م/١٣:

أ-بۆ سەرەک وەزیران یا زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆمەڵەی نیشتمانی هەیە داوای درێژکردنەوەی خولی بەستنی بکەن بەمەرجێک لەشەش مانگ زیاتر نەبێت، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کەبۆتە مایەی درێژکردنەوەکە.

ب-بۆ سەرەک وەزیران یا زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆمەڵەی نیشتمانی هەیە، هەرچ کاتێک پێویستی کرد کۆمەڵە بۆ کۆبونەوەیەکی نائاسایی (استثنائی) بانگ بکەن، کۆبونەوەکەیش هەر تەنها بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانە دەبێت کەپێویستیان کردووە کۆبونەوەیان بۆ بکرێت.

م/١٤:

أ-نیسابی (ڕادەی یاسایی) بەستنی دانیشتنی کۆمەڵەی نیشتیمانی بەزۆرینەی ڕەها دەچەسپێ (نیوەی ژمارەی گشتی + ١).

ب-بڕیارەکان لەکۆبونەوەکانی کۆمەڵەی نیشتیمانیدا بەزۆرینەی سانا دەدرێن تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبن کە دەستور بەپێچەوانەوەی ئەوانەوە دەیچەسپێنێت.

م/١٥: کۆمەڵەی نیشتیمانی سەرۆکێک و دوو جێگر لەیەکەم خولیا بەهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و بۆ یەک قۆناغ هەڵدەبژێرێت بەپێی شێوەی زنجیرەیی و ژمارەی دەنگ بۆ هەریەکێکیان.

م/١٦: مافی پێشنیازکردنی پرۆژەی یاساکانی کۆمەڵەی نیشتیمانی لەئیشوکاری دیاریکراودا بەپێی مادەی (دەسەڵاتی حکومەتی ئیتیحادی) لەم دەستورە تەنها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانە یا بۆ ٢٥ ئەندام لەئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی یا چوار لەسەریەکیانە.

م/١٧:

أ-مافی پێشنیازکردنی پرۆژەکانی یاسای دارایی و یاسای موازەنەی گشتی، بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی، هەر تەنها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانە.

ب-بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی هەیە موناقەلە لەنێوان دەروازەکانی موازەنەی گشتیدا بکات و موجەملی مەبلەغی دابەزێنێت و لەکاتی پێویستیدا بۆی هەیە پێشنیازی زیادکردنی موجەملی مەبلەغی سەرفکردن بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکات.

م/١٨: کۆمەڵەی نیشتیمانی بڕیار لەسەر ڕاستاندنی (تصدیق) ئەو پەیماننامانە دەدات کەعێراق ئیمزایان لەسەر دەکات یا ئەو پەیماننامانەی کەدەیەوێ تیایاندا بەشدار بێت، ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش بەهەمان شێوە.

م/١٩:

أ-کۆمەڵەی نیشتیمانی بڕیار لەسەر ناردنی هێزی چەکدار بۆ دەرەوەی عێراق دەدات بەمەبەستی داکۆکیکردن بەپێی سێیەکی ئەندامان لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

ب-ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕەزامەندی خۆی لەسەر ناردنی هێزی چەکدار بۆ دەرەوەی عێراق دەرئەبڕێت بۆ بەشداریکردن لەهێزی پاراستنی ئاشتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی تەواو ئەویش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

م/٢٠: کۆمەڵەی نیشتیمانی بڕیار لەسەر دامەزراندنی هەریەک لە:

أ-دامەزراندنی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی ئەرکانی سوپای عێراقی لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

ب-دامەزراندنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی قەزای باڵا بەزۆرینەی ڕەهای دەنگ لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

ج-دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری (بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ) لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

د-کۆمەڵەی نیشتیمانی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەرۆکەکانی شاندی دبلۆماسی و شاندی چەسپاوو بەردەوام لەڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکاندا،

بۆ ل(١٣)